مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێكی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزیيە**
**دەستەيەك لە مامۆستايانی ئاينی دەری دەكات**

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾

(النساء:١)

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾.

(الأحزاب:٧٠/٧١)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

سەرووتار

# خاڵی گومڕا بوون لە ڕێگای ڕاست

سەرنووسەر

دەرچون لە سنورەکانی قورئان وسوننەت و تێگەیشتنی سەلەفی صالح:خڵی گومڕابوونە لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام ، وە خلیسکان و ڕێچکەیەکە بەرەو هەڵد یرێکی سامناك ، لە کاتێکدا خەیری بۆ ئوممەت تێدا نەبووە و هەردەم مایەی نەهامەتی ومالوێرانی بووە ، بەڵکو بووەتە هۆی بشێوی و لە کارخستنی بانگەوازی پیرۆزی ئیسلام و دروستکردنی چەندین ئاژاوەو دووبەرەکی و تێگچون و زیانی قورس لە موسڵمانان.

خوای گەورە لە کاتێکدا پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) نارد لە ناو نەتەوەکەیدا ئەوان موشریك بوون و دار و بەرد و بتیان دە پەرست ئەویش (صلی الله علیه وسلم) بە جوانی بانگی کردن بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنهای شایستە بپەرستن، قەومەکەی هەندێکیان وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوەو هەندێکی تریان کە شەیتان زاڵ بوو بوو بەسەریاندا بەرهەڵستی بانگەوازەکەیان کرد، پاشان پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) کۆچی کرد بۆ مەدینە و لەویٚ بانگەوازەکەی پەرەی سەندو گەیشتە چەندین شار و شوێن، هەرچەندە جولەکەو کلکەکانیان(مونافیقەکان) تەڵەکەیان بەکاردەهێناو کینەیان هەبوو.

پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ئوممەتەکەی لەسەر بەڵگەی ڕون و ئاشکرا بەجێهێشتووە ، شەوی وەك ڕۆژی ڕوناك وایە تەنها گومڕا و تیاچوو لە سنورەکانی دەردەچێت، بەم شێوەیە حاڵی موسڵمانان لەسەردەمی هەردوو خەلیفە (ابوبکر و عمر) بە ڕاست و دروستی بەردەوارم بوو، ئەو شتانەی خوای گەورە قەدەغەی کردبوون تیایدا ڕۆنەچون، ئیمامی (عثمان) دا تا ئەو کاتەی کۆمەڵێك لە سنور دەرچوو هەڵیان کوتایە سەری و هەوڵیاندا لەسەر دەسەلاَت لای بەن، ئەویش وتی:

بۆ ئێوە ئەو کراسە داناکەنم کە خوای گەورە لەبەری کردوم(1) ، بەلاَم بێسوود بوو ، ئەو کارە ناڕەوایەیان ئەنجامدا و گوشتیان و ئەو شتە ڕویدا کە پێغەمبەر(ص) هەواڵی پێداوین "اذا وقع السیف علی هذه الامة فلن یرفع عنها الی یوم القیامة".(2)

دوای ئەم کارەساتانە دوو تاقمی گەورە دروستبوون (الخوارج)و(الرافضة) بەهۆی گومڕابوونی ئەم دوو تاقمەوە، گومڕابوون لە بیرو باوەڕی ئیسلامی دەستی پێکردو بەردەوام مایەوە تا ئەم سەردەمەی خۆمان بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوندایە بە هۆی دووری خەڵك لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری ئازیزەوە(صلی الله علیه وسلم) ،

ئاشكرایه ئێمه له كاتێكدا دەژین كاری توندڕەویێتی تەشەنەی كردوەو بوەتـه نیشانەی ئـەم چـەرخە، كـەوابوو بزوتنـەوەی توندڕەویێتی بریتییـه لـه یـەكێك لـه بزوتنـەوە فیكرییـه ترسناك و كوشندەكان كه ڕوبەڕوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆتـەوە هـەر لـه هاتنیـەوە تاكو ئێستا.

بەڕاستی یەكـەمین شتێك پێویسته گەنجـەكانی لەسـەر پـەروەردە بكرێن، بریتییـه لـه عەقیـدە چـونكه عەقیـدە گـەورەترین بنەمایـەو یەكـەم ئـەركی پێغەمبـەران بـوە، پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هەموو بانكەوازیان كردووە بۆ ڕاست كردنـەوەی بیرو باوەڕی خەڵك بۆ ئەوەی كردەوە و هەڵس وكەوتی لەسەر بنیاتبنرێت.

**كـەوابوو پێویـسته پـەروەردەی لاوە خـوێن گەرمـەكان لەسـەر قورئـان و سـوننەت وتێگەیشتنی سەلەفی ساڵح** بنیات بنرێت، گەر هات و لاوەكان لـه سـەر ئـەم مەنهەجە پەروەردە بوون ئەو كاته نەوەیەك دروست دەبێت ئاینی ڕاستەقینەی خۆی دەناسێتەوە به هۆی ناسینەوەی بنەماكانی ئیسلام، نەك بنـەماكانی حزبایـەتی كـردن بـه ئیسلام كـه دژن به قورئان و سوننەت و خەڵكانێك دروست دەكەن: گومڕا له بیروباوەڕ و لاواز و سیست له كردەوە ، تەنها چەك ڕاكێشان له موسڵمانان و به كافردانانی ئەم و ئـەو و شۆڕش و تیرۆر و تەقینەوە و خۆپیشاندان دەزانێت.

==========================================

(1): انظر السنة للخلال (1/325-326) 418 و السنة لابن ابي عاصم 2/558-559 والمصنف لابن ابي شيبة (12/49) قال الالباني: اسناده صحيح على شط مسلم.

(2): جزء من حديث اخرجه ابو داود برقم (4252) و ابن ماجه (3952) والترمذي برقم (2202) واحمد في المسند (4/278,284) من حديث ثوبان قال الترمذي :هذا حديث حسن صحيح.

=====================

www.ba8.org
www.r-rast.com
www.salafikurd.com

1428 - 2007

# قورئان و ڕوون کردنەوەی
# ڕێگای ڕاست و ڕێگای خوار

نووسینی:ابن القیم الجوزیە                    وەرگێڕانی:محمد عبدالرحمن

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**خوای گەورە دەفەرموویێت:**

(وَكَذَلِكَ نفَصِّلُ الآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ )سورةالانعام:(55)

**واتە :هەر بەو شێوازە ئهیەت و نیشانەکان بە ووردی باس دەکەین بۆ ئەوەی ڕێگای تاوان باران ڕوون بێتەوە.**

**وە دەفەرموویێت :**( وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءتْ مَصِيرًا )سورة النساء:(115)

**واتە: هەر کەسێك سەرپێچی پێغەمبەر(صلی‌الله علیه وسلم ) بکات و پشت هەڵبکات لە فەرمانەکانی دوای ئەوەی ڕێگای ڕاستی هیدایەت و ڕووناکی بۆ ڕوون بووەوە، وە شوێنی ڕێبازێکی تر جگە لە ڕێبازی ڕاستی بڕواداران بکەوێت، ئەوا ئێمە لە دونیادا دەستی لێ بەر دەدەین و دەیدەینە دەست ئەوەی کە دوای کەوتووە ولە دوا ڕۆژیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخ و ئەوەش خراپترین ئاکامە.**

**خوای پایە بەرز لە قورئاندا بەووردی ڕێگای ئیمانداران وڕێگای تاوانبارانیشی ڕوون کردووەتەوە ، وەبە هەمان شێواز سەرئەنجامی ئەوان و ئەمانیش، وە کرداری ئەوان و ئەمانیش، وە دۆستانی ئەوان و ئەمانیش، وە یارمەتی دانی بۆ ئەوان و سەر شۆڕ کردن و ریسوا کردنی ئەمانیش، وە ئەو هۆکارانەش کە یارمەتی ئەوانی پێ داوە هەموو ئەمانەی بە ووردی لە قورئاندا ڕوون کردووەتەوە.**

**وە خوای پاك و بێگەرد ئەم دوو ڕێگایەی لە قورئاندا ڕوون و ئاشکرا کردووەتەوە بە شێوازێك کە دڵەکان بیان بینێت وەك چۆن چاو ڕووناکی و تاریکی دەبینێت.**

**جا زانایان بە خوا و کتێبەکەی ودینەکەی ڕێگای ئیمانداران و ڕێگای تاوانبارانیش بو ووردی دەناسن، وە هەردوو ڕێگایان بۆ ڕوون بووەتەوە هەر وەك چۆن بۆ ڕێبوار ڕوون دەبێتەوە: ئەو ڕێگایەی کە دەیگەیەنێتە مەبەستەکەی، وە ئەو ڕێگایەش کە بەرەو تیاچوون و فەوتان و نەمان دەبات.**

**وە ئەوانە زاناترینی بوونەوەرن، وە سوود مەندترینیانن بۆ خەڵك، وە ئامۆژگاری کەر و کار پوخت ترینی بوونەوەرن بۆیان، وە ئەوانە ڕێ پیشاندەر و ڕێ ڕووناك کەرەوەن.**

وە بەمە صەحابەو هاوەڵانی پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) هەڵکەوتن بەسەر هەموو ئەوانەی کە لە دونیادا هاتن تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە، چونکە ئەوان پەروەردە بوو بوون لە نێوان ڕێگای گومڕایی وشیرك و ئەو ڕێگایانەی کە ڕێبوار بەرو تیا چوون و نەمان دەبات و بە ووردی شارەزای ئەمە بوو بوون، ئەنجا پێغەمبەر(صلی‌الله علیه وسلم) هاتە ناویان و لە هەموو ئەو تاریکیانە دەریهێنان و بۆ هۆشمەندی و وورییایی ، وەلە ستەمەوە بۆ داد پەروەری، وە لە سەرگەردانی و کوێرەوەریەوە بۆ ڕێناسی و چاو ڕۆشنی ، بۆیە دەیانزانی ئەوەی ئەوان دەستیان کەوتووە تیایدا دەژین گەورە و پایەدار و بەنرخە، چونکە زانینی خراپی دژێك چاکێتی دژەکەی دەردەخات، وە ناسینی شت بە زانینی دژەکەی ڕوون دەبێتەوە، بۆیە صەحابە ویست و حەز و خۆشەویستیان زیاتر بوو بۆ ئەوەی کە گواسترانەوە بۆی کە پابەند بونە بە ئاینی پرۆزی ئیسلامەوە، وە سڵ کردنەوە و ڕقیان زیاتر بوو بۆ ئەو نەفامی و شیرکەی لێی گواسترانەوە و لە ناویدا بوون، وە لە هەموو خەڵك زیاتر خۆشەویستیان هەبوو بۆ تەوحید و ئیمان و ئیسلام، وەزیاتلر ڕقیان لە دژەکانیان بوو کە شیرك و کوفر و پشت هەڵکردن بوو لە ئاینی خوا، بۆیە صەحابە زانا و شارەزابوون بە هەردوو ڕێگای ڕاست و ڕێگای خواربە ووردی. بەڵام ئەوانەی لە دوای صەحابە هاتن، هەندێکیان لە ناوەندی ئیسلامدا پەروەردە بوو بوون، وە زاناو شارەزای دژەکەی نەبووە بە ووردی، بۆیە هەندێك لە دروشمەکانی ڕێگای ئیمانداران لەگەڵ ڕێگای تاوانباران لایان ڕوون و ئاشکرا نەبوو، چونکە تێکچوون و لە لا ڕوون نەبوون کاتێك ڕوو دەدات کە زانیاری لاواز ببێت بەهەردوو ڕێگای ڕاست و خوار یان بە یەکێکیان ، هەروەك چۆن پێشەوای ئیمانداران **عومەری کوڕی خەطاب** ( رضی الله عنه )دەفەرمووێت:**(انما تنقض عری الاسلام عروة عروة ، اذا نشأ في الاسلام من لم يعرف الجاهلية)**.

واتە: کاتێك گرێکانی ئیسلام هەڵ دەوەشێنەوە گرێ گرێ ، ئەگەر کەسانێك لە ئیسلامدت پەروەردە ببن و جاهیلیەت و نەفامی نەناسن.

وە ئەمەش لە تەواوی و کەماڵی عیلم و زانیاری عومەرە ( رضی الله عنە ) ، چونکە نەفامی و حوکمەکەی نەناسێت کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە پێچەوانەی ئەو ئاینە بێت کە پێغەمبەر (صلی‌الله علیه وسلم) پێی هاتووە ئەوا ئەو کەسە لە خەڵکانی نەفامێتیە وە دەدرێتە پاڵ نەفامی ، وە هەموو ئەوانەی پێچەوانەی ئاین و ڕێبازی پێغەمبەرن (صلی‌الله علیه وسلم) بەشێکن لە جەهل و نەفامی.

جا هەرکەسێك ڕێگای تاوانباران نەناسێت و بۆی ڕوون نەبێتەوە، ئەوا نزیکە زۆر بەپەلە وا گومان بە هەندێك لە دروشمەکانی ڕێگای تاوانباران ببات کە لە دروشمەکانی ڕێگای ئیمانداران بێت. هەر وەك چۆن لەناو ئەم ئوممەتەدا زۆر شتانێك ڕووی داوە لە بواری بیرو باوەڕ و زانست وکردەوەدا کە بەشێکە لە ڕێگای تاوانباران و کافران دووژمنانی پێغەمبەران، بەڵام خراوەتە ناو

ڕێگای ئیماندارانەوە بەهۆی کەسانێکەوە کە نەیان زانیوە ئەوانە بەشێکن لە ڕێگای ئەوان نەك بەشێك بێت لە ڕێگای ئیمانداران، وە ئەوانە بانگەوازیان بۆ کردووەو ئەوانەش کە سەرپێچیان کردبێت کافریان کردوون، وە ئەوەی کە خوا حەرامی کردووە لە خوێن ومالْ وناموسیان ئەوان حەلاڵیان کردووە،وەك چۆن ئەمە ڕووی داوە بۆ زۆرێك لە ئەهلی بیدعەو بیدعە چیەکان، لە:جەهەمیەیە وقەدەریە و خەوارج و رەوافض و هاوشێواز و هاو وێنەکانیان لەوانەی کە بیدعەیەکیان کردووەو ئەوانەش سەر پێچیان کردبێت بە کافریان زانیون.

**وەخەڵکی لەم بوارەدا چوار کۆمەڵن:**

**کۆمەڵی یەکەم:** ئەوانەی ڕێگای ئیمانداران و ڕێگای تاوانبارانیان بەووردی بۆ ڕوون بۆتەوە بە زانست و کردەوەشەوە، وەئەمانە زاناترین وشارەزا ترینی خەڵکن.

**کۆمەڵی دووەم:** ئەوانەی هەردوو ڕێگاکەیان لا ڕوون نیە بەهۆی کوێرەوەریەوە کە هاو شێواز و هاو وێنەی وولاَخ و ئاژەڵن، وە ئەمانە ئامادەی ڕێگای تاوانبارانن و تەنها ئەمەشیان گرتووەتە بەر.

**کۆمەڵی سێ یەم:** ئەوانەن کە تەنها گرنکی دەدەن بەشارەزابوونی ڕێگای ئیمانداران بێ ئەوەی هەوڵی شارەزا بوونی دژەکەی بدەن، جا ئەمانە شارەزای دژەکەین بە شێوەیەکی گشتی و سەرپێچی کاریەوە، وە ئەوەش کە پێچەوانەی ڕێگای ئیمانداران بێت ئەوا لایان پوچەڵ و بەتاڵە، ئەگەر چی بە ووردی تەصەوری نەکردبێت و لێشی تێنەگەیشتبێت، بەڵکو ئەگەر شتێك بیستێت لەو شتانەی پێچەوانەی ڕێگای ئیماندارانەوئەوا گوێی لێ ناگرێت و خۆی خەریك و مەشغوڵ ناکات بە تێگەیشتنیەوە و خۆشی بە زانینی ڕووی پوچەڵی ە بەتاڵیەکەیەوە خەریك و مەشغوڵ ناکات ، وە ئەمانە لە پلەی ئەوانە دان کە نەفس و دەروونیان سەلامەتە لە ڕوی ویستی شەهەوات وئارەزووەکانیانەوە، وە ویستی شەهەوات بە دڵیشیاندا نایەت، وە نەفسیشی هاندەری نیە بۆکردنی ،بە پێچەوانەی **کۆمەڵی یەکەمەوە**، چونکە ئەو کۆمەڵە شەهەواتەکان دەناسن و نەفسیشیان بۆ لای دەچێت،بەڵام جیهاد دەکەن و تێدەکۆشن بۆ تەرك کردن و وازهێنان لە شەهەواتەکان و بەرەنگاری کردنیان.

هەر لەم بارەیەوە بوو ئەو نامەیە کە نووسرا بۆ(عومەری کوڕی خە طاب) (رضی الله عنە) تیایدا پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئەم مەسەلەیە کە ئایا کامیان باشترە:

پیاوێك شەهەوات بەدڵی و مێشکیدا تێپەڕ نەبووبێت، یان پیاوێك نەفسی بۆ لای بچێت و داکۆکی بکات لەسەر وەدەست خستنی، بەڵام تەرکی دەکات و وازی لێ دێنێت لەبەر خوا؟

عومەریش (رضی الله عنە) لە وەلاَمدا نووسی:

ئەوەی نەفسی حەز لە تاوانەکان دەکات بەلاَم تەرکی دەکات و وازی لێ دەهێنێت لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە و مەزن ، ئەوە لەو کەسانەیە کە خوای پەروەردگار دەربارەیان فەرموویەتی:

(الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَى لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ) **سورة الحجرات:(3)**

**واتە: ئەوانی کە خوا دڵیانی تاقی کردووەتـەوە بـۆ دیاری کردنـی تـەقوا و لـە خـوا ترسـان، ئـەوا لێخۆشبوونی خوا و پاداشتێکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە.**

**هـەر بـە هـەمان شـێواز هـەر کەسـێك شـارەزا ببێـت بـە بیدعـەکان و شـیرك و هـاوەڵ بڕیـاردان و ناڕواییەکان و ڕێگاکانی ئەمانە،ئەنجا ڕقی لێیان بێت و لێیان بە ئاگا بێت و خەڵکیشیان لێ ووریـا بکاتـەوە و لـە خۆیـشی دوور بخاتـەوە، وە ڕێگـەش بـەوە نـەدات ڕووخـساری ئیمانەکـەی برینـدار بکات وبیرۆشێنێت، وە جێگەی شوبهەو گومان نەکاتەوە لە دڵیدا، بەڵکو بەهۆی ناسینی ئەمانەوە ڕووناك بیری و چاو ڕۆشـنی بەحـەق و خۆشەویـستی بـۆ حـەق زیـاتر دەبێـت، وە ناحـەز دەبێـت بەوانە ڕقیان لێ هەڵ ˇ دەگرێـت و سڵیـشیان لێ دەکاتــەوەو خــۆی للێیــان دەپــارێزێ:ئــەم کەسەباشترو چاك ترە لەو کەسەی ئەمانە نایەت بـە بیریـداو بـە دڵیـشیدا تێپـەڕ نابێت، چونکە ئەمـەیان هـەرکاتێك ئـەو شـتە خراپانـە بێـت بەسـەر دڵیـدا و تەصـەوری بکـات، ئـەوا ئـەم خۆشەویستی بۆ حەق و شارەزایی و زانیاری بە پلە و پایەی حەق و شادومانی وخۆشحاڵ بـوونی بـۆی زیـاتر دەبێت، بۆیـە بەمـە ئیمانەکـەی بـەهێزترو زیـاتر دەبێت. هـەر وەك چـۆن خـاوەنی شەهەوات و تاوانەکان هەر کاتێك بیرۆکەی کردنـی تـاوان و بـەجێهێنانی شـەهەوات بێت بەسـەر دڵیداو پشتی لێ هەڵبکات و ڕوو لە دژەکەی بکات، کەچی ئەو خۆشەویـستی بـۆ دژەکـەی و حـەزو ویستی بۆی زیاتر دەبێت و زیاتر بە دوایدا دەگەڕێت و سووریش دەبێت لە بەدەست هێنانی.**

**بۆیە خوای پاك وبێگەرد بەندی ئیمانداری خۆی تاقی نەکردووەتەوە بە خۆشویستنی شـەهەوات و تاوانـەکان و نەفسیـشی بـۆلا بـڕوات:تـەنها بـۆ ئـەوە نـەبێت کـە بـەهۆی ئـەم تاقیکردنەوەیـەوە بەرەو خۆش ویستنی لەمانە باشتری ببات و لەمانەش چاکتر و سوود مەند تر و بەردەوامتر بێت بۆی، وە بۆ ئەوەی کە کەتێبکۆشێت جیهاد بکات لەگەڵ نەفسیدا لەسەر وازلێهێنانی لەبەر خـوای پاك و بێگەرد، وە ئەم تێکۆشان و جیهادەوای لێدەکات بگات بەخۆشەویـستی پایـە بـەرزی خـۆی، وە هەر کاتێك نەفسی بەرەو لای شەهەوات بیبات حەزو ویستی و شەیدا بوونی بۆی بەهێز بـوو، ئەوا ئـەو شـەیدا بـوون و ویـست و خۆشەویستی‌یە ڕوو وەردەگێڕێـت بـۆ جـۆرێکی تـر ی بـەرزو بـەردەوام، بۆیـە گـەڕانی بـە دوایـدا بـەهێز دەبێـت، وە بەتـەواوی سـوور دەبێـت لەسـەری، بـە پێـچەوانەی ئـەو نەفـسەی کـە سـاردو بەتاڵە لەمانـە، چونکە ئـەم نەفـسە ئەگـەر چـی بـە دوای بـەرزتردا دەگـەڕێت، بـەڵام لـەنێوان ئـەم دوو داواکاریانـەدا جیاوازیـەکی زۆر گـەورە هەیـە، ئـەی نابینیـت ئـەو کەسـەی بەسـەر پـشکۆو دڕکـدا دەچـێت بـۆ لای خۆشەویـستەکەی گـەورەترە لـەو کەسەی بەسواری باشترین وولاخ دەچێتە لای !**

**بۆیە ئەو کەسەی خۆشەویستەکەی هەڵدەبژێرێت لەگەڵ بوونی بەربەرەکانێتی نەفسدا وەك ئەو کەســە نی‌یەکــە هــەڵی دەبــژێرێت لەگــەڵ نــەبوونی ئــەو بەربەرەکانێـدا بــۆ هەڵبــژاردنی خۆشەویستێکی تر، کەواتە خوای پاك و بێگەرد کەبەندەکەی تاقی دەکاتـەوە بـە شـەهەوات: یان**

بۆئەوەی  کە ڕێگری بێت لە کەیشتن بەخوا، یان بۆئەوەیە کە ببێت بە پارێزەرێك بۆگەیاندنی بە ڕەزامەندی و لێنزیکی و بەدەست هێنانی ڕێز لێنانی خوای پەروەردگاری.

**کۆمەڵی چوارەم:** کۆمەڵێکن ڕێگای خراپ و بیدعەکان وکوفرو بێباوەڕی بە ووردی دەناسن، وە ڕێگای ئیمانداارانیش بە شێوازێکی گشتی دەناسن، وەئەمەش حاڵی زۆربەی ئەوکەسانەیە کە گرنکیان داوە بە بیرو باوەڕ و بۆچوون و ووتەی ئوممەتانی تر وبیدعەکاران، بۆیە ئەم شتانە بە ووردی دەناسن، کەچی ئەو ئاینەی کە پێغەمبەر (صلیالله علیه وسلم) پێ ی هاتووە بە ووردی ناناسن، ئەگەر چی هەندێك شتیشیان بە ووردی بۆ ڕووە بوەتەوە، وەکەسێکیش بڕوانێتە نووسراوەکانیان ئەوا بەچاوی خۆی ئەم ڕاستیە دەبینێت.

هەروەها ئەو کەسەی شارەزایە بە ڕێگاکانی خراپە و ستەم و فەساد و گەندەڵکاری بە ووردی، ئەوە ئەم ڕێگانەشی گرتووەتە بەر، ئەم کەسە ئەگەر تەوبە بکات و بگەڕێتەوە لەو ڕێگایانە بۆسەر ڕێگای چاکەکاران، ئەوا زانیاری بەم ڕێگایە گشتی دەبێت و زانیاریەکەی وورد نابێت وەك زانیاری ئەو کەسەی تەمەنی بەسەر بردووە لە ئەنجام دان و گرتنە بەری ئەو ڕێگایە.

**وەمەبەست ئەوەیە:** کە خوای پاك و بێگەرد ئەوەی خۆش دەوێت کە ڕێگای دوژمنانی بناسرێت بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە و ڕقی لێی هەڵبسێت، وەك چۆن ئەوەی خۆش دەوێت کە ڕێگای دۆستەکانی بناسرێت بۆ ئەوەی خۆشویستراو بێت و بگیرێتە بەر.

وە لەم ناسین و شارەزابوونە چەندین سوود و نهێنی هەیە کە جگە لە خوا کەسێکی تر لێی بە ئاگا نیە، وەك ناسینی پەروەردگارێتی و دانایی خوای پاك و بێگەرد بە گشتی، وە زانینی تەواوی و کەماڵی ناو و سیفەتەکانی خوا و پەیوەستبوونی بە پەیوەست بووەکانیەوە، وەگرتنە بەری شوێنەوارو پێویست بووەکانی، وە ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر پەروەردگارێتی و دەسەڵات دارێتی و خواوەندێتی و خۆشەویستی ورق لێ بوون و پاداشت و سزاکانی خوای گەورە.

**وەخواش زاناترە.....**

===================

www.ba8.org
www.r-rast.com
www.salafikurd.com

1428  -  2007

# حەدیسی (أُمُ سُلَیمْ) و چەند پەندو ئامۆژگارییەك

ئامادەکردنی :کامران خالد

ئەنەسی کوڕی مالك –خوای لێڕازی بێت– دەفەرموێت :

((مالك باوکی ئەنەس بە خێزانەکەی خۆی (ام سلیم) ی ووت –کەدایکی ئەنەسە– ئەم پیاوە مەی حەرام دەکات (مەبەستی پێی پێغەمبەرەﷺ )، جا لە ماڵ دەرچوو کەوتەڕێ تا گەیشتە شام لەوێ مرد ، (ابوطلحة) هات خوازبێنی (ام سلیم)ی کرد ، وە لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ (ام سلیم) کرد ، ئەویش فەرمووی : ئەی (ابو طلحة) ! وێنەی تۆ ڕەت ناکرێتەوە ، بەڵام تۆ پیاوێکی کافرو بێ باوەڕی ،وەمن ئافرەتێکی موسڵمانم بۆ من درووست نییە شو بە تۆ بکەم !فەرمووی: ئەمە هەوڵ و خواست و ویستی تۆ نییە ! فەرمووی ئەی چی هی منە؟ فەرمووی: زەردو سپی (واتە :زێڕو زیو) ؟ فەرمووی: من نە زەرد و نەسپیم دەوێت، من ئیسلامم لە تۆ دەوێت[گەر تۆ موسڵمان بیت ئەوە مارەییەکەی منە ، وە من داوای جگە لەوەت لێ ناکەم] فەرمووی: کێهەیە بۆ ئەمە؟ ، فەرمووی: پێغەمبەری خواﷺ هەیە بۆ ئەم کارە، جا ئەویش کەوتە ڕێ بە مەبەستی گەیشتن بە پێغەمبەرﷺ ، لەو کاتەدا پێغەمبەری خواﷺ لە نێو هاوەڵانی دانیشتبوو، کاتێك (ابو طلحة)ی بینی فەرمووی : (ابو طلحة) هات بۆ لاتان سەرتای ئیسلام بە نێوچەوانێوەیەتی ، ئەویش ئەوەی (ام سلیم) پێی ووتبوو بە پێغەمبەری خوایﷺ ڕاگەیاند ، جا لەسەر ئەوە خواستی .

ثابت ی بونانی (یەکێکە لەو کەسانەی کە چیرۆکەکە لە ئەنەس دەگێڕێتەوە) دەفەرموێت: تاکو ئیستا هەواڵ نەگەیشتوە بە ئێمە مارەییەك لەم مارەییە مەزن تر ، ئەو رازی بوو بەوەی کە ئیسلام مارەییەکەی بێت ، جا ئەویش خواستی، وە ئەو ئافرەتێکی چاو جوان بوو کەمێك

بچوکی تێدابوو ، وە ئەو (ام سلیم) لەگەڵی دابوو تا منداڵێکی کوڕی لێ بوو ، (ابو طلحة) ئەو کوڕەی زۆر خۆش دەویست ، وە منداڵەکە نەخۆش کەوت[نەخۆشیەکی زۆر بەتین ] ، (ابو طلحة)لە بۆ نەخۆشیەکەی سست و مات و بێ تاقەت بوو ، [ (ابوطلحة) هەڵدەستا بۆ نوێژی بەیانی دەستنوێژی دەشت ، دەهات بۆ لای پێغەمبەرﷺ نوێژی لەگەڵدا دەکرد ، وە لە گەڵیدا دەبوو تا نزیکەی نیوە ڕۆژ ، وە دەهات نیوەڕۆ خەوی (قەیلولە) ی دەکردو نانی دەخوارد ، جا کاتێك کاتی بانگی نیوەڕۆ بهاتایە خۆی ئامادەدەکرد و دەچوو بۆ مزگەوت ، نە دەگەڕایەوە تاکو کاتی شێوان ] جا عیشایەکیان (ابو طلحة) چوو بۆ لای پێغەمبەرﷺ (وە لە ڕیوایەتێکی تردا : بۆ مزگەوت )،وەلەو کاتەی ئەو چوو منداڵەکەی مرد ، جا (ام سلیم) فەرمووی: هیچ کەسێك هەواڵی مردنی کوڕەکەی پێ ڕانەگەیەنێت تاوەکو خۆم پێی ڕانەگەیەنم ، جا منداڵەکەی ئامادە کرد [ پۆشاکێکی دا بەسەریا ]، وە دای نا [ لە گۆشەی ژورەکە]، (ابوطلحة) کە گەڕایەوە لای پێغەمبەری خواﷺ هاتە ژورەوە بۆ لای (ام سلیم) [وە کۆمەڵە خەڵکانێك لە ئەهلی مزگەوت لە هاوەڵانی لە گەڵیدا بوون]، فەرمووی کوڕەکەم چۆنە؟ ووتم : ئەی (ابو طلحة) لەو ڕۆژەوەی کە نەخۆش کەوتووە هیچ ڕۆژێکیان بە قەدەر ئەمڕۆ بێ دەنگ نییە [وە تکام وایە ئیسراحەتی کردبێ!] وە خواردنی شێوانی بۆ هێنان ، [ وە بۆیانی نزیك کردەوەو نانیان خواردو خەڵکەکە چونە دەرەوە] ،[ فەرمووی: (ابو طلحة)هەستا بۆ سەر جێگەکەی خۆی و سەری دانا (لە سەر سەرینەکەی)] ، پاشان (ام سلیم) هەڵسا خۆی بۆن خۆش کرد ، [ وە خۆی ڕازاندەوە بۆی باشتر لە جاران]، [پاشان هاتوو چۆیە ناو جێگاکەی لە گەڵیدا ، ئەویش هەر ئەوەندەی کاتێك بۆنی کرد ئەوەی کرد کە هەموو پیاوێك لە گەڵ خێزانی خۆی دەیکات]،[ کاتێك کۆتایی شەو داهات ]فەرمووی: (ابو طلحة)گەر قەومێك شتێکی خۆیان بدەنە لای قەومێك بە خواستن (اعارة) پاشان داوایان لێ بکەنەوە بۆیان هەیە نەیان دەنەوە؟ فەرمووی نەخێر ، ئەویش فەرمووی: دە خوای

گەورە کوڕەکەی بە خواستن (اعـارة) داوە پێــت و بردێــوە بــۆ لای خــۆی ، ســا چاوەڕوانی پاداشت بە لە خواو ئارام بگرە ، ئەویش توڕە بوو پاشان فەرمووی: وازت لێهێنام تا ئەوەی کـردت لـە گـەڵما کـردت ئــەمجا هــەواڵی مردنــی کوڕەکــەم پــێ دەدەیت ؟ [ پاشان فەرمووی : إنا لله وانـا الیــه راجعــون،و ە ســو پــاس و حەمــدی خــوای گــەورەی کـرد ]،[ کاتێـك هەڵسـا غوسڵی دەرکـرد]و بـەڕێ کـەوت بـۆ لای پێغەمبــەری خــواﷺ [ نوێــژی بــەیانی لەگەڵدا کرد]ئەمجا هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند ، پێغەمبەری خوایشﷺ فەرمووی : خوای گــەورە بەرەکــەت بخاتــە ئــەو شــەوەی بەســەرتان بـرد ، ئـەویش (ام سـلیم) بـەم دووعایــەی پێغەمبــەر ﷺ سـکی کـرد، وە زۆر جــار (ام ســلیم) ســەفەری لەگــەڵ پێغەمبـەرداﷺ دەکرد، لەگەڵیدا لـە شـار دەردەچوو کاتێك دەربچوایە ، وە لەگەڵیدا دەهاتــەوە شــار گــەر بهاتبایەتــەوە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : گەرمنداڵی بوو منداڵەکەیم بۆ بێنن،[ دەفـەرموێت : پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە ســەفەرکەیدا ئەویشــی لەگەڵــدا بــوو ، وە پێغەمبــەری

خواﷺ هەرکاتێك لە سـەفەرێك بهاتەیـەوە بۆ مەدینە بە شەو نەدەهاتە ناوێوە تا ڕۆژ دەبوەوە ،جا نزیك بوونـەوە لـە مەدینـە ، (ام سـلیم) تووشـی ئـێش و ئـازاری منـداڵ بــوون بــوو ،(ابــو طلحــة)بــە بۆنــەی (ام سلیم)ەوە دواکەوت، (ابو طلحة) فـەرمووی : ئەی پـەروەرگار تـۆ دەزانـی کـە مـن زۆر خۆشــحاڵم بــەوەی دەرچــم لەگــەڵ پێغەمبەرەکەتـدا گـەر دەرچـوو ،وە بچـمە ژورەوە گەر چۆیە ژورەوە ، وە من بەوەی دەیبینـــی دواکـــەوتووم، (ام ســـلیم) فەرمووی: ئەی (ابو طلحة) ئەوەی هەسـتم پێ دەکرد (لە ئێش و ئازاری منداڵ بـوون) نــەما ، جــا هــەردوکیان بــەڕێ کــەوتن ، جـارێکی تـر ئـێش و ئـازارو ئەشـکەنجەی منداڵ بوون لێی دایەوە کاتێك گەیشتنەوە مەدینە] وە کوڕێکیان بـوو ،(ام سـلیم) بـە ئەنەسی کوڕی ووت :[ئـەی ئەنـەس! ئـەو منداڵە هیچ شتێك نـاخوات تـاکو نەیبەیتـە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ] ، [ وە لەگەڵیـدا چــەند دەنکــە خورمایــەکی نــاردبوو ]، منداڵەکـە ئـەو شـەوە مایـەوە بـەردەوام دەگریا ، وە منیش مامەوە ئەو شـەوە بـە دیاریەوە (نەخەوتم) ، چاودێریم دەکـرد تـا

ڕۆژ بۆیەوە ، [ئەمجا کەوتمەڕێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ] ،[ تەماشام کرد ئەو فەرەنجیەکی بە سارشانەوە بوو ]، نیشانی مەڕ یان وشتری دەکرد [ کە بۆیان هێنا بوو{ ،کاتێك تەماشای کرد، بە ئەنەسی فەرموو: کچەکەی (ملحان)منداڵیبوو ؟ووتم : بەڵێ :[ فەرمووی: پەلە مەکە تالێ دەبمەوە]، ئەنەس دەفەرمووێت:ئەوەی بەدەستیەوە بوو فڕێی دا ، وە منداڵەکەی لێ وەرگرتم و فەرمووی:[ هیچ شتێکت پێیە ؟ووتم بەڵێ ، چەند دەنکە خورمایەك]، جا پێغەمبەر ﷺ [هەندێك]خورمای وەرگرت [و جاویانی ،پاشان لیکەکەی کۆ کردەوە]،[و دەمی (منداڵەکە)یکردەوە ، خستیە ناو دەمی] و بە پەنجەی مەلاشووی منداڵەکەی شیرین کرد ، وە منداڵەکەش دەستی بە لێسینەوەی دەم و پلی خۆی کرد ، [هەندێك لە شیرینی خورماکەی دەمژی وە لیکەکەی پێغەمبەری خوایش ﷺ ]، وە یەکەم شت کە ڕیخۆڵەی ئەو منداڵەی کردەوە لیکەکەی پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ، ئەم جا فەرمووی : بڕوانە خۆشەویستی ئەنصارەکان بۆ خورما[ئەنەس دەفەرمووێت:ووتم :ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی لێنێ، دەفەرمووێت: ] [ جا دەم و چاوی سڕیەوە] وناوی نا عبداللە،[ وە لەدوای ئەم هیچ گەنجێك نەبوو لە ئەنصارەکان لەم چاکتر بێت] ،[دەفەرمووێت: جا کۆمەڵە پیادەیەکی زۆری لێ دەرچوو، وە (عبداللە)لە وولاتی فارس شەهید بوو]).

ئەم حەدیسە(الطیالسي) بە ژمارە (٢٠٥٦) دەیگێڕێتەوە وە سیاقی حەدیسەکە هی ئەمە ، وە لە ڕێگای ئەمەوە بەیهەقی (٤/٦٥-٦٦)، وە ئیبن و حیبان (٧٢٥) وە ئەحمەد (٣/١٠٥-١٠٦، ١٨١، ١٩٦، ٢٨٧، ٢٩٠) دەی گێڕنەوە وە

هەموو زیادەکان هی ئەمە وەباسی دێت.

وە (البخاری)(٣/١٣٢-١٣٣) وە مسلم (٦/١٧٤-١٧٥) دەیگێڕنەوە بەکورتی تەنها باسی وەفاتی منداڵەکە دەکات ، وە النسائي (٢/٨٧) بەشێ لە یەکەمەکەی دەگێڕێتەوە ، وەزیادەی یەکەم هی ئەمە وە زیادەی شەشەم و هەشتەم و پانزەیەم و شانزەیەم هی (بخاری) یە ، وە

نۆزدەهەم و بیست و دووەم هی (مسلم)ە، وەئەوی ترهی ئەحمەدەوەك باسمان کرد.

وە ئـــەم حەدیســـە شـــیخ البـــانی – رەحمـەتی خـوای لێ بێـت– بـەم شـێوەیە سـەرجەم لـەفزەکانی کۆکردۆتـەوە لـە پـەرتوکی زۆر بـەنرخی خـۆی (احکـام الجنـائز) ل۳٥–۳۸ وە دەفـەرمووێت: مـن بایـەخم داوە بـەم حەدیسـە بایـەخێکی تایبەتی بە کۆکردنەوەی ڕیوایەتەکانی ئەم چـیرۆکەو لـەفزەکانی ، لەبـەر گـەورەیی و شـکۆیەتی ڕووداوەکـە ، وەبـۆ ئـەوەی خوێنـەر فیکرەیـەکی گشـتی ڕاسـت و دروسـتی لێ وەربگرێـت ، وەبـەم کۆکردنەوەیە پەندو ئامۆژگـاری و سـوودی تەواو دروست دەبێت.

وەلـەم چـیرۆکەدا کـە ئەنـەس بۆمـان دەگێڕێتـەوە کۆمەڵـە سـوودیکی تێدایـە هەندێکیان (حافظ) ئیبن وحجر باسی لێوە کردوە لە(الفتح)دا (۵۲۲/۳) جا بۆ ئـەوەی پـەنـد و ئامۆژگاریـەکان زیـاتر ڕوون ئاشـکراتر بێـت لەچـەند خـاڵێکی کورتـدا باسیان لێوە دەکەین:

١– دروستە بۆ ئافرەت جگە لە زێڕو زیوو بکات بە مارەیەکەی خۆی.

٢–لێرەدا فەزڵ و گەورەیی (ام سلیم) مان بۆ دەردەکەوێت لـەوەی کـە ئامادەیـە لـە مارەیی زێڕو زیو خۆش بێت و تەنانەت بۆ شووکردن پـێ تـەنها بـە ئیسـلام بـوونی ڕازی بێت، وەئەمە گەورەترین و مەزنترین مارەییـیـە وەك (ثـابتی بنـانی) دەفـەرمووێت: لەبەرێـدا مـارەیی وامـان نەبیستووە .

٣–ڕەوانـەکردنی بانگـەواز کـراو بـۆ لای کەسـێکی زانـاو شـارەزاتر بـۆ ئـەوەی بەڵگـەکان زیـاتر و جوانتربـۆ ڕوون بکاتەوە .

٤–دروستی وەرگرتن بەتونـدی واز هێنـان لە ڕووخسەت پێدراو لەگەڵ بوونی توانا.

٥–دڵ دانـەوە لـەکاتی موصـیبەت وەك لەوێدا (ام سلیم)کردی لەگەڵ (ابو طلحة).

٦–دروستە ئافرەت خۆی برازێنێتـەوە بـۆ مێردەکەی تەنانەت لەکاتی مردنـی جگـەر گۆشەکەی و ماتەمی بۆنەگێڕێت، وەئەمـە بۆ هەردوو لایان بەسوود ترو چاکترە.

٧–وە دروسـتە بـۆ ئافرەتەکـە کەسـەر جێ بخوازێت لە مێردەکەی.

٨–وە دروسـتە ئـافرەت هـەوڵ و کۆشـش بکات بۆ کاری بەرژەوەندیەکانی خۆی.

٩–وەدروستە پێشنیاری خەیاڵاوی بخاتە ڕووی گەر پێویستی کرد، بەمەرجێك مافی موسڵمانێك بەفیڕۆ نەدات.

١٠–هەروەها لەم چیرۆکەدا ئەوپەڕی صەبر و ئارامی و تەسلیم بوون بە قەدەری خوامان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها ژیری و دانایی (ام سلیم) مان بۆ دەردەکەوێت لە چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ خاوەن موصیبەت دا .

١١–لەم چیرۆکە ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە کاتێ و یستمان هەواڵی موصیبەتێك بدەین بە کەسێك کە تووشی موصیبەت بووەو نایزانێت پێویستە ڕەچاوی بکەین بەشێوەیەك پێی بڵێین کە دڵی دانەخورپێنین.

١٢–هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کاتێ خوای گەورە بەڕاستی نیەت پاکی (ام سلیم)ی زانی بەمەبەستی خۆی گەیاند و نەوەیەکی صالحی پێبەخشی .

١٣–وە خوای گەورە وەڵامی دووعاکەی پێغەمبەرەکەی ﷺ دایەوە. وە هەرکەسێك لەبەر خوا دەست لەکارێك هەڵگرێت خوای گەورە بەشتێکی باشتر بۆی پڕدەکاتەوە.

١٤–وە ئەو سوننەتەی تێدایە گەر کەسێك لەسەفەر گەڕایەوە بەشەو نەداتە سەریانا چاوەڕوان بێت تا ڕۆژیان لێ دەبێتەوە.

١٥–سوننەتە دەمی منداڵ شیرین بکرێت ، وە باشتر وایە بەخورما بێت .

تێبینی: منداڵی یەکەم کە مرد (ابوعمیر)بوو کە پێغەمبەر ﷺ گاڵتەو گەپی لەگەڵدا دەکرد و دەیووت پێی :(یا ابا عمیر ماذا فعل النغیر).

**وصلی الله علی محمد و علی اله و صحبه أجمعین**

# ٣ ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی بەدەست هێنانی خۆشەویتی خوا

موسـڵمانی بـەڕێز... وا لـە بەشـی سـێیەمی ئـەم بابەتـەدا بەیـەك دەگەینەوە، کە تایبەتە بە خستنە ڕووی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هـۆی بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار.

بێ گومان ئـەو هۆکارانـە زۆرن و زۆریشـیان لـە بـارەوە نوسـراوە، بـەڵکو زانایـان وەك کـاری شـەوانە و ڕۆژانـەی بـڕواداران نەخشـەیان بـۆ جێبەجێکردنیداناوە لە ژێر ناوی (عمل الیـوم و اللیلـة)دا چـەندەها نوسـینیان نوسـیوە و خسـتویانەتە بـەردەمی موسڵمانان بۆ ئەوەی کاتـەکانی شـەوگار و ڕۆژگـاری ژیانیـانی پـێ ئـاوەدان بکەنەوە.

باسـکردنی ئـەو هۆکارانـە و ڕێکخستنیان و بە نەخشـەکردنیان و دان بـەخۆداگرتن و ئـارامگرتن لەسـەر جێبـەجێکردنیان کـارێکی هـەر زۆر پێویستە لە ژیانی مرۆڤی موسڵماندا.

خوای گەورە لە سورەتی (الفرقـان)دا ئایەتی (٦٢) دەفەرموێت:

[وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُوراً][1]،

واتە: هەر ئەو خوایەیە کە شـەو و ڕۆژ بە دوای یەکتردا دەهێنێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت پەند و ئامۆژگاری وەربگـرن و یـادی پـەروەردگاریان بکـەن و هـەر کارێکیان لە شـەودا لـە دەسـت چـوو لـە ڕۆژدا بیگێڕنەوە یـان لـە ڕۆژ لێی بێئاگا بـوون لەشـەودا ئـەنجامی بـدەن، وە هەردەم لە خزمـەتی خـوای خۆیـاندابن و بردەوام سوپاس کاربن.

ئەگەر بـە ووردی سـەرنج لـەم ئایەتـە پیرۆزە بـدەین، دەبیـنین لـە ناوەڕۆکیـدا خـوای گـەورە داوای کـاری بـەردەوامی شەوانە و ڕۆژانەمان لێ دەکات، وە یەکێك لە گەورەترین نیعمەتـەکانی لـە سـەرمان ئەوەیە کە ژیانی بەندەکانی خۆی دابەش کردووە بەسەر شەو و ڕۆژدا و ژیانیان بە بەردەوام بۆ نوێ دەکاتەوە و ئاگاداریـان دەکاتەوە کە هۆشمەندبن و پارێزگاری لە

[1] {سورة الفرقان:٦٢}.

کاتی خۆیان بکەن و بە شتی بێ سوود و بێ نرخەوە خۆیان خەریك نەکەن.

جا لەبەر ئەوە وا پێویستە کە هەموو موسڵمانێك نەخشە بۆ ژیانی خۆی دابڕێژێت، چونکە نەخشەدانان موسڵمان لە بێ ئاگایی دوور دەخاتەوە و پەیوەندی نێوان خۆی و پەروەردگاری بەهێزتر دەکات، لەبەر ئەوە وام بە باش زانی دوای باس کردنی ئەو هۆکارانە کورتە نەخشەیەك بخەمە بەر دەستی برایان و خوشکانی موسڵمانم، هەتا ئەگەر هەر برایەك یان هەر خوشکێك نەخشەیەکی بۆ خوا دانەنابێت، ئەوا بیری لێ بکاتەوە و نەخشەی شەوانە و ڕۆژانە بۆ خۆی دابنێت و جێبەجێی بکات.

جا ئێستا بابچینە سەر ئەو هۆکارانە و یەك بە یەك باسیان لێوە بکەین:

١- خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و تێگەیشتن لە واتاکانی.

ئیمامی (إبن رجب) ڕحمەتی خوای لێ بێ دەفەرموێت: لە گەورەترین ئەو هۆکارانەی کە خۆشەویستی خوای گەورە دێنێتە بەرهەم خوێندنەوەی قورئانە بە تێگەیشتنەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ [٢]

واتە: ئەوە بۆ لە قورئان وورد نابنەوە بۆ سەرنجی نادەن، بۆ تێی ناگەن، خۆ ئەگەر وورد ببینەوە لێی ئەوا ڕێگای ڕاست وەردەگرن و بەهرەمەند دەبن، بەڵام چونکە ئەوان نایانەوێت لێی تێبگەن و لێی ووردببنەوە بەڵکو پشتیشی تێدەکەن ئەوا خوای گەورەش دڵی داخستون و بەهرەمەندی نەکردوون بەو شکۆمەندیيە.

وە هەروەها دەفەرموێت:

﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [٣]

ص:٢٩. واتە: قورئان کتێبێکە خۆمان ناردوومانەتە خوارەوە وە زۆر پیرۆزە و بە فەڕو بەبەرەکەتە و پیرۆزی و بەرەکەتی ئەو قورئانە هەموو شتێکی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی ئایەتەکانی تێبگەن و سەرنجی لێ بدەن و لەگەڵیدا ژیان بەسەربەرن و لێی سوودبەخش ببن وە بۆ ئەوەی کەسانێك کە خاوەنی هۆش و بیرن پەند و ئامۆژگاری لێ وەربگرن و بیکەنە پەیوەندی نێوان خۆیان و خوای پەروەردگاریان و هەمیشە لە یادی ئەو پەروەردگارەدابن.

[٢] {سورة محمد:٢٤}.
[٣] {سورة ص:٢٩}.

کەواتە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە دڵی پێوە خەریك بکرێت و لەگەڵ هەر ئایەتێکدا مافی خۆی بدرێتێ.

عن حذيفة(ﷺ) قال: صليت مع النبي (ﷺ) ذات ليلة، ثم مضى، فقلت يصلي بها في ركعة، فمضى، فقلت: يركع بها، ثم أفتتح النساء، فقرأها، ثم أفتتح آل عمران، فقرأها، يقرأ مترسلاً، إذا مر بأية فيها تسبيح سبح، و إذا مر بسؤال سأل، و إذا مر بتعوذ تعوذ[٤].

واتە: حوذەیفة(ﷺ) فەرمووی: شەوێك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) نوێژم دەکرد، سورەتی (البقرة)ی دەست پێ کرد، منیش ووتم لە ئایەتی سەدهەمیندا رکوع دەبات، پاشان بەردەوام بوو، منیش وتم لەوانەیە لەیەك ڕکاتدا هەموو سورەتەکە بخوێنێت، پاشان هەر بەردەوام بوو، وە سورەتی (النساء)ی دەست پێ کرد پاشان سورەتی (آل عمران)یشی دەست پێ کرد، جا زۆر لەسەر خۆش دەیخوێندەوە، ئەگەر بە ئایەتی (تسبیح)دا بڕۆشتایە دەیگوت (سبحان الله)، وە ئەگەر بە ئایەتی داواکردندا بڕۆشتایە، داوای دەکرد وە ئەگەر بە ئایەتی پەناگرتندا بڕۆشتایە پەنای بە خوا دەگرت.

هیچ شتێك وەك قورئان سوودبەخش نییە بۆ ژیانەوەی دڵەکان بەمەرجێك بە ووردی و سەرنج لێدانەوە بخوێندرێتەوە، جا ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە چ بەهرەمەندییەك لەو خوێندنەوەدا هەیە خۆیان تەنها بە قورئانەوە خەریك دەکرد.

مرۆڤی موسڵمان کاتێك کە قورئان دەخوێنێتەوە بە ووردی بەلای هەر ئایەتێکدا بڕوات کە سارێژکەری دڵی بێت ئەوا هەر دوبارەی دەکاتەوە ئەگەر سەد جاریش بێت.

خوێندنەوەی ئایەتێك بە تێڕامانین و سەرنج دان زۆر باشترە لە خوێندنەوەی هەموو قورئان بەبێ ووردبوونەوە، جا ئەوە کاری پێشین بوو ڕەحمەتی خوایان لێ بێت، جاری وابوو یەك ئایەتیان هەتتا بەیانی دووبارە دەکردەوە.

عن أبي ذر(ﷺ) قال: قام النبي(ﷺ) حتى أصبح بآية،

و الآية: ﴿إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾[٥][٦].

---

[٤] اخرجه : مسلم(٧٧٢).

[٥] {سورة المائدة:١١٨}.

[٦] (صحيح أبن ماجة١١٠).

واتـــە: ئـــەبو ذەر(ﷺ) دەفـــەرموێت: شـەوێك پێغەمبـەر(ﷺ) هـەتا بـەیانی بـە تەنها ئایەتێکی خوێنـدەوە. ئایەتەکـەش ئەمە بوو: (إن تعذبهم... ).

ئیمـــامی (ابـــن القـــیم) دەفـــەروێت: خوێندنـەوەی قورئـان بـە تێڕامـان لێی بریتییە لە بناغـە و بنچینەی چاکسـازی دڵان.

وە هەروەها دەفەرموێت: ئەوانەی کە ئەهلی قورئانن ئەوانەن کە لێی شـارەزان و کـــاری پـــێ دەکـــەن، ئەگەرچـــی لەبەریشیان نـەکردبێ، بـەڵام ئـەوەی کـە لەبەری کردبێ و تـێی نەگەیشـتبێت، وە کاری پێ نەکردبێ ئەاو لە ئەهلی قورئـان نـیـە ئەگــەر زۆر بەباشــیش لەبــەری کردبێت.

عـــن أنـــس(ﷺ) قـــال: قـــال رســـول الله(ﷺ): ((أن لِله أهلين من الناس)) قالوا يا رسول الله! مـن هـم؟ قـال: ((هـم أهـل القرآن، أهل الله و خاصته)) صـحيح أبـن ماجة١٧٨.

واتــــە: ئەنــــەس(ﷺ) فــــەرموی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفـەرموێت: کـە کەسانێك هەن تایبەتن بە خواوە، وتیـان کــێن ئەوانــە ئــەی پێغەمبــەری خــوا. فەرموی: ئەوانـە ئـەهلی قورئـانن ئەوانـە تایبەتن بە خواوە و ڕێزی تایبەتیان هەیە لەلایەن پەروەردگاریانەوە.

٢- نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بـە ئەنجامـدانی سـونەتەکان لــە دوای فەرزەکان.

عـن أبـي هريـرة(ﷺ) عنـه قـال: قـال رسـول الله(ﷺ): ((إن الله تعـالى قـال: مـن عـادى لـي وليـاً فقـد آذنتـه بـالحرب و مـا تقـرب ألـي عبـدي بشـيء أحـب ممـا أفترضتهعليه و ما يزال عبدي يتقرب ألـي بالنوافل حتى أحبـه، فـإذا أحببتـه كنـت سمعه الذي يسمع به و بصره الذي يبصر به، و يده التي يبطش بهـا، و رجلـه الـتي يمشي بهـا، و أن سـألني لأعطينـه و لـئن أستعاذني لأعيذنه)) البخاري.

واتــــە: ئـــــەبو هــــوڕەیرە(ﷺ) دەفــــەرموێت: پێغەمبــــەری خــــوا(ﷺ) فەرموویــــەتی: کــــە خــــوای گــــەورە دەفــەرموێت: هــەر کەسـێك دوژمنایـەتی لەگەڵ دۆستێکی مندا بکات ئەوا جـەنگی لەگەڵ بەرپا دەکـەم، وە بـە هـیچ شـتێك بەندەکـەم لـێم نزیـك نابێتـەوە کـە پـێم خۆش بێت وەك ئەنجام دانی فەرزەکانی، وە بە بەردەوامیش بەندەکـەم لـێم نزیـك دەبێتەوە بـە سـوننەتەکان هـەتا خۆشـم دەوێت، جا ئەگەر خۆشم ویست ئەوە من دەبم بەو بیستنەی کە پـێی دەبیستێت و ئــەو بینینــەی پــێی دەبینێــت وە ئــەو دەستەی پێی کە پێی دەگرێت وە ئـەو قاچـەی کــە پــێی دەڕوات، وە ئەگــەر

داوای لێ کردم پێی دەبەخشم وە ئەگەر پەنای پێ گرتم پەنای ئەدەم.

جـا هــەر کاتێــك دڵ پڕبــوو لــە خۆشەویستی و گەورەیی خوا ئەوا هەموو شتێك لە دڵدا دەسڕێتەوە جگە لـە یادی خوا و ئەوەی کە خـوا پـێی خۆشـە ئـەو کاتتە ئەو بەندەیە شتێك ناڵێت کـە خـوا پـێی نـاخۆش بێـت وە نایـەوێت شـتێك ببینێت کـە خـوا پـێی نـاخۆش بێـت وە دەست نابات بۆ شتێك یان هەنگاو نانێت بۆ شـتێك کـە خـوا پـێی نـاخۆش بێـت، ئەوەش واتای فەرموودەکەیە.

وە لــەو فــەرموودە پــیرۆزەدا خــوای گەورە هۆکارەکـانی خۆشەویسـتی خـۆی لـە دوو خاڵـدا کـۆکردەوە: بـەجێهێنانی فەرزەکان وە ئەنجام دانی سوننەتەکان.

وە هەر کەسێك ئەگەر ئەو دوو خاڵەی بە دڵسۆزی‌یەوە بۆ خوای خۆی ئەنجامدا ئەوا خـوای گـەورە بەهرەمەنـدی دەکـات بەوەی کـە ئـەو کەسـە پەرسـتنی خـوای خـۆی بـەتام و چـێژێکی تایبەتی‌یــەوە ئەنجام بدات.

چـونکە چـێژوەرگرتن لـە عیبـادەت و پەرسـتن نیعمـەتێکی زۆر زۆر گەورەیـە و کـەم کـەس پــێی بەهرەمەنـد دەبێـت، ئەوەتا گوێمان لە زۆر کـەس دەبێـت کـە هەڵدەستن بە عیبادەتێکی وەك نوێژ کـە چەند گەورەیە وا دەزانن کە کـوڵێکی زۆر قــورس لەســەر شــانیانە، جــا کــە ئەنجامیشــی دەدەن زۆر بــەبێ تــام و شـپرزەیی و پەلەپـەل ئـەنجامی دەدەن، لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هـەر هەموو خۆشحاڵی و فێنکایەتی چاوەکانی لەو نوێژەدا بوو وە جێگای حەواندنەوەی دڵ و دەرونـی بـوو، وە ئەگـەر خـەمێکی هەبوایە، خێرا خۆی بە نوێـژەوە خـەریك دەکرد.

٣- بەردەوام بوون لەسەر ذیکر و یادی خوا لە هەموو حاڵێکدا.

با موسڵمان بزانێت کـە خۆشەویسـتی ئەو لەلای خوای گەورە بە پێی ئەو ڕێژە ذیکرانەیە کە ئەنجامی دەدات، جا لەبـەر ئەوە خوای گەورە زۆر فـەرمانی کـردووە بـە یـاد و ذیکرکردنـی وە کردوویـەتی بـە هۆی سەرفرازی لە هـەموو ناخۆشـی‌یەك، وەك ئەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ﴾ [7]

واتــە: ئــەی بــڕواداران بــا مــاڵ و منداڵتان خەریکتان نەکەن لە یادی خـوا، خۆ هەر کەسێك خـۆی خـەریك بکـات بـە ماڵ و منداڵـەوە وە خـۆی لـە یـادی خـوا دووربخاتەوە ئەوا نەخەسارەت مەنـدن و بێ بەش دەبن لە لای خوای گەورە.

---

[7] {سورة المنافقون:٩}.

وە هەر کەسێك لە ناخی خۆیدا و بە تەنها یادی خوای گەورە بکات ئەوا خوای گەورەش لە ناخی خۆیدا یادی دەکات و ڕێزی بۆ دادەنێت وە ئەگەر لە ناو کۆمەڵێك خەڵکدا باسی بکەیت ئەوا لە ناو کۆمەڵێکی هەر زۆر باشتر لەوان خوای گەورە باسی دەکات و ڕێزی بۆ دادەنێت.

ئیمامی (أبن القيم) دەفەرموێت: هەر کەسێك دەیەوێت خۆشەویستی خوا بە دەست بهێنێت با بەردەوام زمانی لە یادی خوادا بێت.

وە باشترین ذیکر ئەوەیە کە دەم و دڵی پێکەوە لەسەر گرێ بدرێت و وەلەو ذیکرانە بێت کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون و (واتاکانی) و (یاداشتەکانی) لەلای ئەو کەسە کە دەیکات ڕوون و ئاشکرابێت.

٤- جێبەجێکردنی ئەوەی خوا پێی خۆشە و دوور کوتنەوە لەوەی کە خوا پێی ناخۆشە.

بێ گومان خوای گەورە بەندەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە بە جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانانەی کە بەسەریدا داوە، وە بە وازهێنان لەو شتانەی کە داوای لێ کردووە وازی لێ بێنێت، وە بە ئارامگرتن لەسەر ئەو ناخۆشیانەی کە دەیهێنێتە ڕێی.

ئەمانەش هەر هەمووی زۆر لەگەڵ نەفسی ئینساندا دژوارن پێویستە لە کاتی ئەو دژوارییەدا موسڵمان ئەوە ئەنجام بدات کە خوا پێی خۆشە، جا ئەو کاتە دەچێتە ناو چوار چێوەی ئەو بەندانە کە خوا خۆشی دەوێن.

٥- سەرنجدان لە چاکە ونیعمەتەکانی خوای گەورە.

چونکە دڵەکان وا ڕام کراون کە هەر کەسێك چاکە لەگەڵ خاوەنەکەیدا بکات خۆشی دەوێت جا هیچ یەکێك نییە وەك خوای گەورە کە چاکە کار بێت، وە چاکەکانی لەسەر بەندەکانی بێژمارەیە، وەك دەفەرموێت: ((وأن تعدوا نعمه الله لا تحصوها)) ابراهيم:٣٤.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چەندەها خراپە و ناخۆشی لێ دوور دەخاتەوە کە هەر بەبیر و هۆشیشدا نایەت.

جا ئەو بیرکردنەوە و سەرنجدانە ئەبێتە هۆی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و بە گوێرەی ئەو سەرنجدانە ڕێژەی ئەو خۆشەویستییە زیادوکەم دەکات لە دڵی موسڵماندا.

٦- ناسین و زانینی ناو و سیفەتەکانی خوای گەورە.

هەر کەسێك خوای گەورەی ناسی بە ناو و سیفاتەکانی بێگومان خۆشەویستی ئەو خوایەی لە دڵدا دەڕوێت و باشترین بەرهەمیشی دەبێت.

بۆ نمونە کاتێك کە بیر دەکەینەوە لە سیفەتی (المغفرة، الرحمة) کە دوو سیفەتن بۆ خوای پەروەردگار دەبینین واتای (المغفرة) ئەوەیە کە خوای گەورە تاوانی بەندەکانی دەپۆشێت و ئابڕوویان نابات و سزاشیان نادات و لێیان خۆش دەبێت واتە (پۆشین و سزانەدان).

وە واتای (الرحمة)یش ئەوەیە کە خوای گەورە ئەو بەندەیە بەهرەمەند دەکات بەوەی کە دەیخاتە بەهەشتەوە و خۆی پیشان دەدات، جا یەکێك خوای گەورە ئەو نیعمەتەی پێ ببەخشێت لە کاتێکدا ئەو بەندەیە چەندەها تاوانی هەبێت وە زۆریش لە ئاکامەکانی بترسێت، ئایا ئەمە نابێتە هۆی بەدەست هێنانی خۆشەویستی ئەو خوایە لە دڵی بەندەکانیدا؟

هەروەها لێکدانەوەی ناو و سیفاتەکانی تریش کە لێرەدا ئەو بوارە نییە کە هەموویان باس بکرێن بەڵام سەرنجی موسڵمانان بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەو ناو و سیفاتانە لەسەرچاوەی ڕاست و دروستی قورئان و سوننەتەوە وەربگیرێن و لێکدانەوە و سەرنجدانی ڕاست و دروستی سەلفی ئەم ئوممەتە بێت نەك لەسەر داب و نەریتی ئەهلی بیدەع و گومڕابوان.

٧- خۆشکاندنەوە بە تەواوی لە بەرامبەر گەورەیی خوادا.

ئیمامی (أبن القیم) دەفەرموێت: هیچ جۆرە شتێك وەك ئەو خۆشکاندنەوە و خۆ پچوك کردنەوەیە لە لای خوای پەروەردگار خۆشتر نییە، تەنانەت بەشێکی هەر زۆر کەم لەو خۆ بە کەم زانین و خۆشکاندنەوەیە گەورەترە لەو عیبادەتانەی کە وەك چیاش وابن کە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام درابن خۆیان بە کارەکانیانەوە ئەنازن.

هەروەها دەفەرموێت: خۆشەویسترین دڵان لە لای خوای گەورە ئەو دڵانەیە کە ئەو خۆشکاندنەوەیە و بەکەم زانینە کاری تێ کردبێت و جێی خۆی لە دڵدا داگیر کردبێت، چونکە حەقیقەتی عیبادەت بریتییە لە تەواو خۆشکاندنەوە.

وە هەروەها دەفەرموێت: ئەو کەسەی ئەم ڕێگایە بگرێتە بەر بۆ لای خوای گەورە ئەوا ئەم لای خەڵکی هەر زۆر غەریبە و ئەم لە لایەکە و خەڵکیش لە لایەکی ترن.

٨- بەتەنها بوون لەگەڵ خوای گەورەدا لە کاتی هاتنە خوارەوەی بۆ

ئاسمانی یەکەم، بۆ گفت و گۆ کردن لە گەڵیدا و خوێندنەوەی فەرموودەکانی و وەستان لە بەرامبەریدا بە دڵەوە، پاشان کۆتایی پێهێنان بە داوای لێ خۆشبوون و گەڕانەوە بۆلای.

کاتێك کە موسڵمان لە شەودا ڕادەوەستێت بە ملکەچی و بێ دەستەلاتی لە بەرامبەر خوای گەورەدا بەهرەمەندی دەکات بەوەی کە ئەو بەندەیە هەردەم لە خزمەتی خوادا بێت و پاشان قەدر و پایەی بەرز دەکاتەوە لەلای مەلائیکە و عەبدە تایبەتەکانی خۆی.

وە ئەم بەرزکردنەوەیەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کە خوای گەورە ئەو بەندەیەی خۆش دەوێت.

جا هەموومان باش دەزانین کە عیبادەت کردن لەو کاتەدا زۆر ئاسان نیيە بەڵکو پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە و چەند هۆیەك هەیە کە ئاسانی دەکات لەوانە:

❖ ئەبێت خۆمان بە ڕۆژ زۆر ماندوو نەکەین.

❖ ئەبێت خۆمان لە زۆر خۆری دوور بخەینەوە.

❖ نیوەڕۆ خەو بکەین واتە (القیلولة).

❖ خۆ دوور خستنەوە لە تاوان و سەرپێچی، ئیمامی (الثوري) دەفەرموێت: لە شەو نوێژکردن بێبەش بووم بۆماوەی پێنج مانگ بە هۆی تاوانێکەوە کە ئەنجامم دابوو.

❖ زوو خەوتن لە شەودا،

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: ((کان رسول الله(ﷺ) ینام أول اللیل، و یقوم آخره فیصلي)) متفق علیه.

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) شەوان زوو دەخەوت و لە بەشی کۆتایی شەودا هەڵدەستا و شەو نوێژی دەکرد.

❖ خەوتن بە دەست نوێژەوە و دەم و دڵ بە ذیکرەوە.

❖ لە کاتی خەوتندا نیازی وابێت کە شەو هەستێت و یادی پەروەردگاری خۆی بکات.

❖ دڵپاکی و بە خاوێنی ڕاگرتنی لە بەرامبەر موسڵماناندا، وە دڵ پاراستن لە بیدعە و داهێنراوەکان. پاشان گوێ نەدان بە ژیانی دنیا و بیرنەکردنەوە لێی.

❖ ترسی خوا خستنە ناو دڵ و بێ هیوا بوون لەم دنیایە.

❖ زانینی پاداشتی شەو زیندووکردنەوە بە نوێژ و قورئان خوێندن و ذیکرەکان.

❖ وە لە هەموو ئەو هۆیانە لە پێشتر خۆشەویستی خوایە، وە بوونی

باوەڕێکی بەهێزە بەوەی کە خوای گەورە پێزانە بەو هەستانەوەیە و خۆشحاڵە بەو نوێژ و ذیکر و دوعا و گریانە، جا ئەمە وا لە موسڵمان دەکات کە درێژە بدات بە شەو هەستانەوەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ * الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنْفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ﴾ [٨].

واتە: بۆ ئەوانەی کە خۆ پارێزن لە سزای خوا لە لای پەروەردگاریان چەندەها باخ و باخچە هەیە کە ڕووباری سازگار بە ژێریاندا دەڕوات و هەردەم تیایدا زیندوون و چەندەها خێزانی پاك و خاوێن و ڕەزامەندیش لە لایەن خواوە، وە خوای گەورە بینایە بە بەندەکانی ئەوانەی کە دەڵێن: پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان هێناوە جا تۆش لە تاوانەکانمان خۆش ببە و لە سزای ئاگریش بمان پارێزە.

ئەوانەی کە ئارامگر و ڕاست گۆ و خواپەرست و ئەوانە کە دەبەخشن و ئەوانەش کە داوای لێ بوردن و لێ خۆش بوون دەکەن لە کاتەکانی کۆتایی شەواندا.

٩- دانیشتن لەگەڵ کەسانێك کە بە ڕاستی خوایان خۆش بوێت، وە هۆگربوونی ووتە بەسوودەکانیان.

دانیشتن لەگەڵ کەسانێك کە تایبەتمەندبن بە خواوە (وەك زانایان و قوتابیانی زانیاری شەرعی) و بەهرەمەند بوون لێیان خۆشەویستی خوای گەورە واجب دەکات.

عن معاذ بن جبل(رضي الله عنه) قال سمعت رسول الله(ﷺ) يقول: ((قال الله تبارك وتعالى: وجبت محبتي للمتحابين فيّ و المتجالسين فيّ و المتزاوين فيّ و المتباذلين فيّ)) مالك، أحمد، أبن حبان، الحاكم و صححه و وافقه الذهبي.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: خوای گەورە فەرموویەتی: خۆشەویستی من واجب بوو بۆ کەسانێك لەبەر من یەکتریان خۆش دەوێت و لەبەر من لەگەڵ یەکتر دادەنیشن وە لەبەر من سەردانی یەکتری دەکەن وە لەبەر من یارمەتی یەکتری دەدەن.

جا با دانیشتنەکانمان لەبەر خوا بێت و دوور بێت لەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆشە، دوور بێت لە قسەی پڕوپوچ و غەیبەت و دووبەرەکی.

---

[٨] {سورة آل عمران:١٥-١٧}.

دوور بێت لە هەموو ئەو تاوانانەی کە بەهۆی ئامێرەکانی وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە ئەنجام دەدرێن.

با دانیشتنی عیلم و تەقوا و خواپەرستی بێت، با دانیشتنی یارمەتی دانی یەکتر و کۆمەك کردن و دەست گیرۆیی کردن بێت، با دانیشتنی تێگەیشتن و تێگەیاندن بێت، با دانیشتنی ئامۆژگاری کردنی یەکتری بێت لەسەر دەست گرتن بە دینەکەی خواوە.

١٠- دوور کوتنەوە لە هەموو هۆکارێك کە ببێتە هۆی کەلێن خستنە نێوان دڵ و پەروەردگارەوە.

لە هەموو ئەو هۆکارانە کاریگەر تر پەردەی نێوان دڵ و پەروەردگارە، جا پەردەکانی دڵیش زۆرن:

❖ پەردەی شەریك دانان بۆ خوای گەورە ئەویش دڵ زەلیل کردنە بۆ غەیری خوا.

❖ پەردەی بیدعەکان.

❖ پەردەی تاوانەکان، تاوانی گورە بێت یان تاوانی بچوك.

❖ پەردەی ئەهلی دونیا و ڕۆچوون لەو شتانەی کە حەلاڵن چونکە دەبێتە هۆی تەمبەڵی کردن.

❖ پەردەی بێ ئاگایی لەو ئەرکە پیرۆزەی کە خوا هەموو خەڵکی لە پێناودا دروست کردووە، ئەویش کە عیبادەتە.

وە ئەم پەردانەش دەگەڕێتەوە بۆ چوار سەرچاوە (نەفس و شەیتان و دنیا و ئارەزووەکان).

١١- شوێنکەوتنی پێغەمبەر(ﷺ) لە کار و ووتە و ڕەوشتدا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ﴾[9].

واتە: تۆ پێیان بڵێ ئەگەر هەر کەسێك لە ئێوە خواتان خۆش دەوێت، با شوێنم بکەوێت و سەرپێچیم نەکات جا ئەو کاتە خواش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناحەکانتان دەبورێت و لێتان خۆش دەبێت.

لەو ئایەتە پیرۆزەدا وەك ئیمامی (ابن القیم) دەفەرموێت ئاماژەیە بۆ نیشانەی خۆشەویستی خوا و بەروبومی ئەو خۆشەویستیە.

نیشانەکەی: شوێن کەوتنی پێغەمبەرە(ﷺ)، وە بەروبومەکەشی بەدەست هێنانی خۆشەویستی خوایە بۆ بەندەکانی.

کەواتە ئەگەر ئەو شوێنکەوتنە نەبێت ئەوا خۆشەویستی ئێوەش نەهاتۆتە جێ

---

[9] {سورة آل عمران:٣١}

وە خۆشەویستی خواش بۆ ئێوە جێبەجێ نابێ.

ئەو شوێنکەوتنەش بە شارەزا بوون دەبێت لە دینی خوا، بە شارەزا بوون دەبێت لە ڕێگای ڕاست، بە شارەزا بوون دەبێت لە قورئان و سوننەت، بە شارەزا بوون دەبێت لە شێوازی تێگەیشتنی هاوڕێکانی پێغەمبەر(ﷺ).

پاشان جێبەجێ کردنی ئەو زانیاریانە لە ووتە و کار و ڕەوشتماندا، وە مەبەستیشمان تەنها هەر ڕەزامەندی خوا بێت.

١٢- گوێنەدان بە دنیا.

گوێ نەدان بە دنیا ئەوەیە کە خۆشەویستی دنیا لە دڵ دەربکەیت و بەدەستەوە بگیرێت، واتە هێنان و بردنی دنیا و دەست بە دەست پێکردنی لە پێناوی خوادا، نەك گرتنەوەی و نەبەخشینی و پێچانەوەی لە نێوان کرۆکی دڵدا.

عن سهيل بن سعد(ﷺ) قال: جاء رجل الى النبي(ﷺ) فقال: يا رسول الله دلني على عمل إذا عملته أحبني الله و أحبني الناس. فقال: أزهد ما في الدنيا يحبك الله و أزهد فيما عند الناس يحبك الناس)) أبن ماجه و الحاكم. و للحديث طرق يتقوى بها فهو حسن أنشاء الله.

واتە: پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ووتی: کارێکم نیشان بدە ئەگەر ئەنجاممدا خوا منی خۆش بوێت، هەروەها خەڵکیش منیان خۆش بوێت. فەرمووی: گوێ مەدە بە دنیا خوا خۆشی دەوێ، وە گوێ مەدە بەوەی لەدەستی خەڵکیدا هەیە خەڵکیش تۆیان خۆش دەوێ.

جا باشترین نموونە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو گوێ پێ نەدانە (پێغەمبەری خۆشەویستمانە()) کاتێك کە خوا هەموو دنیای بۆ خستە سەرپشت، سەرپشکی کرد لەوەی کە وەك پێغەمبەرێکی پاشا یاخود وەك بەندە و پێغەمبەرێکی هەژار مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەویش وەك پێغەمبەر و عەبدێکی هەژار مامەڵەی لەگەڵ ئەو دنیادە هەڵبژارد.

چونکە چاوی لەلای ئەوە بوو کە خوا ئامادەی کردووە لە ڕۆژی دواییدا، جا ئەوەش پەروەردەی خوا بوو بۆی وە خۆی وای ڕام کردبوو بۆیە دەفەرموێت:

﴿وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الْأُولَى﴾[10].

واتە: سوێند بێت ئەی موحەممەد کە ئاخیرەت بۆ تۆ لە دنیا باشترە وەهەوەها دەفەرموێت:

﴿وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى﴾[11].

---

[10] {سورة الضحى:٤}.

[11] {سورة الاعلى:١٧}.

واتـــە: ژيـــانى ئـــاخيرەت باشـــتر و بەردەوام ترە.

جا بۆ ئەوەی موسـڵمانان ئـەو

| کات / | نەخشەی کار |
|---|---|

گـوێ پـێ نەدانـەی لـە لا ئاسـان بێـت پێویستە بزانێت:

❖ کە ئـەم دنیایـە کاتیـە و زوو لـە ناو دەچێت.

❖ ژیانی دوایی ژیانی ڕاستەقینەیە و نەبڕاوەیە.

❖ گـوێ نـەدان بـەم دنیایـە نابێتـە هۆێ بێ بەش بوون لەوەی خوای گـەورە بـۆی نوسـیوین، هــەر وەك چـۆن خـۆ ماندووکردن و سووربوونیش لەسـەر دنیـا هیچ لەوە زیاد ناکات کە بۆی نوسیوبن.

برایان و خوشکانی موسڵمانم:

| کات / | نەخشەی کار |
|---|---|

ئەو هۆکارانەی کە خۆشەویستی خوای گـەورە دێننـە بەرهـەم، جا ئێستاش با بێینـە سـەر باسـی نەخشـەی شـەوانە و ڕۆژانەی بـڕواداران و بـۆ خـۆت سـەرنجی بـدە و بـە پـێی توانـا تـۆش هـەوڵ بـدە لەسەری بەردەوام بیت و ئـارامی لەسـەر بگریت، جا داواکـارم لـە خـوای گـەورە و میهرەبان لەگەڵ ئارامگران و خـۆڕاگران و ڕاسـتگۆیان و دڵسـۆزاندا پـەروەردەمان بکات و وە دروستمانکات بـۆ خـۆی و بـە

بینینی خۆی و چـونە نـاو بەهەشـتەکەی شادمان بکات.

تلخيص عمل اليوم و الليلة

کورتە نەخشەیەکی کاری شەوانە و ڕۆژانە

| | | |
|---|---|---|
| | | ەڵێد |
| شەوگاری بڕواداران | چەند کاتژمێرێك پێش نوێژی بەیانی | و أليه النشور)) ((الحمد لله ا<br>أذن لي بذكره))، ((لا إله إلا<br>هو على كل شيء قدير، سبـ<br>أكبر و لا حول و لا قوة إلا با<br>خوێندنەوەی ئایەتەکانی (١٠<br>پاشـان شـەونوێژ کـردن و پ<br>گریان و خۆشکاندنەوە لە خ<br>هێنانی ژن و منالّ و بەشدار<br>فەڕ و بەرەکەتدا. |

| کات / | نەخشەی کار |
|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| | | دوو ڕکات سوننەتی پێش ... دوو ڕکات نوێژی بەیانی ... یکردنەکانی دوای نوێژ. پاشان دانیشتن لە مزگەو |
| ڕۆژگاری بڕواداران | نوێژی بەیانی نوێژی عەسر | چوار ڕکات سوننەتی پێش ... بەیانییەوە (أذكار الصباح) ... چوار ڕکات نوێژی ... دوو ڕکات سوننەتی دوای ... (کێشە هەیە لەسەر کردنی ...) بوخاری و مسلم لە عائشە ... لە شەوەدا یان لە ڕۆژدا ... کاتێك ئەو دوو ڕکاتەی ... قورئان تەواو بکەیت ... (سلە ... مەرج بدەزە) |
| ڕۆژگاری بڕواداران | دوای خۆرئاوابوون / مەغریب | دوو ڕکات نوێژی (الضحى) ... خەریك بە ... پاشان چەند کاتژمێرێك ... دوو ڕکات سوننەتی پێش مە... ئەوەی کاری دنیایی هەیە ... سێ ڕکات نوێژی مەغریب بە ... ئەوەی کە نەخشەی زانستی ... دوو ڕکات سوننەتی دوای مە... |
| | | (نەخشەی زانستی شەرعی) ... چوار ڕکات سوننەتی پێش ... |
| شەوگاری بڕواداران | نوێژی خەوتنان | دوو ڕکات سوننەتی پێش ... چوار ڕکات نوێژی عیشا بە ... دوو ڕکات سوننەتی دوای ... (الصلاة) واتە ... (نەخشەی زانستی شەرعی) زوو خەوتن و خوێندنی ذی... نوێژەوە خەوتن و بە نیازی ... |

چەند تێبینییەك

- لە نەخشەی زانستی شەرعیدا دەتوانیت لەگەڵ خۆت یان برا و خوشکت یا دایك و باوکت یان منداڵ و خێزانت یان هاوڕێیانت خۆت خەریك بکەیت بە وانە شەرعییەکانەوە، هەر کەسێ بەپێی توانای خۆی و پلەی خۆی.
- نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەوە خێری زیاترە هەتا مزگەوت بە(٢٧) پلە، بە پێچەوانەی فەرزەکان، بەڵام بۆ ئافرەتان هەمووی هەر لە ماڵەوە خێری زیاترە.
- مەرج نییە کە ڕۆژێك یا چەند ڕۆژێك نەتتوانی ئەم نەخشەیە بەکاربهێنی ئیتر مانای وایە تۆ توشی نوشوستی بویت و لێی سارد ببیتەوە، چونکە ئەم نەخشەیە مەبەست لێی ئەوەیە کە زۆرینەی کاتی ژیانت بگرێت، وە بە دڵنیاییەوە چەندەها جار بۆت پیادە ناکرێت بە هۆی چەندەها کاری ترەوە. گرنگ ئەوەیە وەك باسمان کرد ئەم نەخشەیە زاڵبێت بەسەر زۆرینەی کاتی ژیانتدا.

• لە نەخشەی زانیاری شەرعیدا، هەوڵبدە نەخشەیەك دابنێیت کە پێکهاتبێت لە باشترین سەرچاوەی زانستی شەرعی، جا بۆ ئەم مەبەستە چەندەها نەخشە لە لایەن زانایانەوە دانراوە بە پێی جیاوازی پلە و زانینی قوتابیان.

جا یەکێك لەو نەخشانە جێبەجێ بکە، وە هەردەم خۆت بە قوتابی عیلم دابنێ و ئادابی قوتابیانی عیلم لەسەرەتادا بخوێنە و جێبەجێی بکە.

# پێویستیێتی گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت. وە ترسناکی لاسایی کردنەوە.

بەشی دوهەم

بەشی دوهەم

ئامادەکردنی : علي خَشّان

وەرگێڕانی: صلاح الدين عبدالكريم

## فەرمان کردن بە پێویستی گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لەکاتی کێشەو دووبەرەکیدا

خوایگەورەدەفەرموێت:

﴿وما كان لمؤمن ولا مؤمنة اذا قضى الله ورسوله امراً أن يكون لهم الخيرة من امرهم ومن يعص الله ورسوله فقد ضل ضلالا مبينا﴾[1].

(ابن كثير) دەفەرموێت :(ئەم ئایەتە گشتییەلەهەموو ئیش وکارێکدا، کاتێك خواو پێغەمبەریخوا (ﷺ) بڕیار بدەن بەشتێك بۆ هیچ کەس نییە سەرپێچی بکات وە لێرەدا هەڵبژاردن نییە بۆ هیچ کەسێك، وە نە بۆچون هەیە نە وتە ، (واتە نابێت هەبێت).

وەخوایگەورە دەفەرموێت:

﴿يا أيها الذين امنوا اطيعوا الله واطيعوا الرسول وأولي الامر منكم، فان تنازعتم في شئ فردوه الى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الاخر ذلك خير وأحسن تأويلا﴾[2].

(ابن كثير) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت (اطيعوا الله) واتە: شوێن قورئانەکەیبکەون (واطيعوا الرسول) واتە دەست بەسوننەتەکەیەوە بگرن(وأولي الامر منكم) واتە: لەو شتانەی کە فەرمانتان پێ دەکەن لەگوێ ڕایەڵی خوای گەورەدا، نەك لەسەرپێچی کردنیدا، چونکە هەروەك چۆن لەم فەرمودەیەدا هاتوە (انما الطاعة في المعروف)[3]، واتە: تەنها گوێڕایەڵی لە چاکەدادەبێت (فان تنازعتم في شيء فردوه الى الله والرسول) مجاهد و زیاتر لەیەکێك لەزانایانی سەلەف دەفەرموون، واتە: ئەگەر کێشەتان هەبوو لەهەر شتێکدا ئەوا بیگەڕێننەوە بۆ لای قورئانیخواو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەمەیش

(١) {سورة الاحزاب:}.

(٢) {سورة النساء:٥٩}.

(٣) اخرجه احمدراجع صحيح الجامع (١٨١) للمحدث العلامة شيخنا محمد ناصر الدين الالباني.

فـەرمان كردنێكـە لەلایـەن خوایگـەورە، بـەوەی هـەر شـتێك خـەڵك كێشـەیان هەبێت لەسەری، لەبنچینەكانی دین بێت یاخود لـە لقـەكانی، بیگەڕێننـەوە بۆلای قورئان و سوننەت هەروەكو خوایگـەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِنْ شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ﴾(٤).

واتـــە : لەهـــەر شـــتێكدا ئەگـــەر جیاوازیتـان هـەبوو، ئـەوا حوكمەكـەی بگەڕێننەوە بۆلای خوا، تا بڕیاری لەسەر بدات. وەئەوەی قورئان وسوننەت بڕیاری لەسـەر بـدات و بەڕاسـتی دابنێـت، ئـەوە حەقە وە لە پاش حەقیش چ شتێك هەیە جگـە لـەگومڕایی؟ بۆیـە خوایگـەورە دەفەرموێت :

﴿ان كنتم تؤمنون بالله واليوم الاخر﴾.

واتـە: ئەگـەر ئێـوە بڕواتـان بـەخواو ڕۆژی دوایی هەیە. ئەمە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی كـە هـەر كەسـێك لـەكاتی دووبەركیـدا حوكمەكـەی نەگەڕێنێتـەوە بۆلای قورئـان و سـوننەت ئـەوا بـاوەڕدار نییە بەخواو ڕۆژی دوایی.

(ذلك خير) واتـە: حـوكم بـردن بـۆلای قورئـان و سـوننەت و گەڕانـەوە لـەكاتی یەكلا كردنەوەی كێشەدا باشترە (واحسن تـاويلا) واتـە : ئەمەباشـترین ئـەنجام و گەڕانەوەیە (بۆلای قورئان وسوننەت).

(٤) {سورة الشورى:١٠}.

ئیمامی شافیعی (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێت) لە پەرتوكی (الرسالة) دەفەرموێت: (هەركەسـێك لـە پـاش پێغەمبـەر (ﷺ) كێشـــەی هـــەبێت، ئـــەوا دەبێـــت بیگەڕێنێتـەوە بـۆ لای بڕیـاری خـواو پێغەمبەرەكەی، ئەگەر ئـەو بابەتـە هـیچ دەقێكـی تێـدا نـەبوو بـۆ بڕیـاردان ئـەوا قیاسی دەكەن لەسەر یەكێكیان)

وە دەفـەرموێت: (وە قیـاس بریتیـیـە لەوەی كەداوا دەكرێـت بەبەڵگـە لەسـەر گونجاندنی هەواڵی پێشتر، لەقورئان یـان سوننەت چونكە ئەمان زانیاری حەقن كە پێویستە بەدوایاندا بگەڕێیت).

وەدەفەرموێت : (پێویستە لەسەر هەر كەسـێك كەفـەرمودەی بیسـت، بیڵێـت وقسەی پـێ بكـات، لـە سـەر گشـتێتی و كورتیيەكـەی، هـەتا بەڵگـەی دەسـت دەكـەوێت جیـاوازی بخاتـە نێوانیانـەوە پێـی). واتـە پێویسـتە لەسـەر هـەموو موسـڵمانێك ئـیش بكـات بەگشـتێتی فەرمودە، هـەركاتێك صحیح بێـت، هـەتا بەڵگەیەك دەبینێت تایبەتی بكات.

وە لــــەزۆر لەهاوەڵانــــەوە (ﭫ) بەصـحیحیهاتوە كەئـەوان وازیـان لـە بۆچونی خۆیان وبڕیـاری خۆیـان هێنـاوە لەبـــەر فـــەرمودەی پێغەمبـــەر (ﷺ)، هـــەروەها وازیـان لـە بڕیـاری خۆیـان هێناوەلەبەر فـەرمودەی پێغەمبـەر(ﷺ)،

هەروەها وازیان لەبڕیاری خەلیفە دەهێنا كاتێك فەرموودەیەكیان لەپێغەمبەرەوە ببیستایە كە پێچەوانەیەتی، ئەوە عومەر (خـوای لێ رازی بێـت) بڕیـار دەدات بەجیاوازی پەنجەكانی دەست لە سەندنی خوێنـدا بەپێچـەوانەی ئـەوەی كـە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) هـاتوە لەپـەرتوكی (آل عمرو بـن حـزم): (وفي كل اصبع مما هنالك عشـر مـن الابـل)[5]، واتـە : لەهەمووپەنجەیەكدا لەوێدا كە بفەوتێت ئەوا خوێنەكەی دە حوشترە، وەكاتێك كەهاوەڵان (ﷺ) ئەم فـەرمودەیان زانـی، وازیان لەبڕیارەكـەی ئیمامیعومـەر هێنـا (خوای لێ رازی بێت) وە بڕیاریاندا بەوەی كە لەفەرمودەكەدا هاتووە.

وەئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەپەرتوكی (الرسالة) لاپەڕە٤٢٣ ئـەم فەرموودەیـە دەكـات بەبەڵگـەو دەفـەرموێت: (لـەم فەرموودەیـەدا دوو بەڵگـە هەیـە ، یـەكێكیان وەرگرتنـی فـەرموودەی (الآحـاد)، ئـەوی تریشیان:وەرگرتنی فەرموودەلەوكاتەی كـەجێگیر دەبێـت ، هەرچـەندە ئـیش نەكراوە لەلایەن پێشەوایانەوە بەوێنەی ئـەم فەرموودەیـە كـەوا وەرگیراوە ، وە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئەگـەر یـەكێك لەپێشـەوایان ئیشـیان بەمـە بكردایـە، پاشان فەرموودەیەكی دەست بكەوتایە لـە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) پێچـەوانەی كردەوەكەی، ئەوا ئیشەكەیخۆی بـەجێ دەهێشت لەبەر فەرموودەكەی پێغەمبـەر (ﷺ). وەبەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی كەفـەرموودەی پێغەمبـەر (ﷺ) جـێگیر دەبێت بەخۆی نەك بەكردەوەی جگە لە خـۆی لـەپاش خـۆی. وەموسـڵمانانیش نـەیان وتـوە ئیمامیعومـەر (ﷺ) بڕیـاریداوە لەناومانـدا بەپێچـەوانەی ئەمەلـەنێوان كۆچـەكەرەكان وپشـتیوانەكان، وە ئێـوەیش و جگەلەئێوەیش نەتان وتـوە لـەلای ئێـوە پێچەوانەی ئەمە هەیە بـەڵكو راستـەوخۆ چـونە بـۆلای ئـەوەی كـە پێویسـتە لەسـەریان وەری بگـرن كەفـەرموودەی پێغەمبـەرە(ﷺ) وەواز هێنـان لەهەموكردەوەیـەك كـە پێچـەوانەی فەرموودە بێت.وەئەگەر ئەم فەرموودەیە بگەیشـتایە بـە ئیمـامی عومـەر(ﷺ) ئـەوا ئیشی پێ دەكـرد –انشـاء الله–هـەروەكو چۆن چووە بۆلای ئەوفەرموودانـەی كـە پێـی گەیشـتوە لەپێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وە ئیشیشی پێ كردووە، بـەهۆی لـەخوا ترسـانیەوە وەهەسـتانی بەجێبەجێكردنی ئەو پێویستـیەی كـە لەسەری بووە لە شوێن كەوتنی فـەرمانی

(5) رواه الحاكم في المستدرك راجع تخريج المحـدث العلامـة الشيخ أحمد شاكر للرسالة (ص٤٢٣).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) و زانیارییەکەی و هەروەها بەوەی هیچ کەس لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بۆی نییە فەرمان دەرکات، وەگوێ ڕایەڵی کردنی خوای گەورە بەشوێن کەوتنی فەرمانی پێغەمبەری خودا دەبێت(ﷺ).

وەئەگەر کەسێك بڵێت: نمونەیەکم بۆ بهێنەرەوە ئیمامی عومەر (رضي الله عنه) ئیشێکی کردبێت پاشان لێی لادابێت و وازی لێ هێنابێت لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) منیش دەڵێم: ئەی ئەگەر بۆتم هێنایەوە و نیشانتم دا ؟ وتی: ئەگەر تۆنمونەیەکم بۆ بهێنیتەوە ئەوا بەڵگەیە لەسەر دوو شت: یەکێکیان ئەوەیە ئەگەر سوننەت نەبێت ئەوا بە بۆچون شت دەڵێت، ئەویتریشیان ئەوەیە کەهەرکاتێك سوننەت بینرا پێویستەواز لەکردەوەو بۆچونی خۆت بهێنیت وەپێویستەلەسەر خەڵکی واز لەهەموو کردەوەیەك بهێنن ئەگەر بینرا بەپێچەوانەوەیەتی، وەبەتاڵ کردنەوەی ئەوەی کە سوننەت ئیشی پێ ناکرێت هەتا یەکێك دوای پێغەمبەر (ﷺ) ئیشی پێ نەکردبێت[٦].

وەزانراوە هیچ شتێك سوننەت لاواز ناکات ئەگەر پێچەوانەیبو. منیش دەڵێم: (واتە ئیمامیشافیعی). (عومەری کوڕی خەتاب)(رضي الله عنه) دەیفەرموو :خوێن دان لەسەر کەس وکاری بکوژەکەیە، وەئافرەتیش هیچ لەخوێنی پیاوە کوژراوەکەی نابات بەمیراتی و بەری ناکەوێت، هەتا (الضحاك بن سفيان) پێی ڕاگەیاند کە پێغەمبەریخوا (ﷺ) نامەیبۆ ناردووە کەوا: خێزانەکەی (اثيم الضبابي) لەخوێنیمێردەکەی بەردەکەوێت وە بەمیراتی دەیبات. ئیمامیعومەریش لەقسەکەی خۆی گەڕایەوە و ئیشی بەفەرموودەکە کرد[٧].

پاشان ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمودەکەی طاوس بۆ پرسیارکەرەکە دەهێنێتەوە کەئیمامیعومەر (رضي الله عنه) فەرمویەتی خوای گەورە یادی مرۆڤێك دەخەمەوە کەشتێکی لەپێغەمبەر (ﷺ) ببیستێت دەربارەی کۆرپەی ناوسك؟ حملى کوڕی مالك کوڕی النابغه هەستاو فەرموی: من

---

(٦) زانا پایەبەرز مامۆستا (أحمد شاكر) کە تەحقیقی (الرسالة)ی کردووە دەفەرموێت :(واتە بەتاڵ کردنەوەی قسەی کەسێك کەبڵێت سوننەت وەرناگیرێت و ئیشی پێناکرێت هەتا لەپاش پێغەمبەر ﷺ کەسێك ئیشی پێی نەکردبێ)، ئێمەش دەڵێین .واتە پێویستەئیش بەفەرموودەبکرێت هەرکاتێك صحیح بوو هەرچەندە نەیشزانین ئەوا کەس لەزانایان ئیشیان پێ کردووە چونکە فەرموودە خۆی بەڵگەیە.

(٧) رواه احمد وابو داود( صحيح سنن الترمـذي : ١٤١٥)، (صحيح سنن ابن ماجة ٢١٥٤ ) وغيرهـم وقـال الترمـذي حديث حسن صحيح ،بروانە تەحقیقی الرسالة.

دوو خێزانم هەبوو، یەكێكیان بەكۆڵەكەی خێمە لەوی تری‌دا كە سكی پڕ بوو منداڵەكەی بەمردوویێتی دانا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕیاری دا بەندەیەك لەجیاتی بدرێت ، ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەگەر ئەمەم نەبیستایە ئەوا بەجگە لەمە بڕیارمان دەدا، وەجگە لەوەش وتیان نزیك بوو لەنمونەی ئەمەدا بەبۆچونی خۆمان بڕیار بدەین.. [٨].

ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت (ئیمامیعومەر (ﷺ) گەڕایەوە لەو بڕیارەی كەدابوی لەبەر فەرمودەكەی (الضحاك) تا پێچەوانەی بڕیارەكەی‌خۆی كرد، وەهەواڵی پێ درا سەبارەت بەكۆرپەی ناوسك كەوا ئەگەر ئەمەی نەبیستایە ئەوا بێجگە لەمە بڕیاری دەدا. وەفەرمووی نزیك بوو لەوێنەی ئەمەدا بەبۆچونی خۆمان بڕیار بدەین). دیسان ئیمامی شافیعی دەفەرموێت (ڕایدەگەیەنن –والله اعلم– كە لە سوننەتدا خوێنی مرۆڤێك سەد ووشترە،وەكۆرپەی ناوسكیش یان ئەوەتا زیندوە ئەوكاتە ئەویش خوێنەكەی سەد ووشترە، یاخود مردووە ئەوكاتە هیچ نی‌یە، بەڵام كاتێك بڕیاری پێغەمبەری (ﷺ) پێ ڕاگەیەنرا تەسلیمی بوو، وهیچ شتێكی بۆخۆی نەهێشتەوە جگە لە شوێن كەوتنی نەبێت لەو شتەی كە ئەم بەپێچەوانەیەوە بڕیاری لەسەر دابو یاخود بۆچونێك بوو لەمەوە، كەلەپێغەمبەری‌خوا (ﷺ) هیچی پێ نەگەیشتبو، بەڵام كاتێك كەپێی گەیشت و بینی كردەوەكەی ئەم پێچەوانەی‌سوننەتە، یەكسەر ڕۆیشت بۆ لای حوكمی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە وازی لە حوكمی خۆی هێنا. هەروەها لەهەموو ئیشێكدا بەم شێوەیە پەیوەست دەكرا كەوابن.

زانای پایەبەرز (أحمدشاكر) دەفەرموێت: (ئیمامی شافیعی)(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە فەرموودەكەدا ئاماژەی بۆ فەرموودەكەی (الضحاك و حمل بن مالك) كردوو،پاشان لەلاپەڕەی ٢٠–٢١ دا دەفەرموێت : (وەهەموو ئەمانەبەڵگەن لەسەر ئەوەی فەرموودەیەك یەك كەس گێڕابێتی‌یەوە وەردەگیرێت ئەگەر ڕاستگۆ بێت، لەلای ئەو كەسەی كەفەرموودەكەی پێدەدات، وەئەگەر دروست بوایە بۆ هەر كەسێك كە ئەم شتە ڕەت بكاتەوە بەهەر حاڵێك، ئەوا دروست دەبوو بۆ ئیمامی عومەر

(٨) حەدیسەكە لێرەدا (مرسل)ە احمد و ابگو داود و ئگیبن ماجگە بە (متصل) ی گێڕاویانەتەوە وە ئەمە (صحیح)ە بروانە تەخریجی زانگای پایەبگەرز احمگد شگاكر بگۆ (الرسـالة)ل٤٣٨ وە بروانگە (صحیح سگنن ابگن ماجگە ٢٦٩١) وە صگحیح سگنن آبگی داود ٤٥٧٢ وە سەندەكەی صحیحە.

(رضي الله عنه) كە بە ضحاك بڵێت: تۆ پیاوێکی خەڵکی(نجد)یت ، وەبەحملی کوڕی مالك بڵێت: تۆ پیاوێکی خەڵکی (تهامة)یت کەمێك نەبێت پێغەمبەری خواتان (ﷺ) نەبینیوە، هاوەڵایەتیتان نەکردوە، بەڵام من وئەوانەی لەگەڵمدا بوون لەکۆچکەرەکان وپشتیوانەکان بەردەوام لەگەڵیدا بوین. چۆن ئەم شتە لەئێمە وون و شاراوەبووە، و تۆ زانیت لەگەڵ ئەوەی کەتۆ یەك کەسیت لەوانەیەهەڵە بکەیت ولەبیرت بچێتەوە.؟ بەڵکوحەقی بینیو شوێنی کەوت و گەڕایەوە لە بۆ چونی خۆی، لەوەی کەمیراتی نەدات بەئافرەت لەخوێنی مێردەکەی. وەلەکۆڕپەی ناوسکیشدا بڕیاریدا بەوەی کەزانی کە ئامادەبوو پێی وت وەئەگەر لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هیچی نەبینیبایە ئەوا جگە لە فەرموودەکە بڕیاری دەدا ،وەکوبڵێی وای دەبینی کە ئەگەر کۆرپەی ناوسك زیندوبێت ئەوا خوێنەکەی سەد ووشترە وەئەگەر مردوبێت ئەوا هیچی بۆنییە، بەڵام خوایگەورە وای لە خەڵکیش کرد کەچۆنی ویست لێ بێت ئاوای بپەرستن لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بۆیە بۆ ئەوو بۆ هیچ کەسێکی تر نییە کەبۆچی و چۆن بخەنە ناودینەوە، یاخود هیچ شتێك لە بۆچون بدەن بەسەر ئەوکەسەی کەحەق و ڕاستی دەزانی هەرچەندە یەك کەسیش بوو، وەخوایگەورەش دەفەرموێت

﴿فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما﴾[٩].

پێشەوا ابن کثیر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت خوایگەورە سوێند دەخوات بەذاتی پیرۆزی بەڕێزیخۆی کەوا هیچ کەسێك باوەڕ ناهێنێ هەتا پێغەمبەر (ﷺ) نەکات بەحاکم لەهەموو ئیش و کارێکدا، چونکە ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری لەسەر بدات ئەوەحەقە، کەپێویستەخەڵکی مل کەچی بن بەنهێنیوئاشکرا، بۆیە لێرەدا خوایگەورە فەرمووی:

﴿ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما﴾.

واتە : کەتۆیان کرد بەحاکم دەبێت گوێڕایەڵیت لێ بکەن لەناوەوەیاندا ،وەنابێت هیچ ناخۆشی لەدڵیاندا بێت لەوبڕیارەی کەتۆ داوتە وە دەبێت ملکەچ بن بەنهێنی و ئاشکرا، وە خۆیان تەسلیم بکەن، خۆ تەسلیمکردنێکیگشتیبەبێ بەرهەڵستی ورەت کردنەوە و بەربەرەکانی –هەرەکوچۆن لەم فەرموودەیەدا هاتووە(والذي نفسي بيده

---

(٩) {سورة النساء:٦٥}.

لایؤمن احدکم حتى یکون هـوا‌ه تبعالمـا جئت به)[١٠].

لێرەوە دووری ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێت لەراستی‌یەوە، کە دەمارگیریان هەیە بۆ مەزهەبەکان، چونکە ئەوان فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) رەت دەکەنەوە بەبێ هیچ بەڵگەیەك، تەنها ئەوەندە نەبێت کەپێچەوانەی مەزهەبەکەیانە، وەکو بڵێی پێشەواکە ئاگاداری هەموو سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یاخود مەزهەبەکە بڕیاردەرە بەسەر سوننەتدا، لەگەڵ ئەوەی کەپێویستە سوننەت بریاردەرو بالآ دەست بێت بەسەر مەزهەبەکەدا.

با ئەم دەمارگیرانە بزانن کەئەوان پێچەوانەن تەنانەت لەگەڵ وتەی پێشەواکاندا، ئەوە ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خوای لێ بێت)لە پەرتوکی (الرسالة) دەفەرموێت (بەهۆی چاولێکردنی کوێرانەوە بێ ئاگابووە، ئەوەی بێ ئاگابووە لێیان خوای گەورە لە ئێمەو ئەوانیش خۆش بێت) وەدەفەرموێت : (جاری وا هەیە مرۆڤ نەزان دەبێت بەرامبەر بە سوننەت ولەوانەیە وتەیەکی هەبێت پێچەوانەی سوننەت بێت و نەك بەقەستی ویستبێتی پێچەوانەی بکات، جاری واش هەیە مرۆڤ بێ ئاگا دەبێت وهەڵە دەکات لە راڤەکاندا).وەدەفەرموێت: (نازانین پیاوێك هەبێت کەهەموو سوننەتی کۆکردبێتەوەو هیچی لێ نەرۆیشتبێت، وەئەگەر زانیاری هەموو زانایان کۆکرابێتەوە و ئەم پیاوەیش هێنابێتی، ئەوکاتەزاڵ بووە بەسەر سوننەتدا هەمووی) کۆکردۆتەوە، وەئەگەر زانیاری هەریەك لەزانایان لەلای خۆی‌بێت ئەوا ئەوکاتە شتێکی زۆر رۆیشتوە لەو پیاوە،پاشان ئەوەیشی کەلەم رۆیشتوە لەلای یەکێکی تر هەیە، ئەمانیش لەزانستدا چەند چینێکی جیاوازن، هەیانەلەزانایان زۆربەی سوننەتی کۆکردۆتەوە، هەرچەند هەندێکی لێ رۆیشتوە،وەهەیانە کۆکەرەوەی ئەوەیە کەجگە لەم کۆیان کردۆتەوە،ئەوەی کە کۆکەرەوەی زۆرترینی سوننەتەو کەمێکی لێ رۆیشتوە، بەڵگەنی‌یە لە سەر ئەوەی کەداوای‌بکات لەلای زانایانی جگە لەچینەکەی خۆی، بەڵکو لەلای‌زانایانی هاوشێوەی خۆی بەدوایدا دەگەڕێتو داوای دەکات هەتا دەستی دەکەوێت وهەموو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) کۆدەکاتەوەبەدایك وباوکمەوە

---

(١٠) رواه في شرح النووي في اربعينه وقد ضعفه شيخنا المحدث العلامة محد ناصر الدين الالباني . راجع مشكاه المصابيح ج ١ ص ٥٩ ؛المكتب الاسلامي.

بەقوربانیبم، ئەوکاتە کۆمەڵێك لەزانایان هەرکەس بۆخۆی کۆی دەکاتەوە کە پلە پلەنو لەیەك ئاستدا نین لەوەی کەتێگەیشتون[١١].

وەزانایپایەبەرز مامۆستا احمدشاکر لەسەر ئەم وتەیە دەدوێت و دەفەرموێت: (ئەم شتەی کەئیمامی شافیعی فەرموویەتی دەربارەی سوننەت تێڕوانینێکی دورو لێکۆڵینەوەیەکی وردکارو بینینێکی فراوانە، لەسەر ئەوەی کە زانایان کۆیان کردۆتەوە لە سوننەت، لەسەردەمی خۆی وسەردەمی پێش خۆی، کەلەو کاتەدا دیوانی سوننەتەکان کۆنەکرابونەوە، تەنها کەمێك نەبێت، کەزانایان کۆیان کردبوەوە لەوەی کە ریوایەتیان کردبوو، پاشان زانا (حفاظ)ەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی سوننەتەکان بوون لە پەرتوکە گەورەو بچوکەکاندا، ئیمامی احمدیکوڕی حەنبل – قوتابی ئیمامی شافیعی– (مسند)ە گەورە ناسراوەکەی داناو وەسفی دەکردو دەیفەرموو: ئەم پەرتوکەم کۆکردۆتەوە وپوخت کردوە لەزیاتر لەحەوت سەدو پەنجا هەزار (٧٥٠,٠٠٠) فەرموودە،جا ئەگەر موسڵمانان جیاوازیان هەبوو لەفەرموودەی پێغەمبەریخوا (ﷺ) بابگەڕێنەوە سەری ، ئەگەر تێیدا بوو ئەوا تەواوە، ئەگەرنا ئەوابەڵگەنییە وفەرموودەنییە، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر فەرموودەی صحیح لەدەستی چووەو لێی رۆیشتوە، وەلەصحیحی بخاری و مسلم چەندەها فەرموودەی تێدایەکە لە (المسند) دا زۆربەی سوونەتیان تێدایە بەلام جێگای هەمووی تێدا نەبۆتەوە وهەمووی نەگرتۆتەخۆی، بەلام ئەگەر ئێمە ئەوەی تێیدایە لەفەرموودە کۆی بکەینەوە و لەگەڵ ئەو فەرموودانەی تردا هاتووە (بەناوبانگەکان) وەکو (مستدرك الحاكم ، السنن الكبرى للبهيقي، والمنتقى لابن جارود، سنن الدارمي، معاجم الطبراني الثلاثة، مسند ابي يعلى والبزار)، ئەگەر ئەو فەرموودانەی کەوا لەم پەرتوکانەدا هاتووەکۆی بکەینەوە، ئەوکاتە سوونەتەکانمان هەموو وەرگرتووەو وەدەست کەوتووە انشاءالله وەزیاتر گومان ئەوەیە کە سوونەتەکانمان هەموو وەرگرتوە و هیچمان لەدەست نەچووە، بەڵکو نزیکە بڵێین هەموویەتی، ئەمەیش مانای وتەکەی ئیمامی شافیعی یە(ئەگەر زانیاری هەمووزاناکان کۆبکاتەوە ئەو کاتە هەموو سونەتی کۆکردۆتەوە)وە وتەکەی تری (زانا یەك یەك کۆیان

---

(١١) الرسالة (ص٤٣).

کردۆتەوە). وەکو بڵێی ئیمامی شافیعی بەتێڕوانینەوە وتویەتی پێش ئەوەی بەنوسین لێی بکۆڵێتەوە بەکردار — لله درە) وە پرسیارم کرد لەزانای پایە بەرزمان محمدناصر الدین الالبانی سەبارەت بەوتەکەی پایەبەرز احمدشاکر بۆچونی چیە ئەویش فەرمووی: (ئەوەی مامۆستا احمد شاکر باسی کردووە لەپەرتوکی حدیث گومانی زیاتر ئەوەیە کەهەموو سوننەتیان نەگرتۆتەخۆ، چونکە جگە لەمانە پەرتوکی ترهەیە کەگرنگیخۆیان هەیەو مامۆستا احمد باسی نەکردوون وەکو صحیح ابن خزیمە، صحیح ابن حبان ، مصنف ابن ابی شبیە ومسندەکەی ، مصنف عبدالرزاق، جگە لەمانە پەرتوکیتر).

ئێمەیش دەڵێین: هەر پێشەوایەك یاخود مەزهەبێك کەزانیاری بەهەموو سوننەت نەبووە جەخت لە سەر پێویستێتی فڕێ دانی چاولێکەری کوێرانە دەکات هەرکاتێ: سوننەتی صحیح هەبوو، وە ئەمە ڕێگای ڕزگاریە لەجیاوازی.

وە پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە پیویستێتی دەست گرتن بەسوننەتەوە لەکاتی جیاوازیدا دەفەرموێت: (وإنه من يعش منكم فسيري اختلافا كثيرا، فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين، تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ، واياكم ومحدثات الامور فان كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة)[12].

واتە: هەرکەسێك لە ئێوە بژی لە پاش من ئەوا جیاوازیەکی زۆر دەبینێت، لەوکاتەدا دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی (هەرچوار) جێنشینە راستە هیدایەت دراوەکان، دەستی پێوەبگرن و بەکەلبەکانتان قەپی لێ بگرن[13]، وەئاگادارتان دەکەمەوە لەو داهێراوانەی کەلەدیندا داهێنراون، چونکە هەموداهێنراوێك بیدعەیە وەهەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە .

(١٢) حديث صحيح رواه (احمد وابو داود٤٦٠٧ ( صحيح الترمذي ٢٦٧٦ ) (صحيح ابن ماجة ٤٠).

(١٣) واتگە تونگد بیگرنگو هیچگی لێ بەرمەدنگەوە وەگگو بلگێی پێغەمبگەر ﷺ بگەوەحی پگێی وتگراوە کەموسگلمان پشگت لگە سوننەتەکەنو دەستی لێ بەردەدن.

# تايبەت مەنديەكانى پێغەمبەر (ﷺ)

ئەڵقەى يەكەم

م. عدنان عبدالقادر سەيوانى.

## الخَصَائِص

### خصائص انفرد بها نبينا عن بقية الانبياء

- ما اختص به لذاته في الدنيا
- ما إختص به لذاته في الاخرة
- ما إختص به لذاته في امته في الدنيا
- ما إختص به لذاته في امته في الاخرة

### خصائص انفرد بها نبينا عن أمته

- ما حرم عليه دون غيره
- ما ابيح له دون غيره
- ما وجب عليه دون غيره
- ما اختص به من الفضائل و الكرامات

گومانی تێدانی‌یە کە پێغەمبەران (ﷺ) هەڵبژێردراوانی پەروەردگارن لەنێو هەموو مرۆڤایەتی‌دا ، کەسانێکیش کە خوای دانا و زانا بەتایبەت هەڵیبژاردبن ، دەبێت لەوپەڕی کەماڵ وتەواوی‌دابن تاوەك شایستەبن بۆ پەیامی خوایی ، چونکە کەماڵی ((خَلْق)) ی‌و ((خُلُق))ی کاریگەریەکی گرنگیان هەیە ، لەگەیاندنی ئەم پەیامەدا.

﴿ اللَّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ ﴾[1] .

پێغەمبەری بەڕێزمان محمد (ﷺ) کە دوا هەمین پێغەمبەرە وەك هەموو پێغەمبەران (ﷺ) کاملترین مرۆڤی سەر زەوی و خاوەنی چەندین تایبەت مەندی‌یە . ئەوەی لەم بابەتەدا دەمانەوێت خوێنەری بەڕێزی پێ ئاشنا بکەین چەند روویەکی ئەم تایبەت مەندیانەیە کەدەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە دابەش بکرێت :-

زانایانی ئیسلام (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) گرنگی‌یەکی زۆریان بەم بوارە داوە ، وە چەندین نووسراوی هەمە جۆر لەم بارەوە تۆمار کراوە . وەك ((**الخصائص الكبرى**))ی ئیمامی سیوطی و ، ((**خصائص أفضل المخلوقين**))ی ابن الملقن و ، ((**بداية السول في تفضيل الرسول** ))ی عزی کوڕی عبد السلام و چەندین بەرهەمی بەنرخی تر کە گەواهین لەسەر گەورەیی ئەم پێشەوا مەزنە هەزاران دروودی پەروەردگاری میهرەبانی لەسەر بێت ، بەڵکو نەیاران و دوژمنانی ئیسلامیش شایەتی گەورەیی و بێگەردی ئەم سەروەرەیان داوە هەر لەکۆنەوە تا ئێستا جائیتر چ گەورەیی‌یەك لەم ئاسانەدایە کە دۆست و دوژمن شاهیدی بۆ بدەن .

## شَهِدَ الأنام بفضله حتى العدا والفضل مَاشَهِدَت بِهِ الأعداءُ

لەم ئەڵقەیەدا دەچینە خزمەت بەشی یەکەم : ماختص بە (ﷺ) لذاتە في الدنيا.

خوای پەروەردگار پێغەمبەری پێشەوای (ﷺ) تایبەتمەند کردووە (بەهەندێك تایبەتمەندی) کە لە پێغەمبەرانی تردا ئەم جۆرە تایبەتیانە نین ، بەپشتیوانی پەروەدگار هەریەك لەو تایبەتمەندیانە بە کورتی باس دەکەین :-

### ١- پەیمانی گشتی :-

پەروەدگاری بوونەوەر لەیەکەم پێغەمبەرەوە کە پێغەمبەر (آدم)ە ، هەتا پێغەمبەر (عیسى) (علیهم الصلاة والسلام) هەموو پێغەمبەران خوای گەورە پەیمانێکی گشتی لێ وەرگرتوون کە هەمووان بە گەلەکانیان ڕابگەیەنن کە

---

(١) {سورة الانعام:١٢٤} .

باوەڕ بە پێغەمبەر محمد (ﷺ) بهێنن و ببنە یارمەتی دەری ئاینەکەی گەر پێی گەیشتن.

خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُوا أَقْرَرْنَا قَالَ فَاشْهَدُوا وَأَنَا مَعَكُمْ مِنَ الشَّاهِدِينَ ﴾[2] .

زانایانی تەفسیر لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموون { مابعث الله نبيا من الابياء الا أخذ عليه ميثاق ، لئن بعث الله محمداً وهو حي ليؤمنن به ولينصرنه }[3] ، جارێکیان ئیمامی عمر (رضي الله عنه) پەڕاوێکی بەدەستەوە بوو کە تەوراتی تێدا نوسرابوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی پێکەوت فەرمووی ئەی عومەر (رضي الله عنه) (( والذي نفسي بيده لو أن موسى (ﷺ) كان حيا ماوسعه إلاّ ان يتـبعني ))[4] ، واتە : سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە کە خودایە ، ئەگەر موسای پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیاندا بوایە دەبوایە شوێن ئەم ئاینەی من بکەوتایە .

(٢) {سورة :آل عمران} .
(٣) انظر : (تفسير الطبري) (٢٦٣/٢) ، و(تفسير ابن كثير) (٣٨٦/١) .
(٤) اخرجه : احمد في (المسند) (٣٨٧/٣) وقال محققه الشيخ الالباني في (المشكاة) (٦٣/١) اسناده حسن .

## ٢- پەیامەکەی گشتیە :-

هەر پێغەمبەرێك کە پەروەردگار ناردوویەتی بۆ گەلەکەی خۆی بووەو بەس ، وەك لە چەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە .

*بۆ پێغەمبەر نوح دەفەرموێت:
﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ ﴾[5] .

*بۆ پێغەمبەر هود دەفەرموێت:
﴿ وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً ﴾[6].

*بۆ پێغەمبەر صالّح دەفەرموێت:
﴿ وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحاً ﴾[7] .

*بۆ پێغەمبەر لوط دەفەرموێت:
﴿ وَلُوطاً إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ ﴾[8] .

*بۆ پێغەمبەر شوعەیب دەفەرموێت:
﴿ وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً ﴾[9] .

بەلاّم پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) پەیامەکەی گشتیەو بۆ هەموو مرۆڤایەتیە بەڵکو نێرراوی خودایە بۆ پەری و مرۆڤیش ، وەك دەفەرموێ :

* ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ﴾[10] .

* ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً ﴾[11] .

(٥) {سورة الاعراف:٥٩} .
(٦) {سورة الاعراف:٦٥} .
(٧) {سورة الاعراف:٧٣} .
(٨) {سورة الاعراف:٨٠} .
(٩) {سورة الاعراف:٨٥} .
(١٠) {سورة الانبياء:١٠٧} .
(١١) {سورة سبأ:٢٨} .

* ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً ﴾[١٢] .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت (( أعطيت خمساً لم يعطهن أحد قبلي ..... پاشان دەفەرموێت وكان النبي يبعـث الى قومه خاصة وبعثت الى الناس عامة ))[١٣] ، وەلـە فەرموودەیـەکی تـردا دەفـەرموێت ((والذي نفس محمد بيده لايسمع بي أحـد من هذه الامة يهودي ولانصراني ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به الا كـان مـن أصحاب النار ))[١٤] .

**٣-کۆتـایی هێنەری پێغەمبەرانە:- (علـيهم الـصلاة والـسلام) :**

یـەکێکی تـر لـە تایبەتمەندیـەکانی پێشەوامان (ﷺ) ئەوەیە کە ئیدی پاش ئـەو هـیچ پێغەمبـەرێکی تـر نایـەت وە خاتەم و کۆتا پێغەمبەرە ،وەهەر کەسێك دوای ئـەو بانگێـشەی پێغەمبەرایـەتی بکات ئـەوە بـە درۆزنێکی زەق لەقەڵـەم دەدرێـت ، خـوای پـەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ ........ ﴾[١٥] .

وەلەچەندین فەرموودەدا ئاماژە بەم تایبەتمەندیـە کراوە وەك دەفـەرموێت (( فضلت على الانبياء بست ....) پاشان دەفەرموێت ((...... وختـم بي النبيـون ))[١٦] ، وەدەفـەرموێت (( إن الرسـالة والنبوة قد إنقطعت فلا رسول بعدي ولانبي ....))[١٧] ، وەدەفەرموێت (( وأنا العاقب الذي ليس بعده أحد ))[١٨] .

**٤-بوونی زاتی پیرۆزی ڕێگری بەڵاکان بووە :-**

گەورەترین بەخششی خوایی بۆ ئـەم ئومەتە ئەوە بووە کە زاتـی پـیرۆزی ئـەو پێشەوایە هۆیـەکی سـەرەکی بـووە بـۆ پاراسـتنی هـاوەڵانی لـە هـەموو تـەنگ و چـەڵەمەیەك ، بـە پێـچەوانەی گـەلانی پێشوو کە بەهۆی تاوانەکانیانـەوە بـەڵای خوایی دابەزیوەتـە سـەریان ، لەکاتێکدا کـە پێغەمبـەرەکانیان لـە ناویانـدا بـوون (علـيهم الـصلاة والـسلام) . کاتێ گەلی نوح پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) بە درۆ خستەوە خوای گەورە سزای سەختی بۆ ناردن وەك دەفەرموێ:

(١٢) {سورة الاعراف:١٥٨} .
(١٣) انظر : (فتح الباري) (٥٥٣/١) ، ومسلم برقم (٥٢١) .
(١٤) اخرجه : مسلم (١٥٣) .
(١٥) {سورة الاحزاب:٤٠} .

(١٦) اخرجه : مسلم (٥٢٣) .
(١٧) اخرجه : الترمذي (٥٢٧٢) بسند صحيح ، وصححه الحاكم ووافقه الذهبي في (المستدرك) (٣٩١/٤) وأصله في الصحيحين ، و(صحيح الجامع) (١٦٢٧) باسناد صحيح .
(١٨) اخرجه : البخاري –فتح -٦ (٣٥٣٢) ، ومسلم برقم (١٢٥) .

﴿ ..... وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ ..... ﴾(١٩) .

يان دەفەرموێت:

﴿ ...... وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا ..... ﴾(٢٠) .

* گەلی (عاد) کە دژایەتی پێغەمبەر (هود)یان دەکرد (ﷺ) ، خوای گەورە دەفەرمویت:

﴿ وَفِي عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ الْعَقِيمَ * مَا تَذَرُ مِنْ شَيْءٍ أَتَتْ عَلَيْهِ إِلَّا جَعَلَتْهُ كَالرَّمِيمِ ﴾(٢١) .

* بۆ گەلی (ثمود)یش کە پێغەمبەر صالح یان بە درۆخستەوە ، خوای گەورە دەفەرمویت:

﴿ فَأَخَذَهُمُ الْعَذَابُ ﴾(٢٢) .

* بۆ گەلی (لوط)یش خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿..... جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِنْ سِجِّيلٍ مَنْضُودٍ ﴾(٢٣) .

* گەلی مەدیەن کە دژایەتی پێغەمبەر (شوعەیب)یان دەکرد خوای گەورە فەموویەتی:

﴿ .... فَكَذَّبُوهُ فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُوا فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ ﴾(٢٤).

عزی کوڕی عبد السلام دەفەرموێت (ڕەحمەتی خوای لێبێت) { ومن خصائصه (ﷺ) أن الله أرسله رحمة للعالمين فأمهل عصاة أمته ولم يعالجهم ابقاء عليهم بخلاف من تقدمه من الانبياء فإنهم لما كذبوا عوجل مكذبهم ......}(٢٥) .

وەلەم بارەیەوە فەرموودەی زۆر هاتووە ، هەندێك بۆ نموونە و پاڵپشتی ئەم مەسەلەیە دەهێنینەوە :-

* لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕوایەت کراوە کە جارێکیان ئەبوجهل بە بڵندی هاواری کرد و ووتی:

﴿ اللَّهُمَّ إِنْ كَانَ هَذَا هُوَ الْحَقَّ مِنْ عِنْدِكَ فَأَمْطِرْ عَلَيْنَا حِجَارَةً مِنَ السَّمَاءِ أَوِ ائْتِنَا بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴾(٢٦) .

یەکسەر پەروەردگار ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) نارده خوارەوە کە دە فەرموێت:

﴿ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ ﴾(٢٧) .

وەلە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت (( ..... أنا أمة لأصحابي ، فإذ ذهبت أتى اصحابي ما يوعدون .... ))(٢٨) .

---

(١٩) {سورة هود:٤٤} .

(٢٠) {سورة الاعراف:٦٤} .

(٢١) {سورة الذاريات:٤١-٤٢} .

(٢٢) رسورة الشعراء:١٥٨} .

(٢٣) {سورة هود:٨٢} .

(٢٤) {سورة العنكبوت:٣٧} .

(٢٥) انظر : (غاية السول في خصائص الرسول (ﷺ) لابن ملقن تحقيق عبدالله نجم الدين بن عبدالله .

(٢٦) {سورة الانفال:٣٢} .

(٢٧) {سورة الانفال:٣٤} .

(٢٨) اخرجه : مسلم برقم (٢٥٣١) .

**٥-سوێند خواردنی پەروەردگار بە ژیان پیرۆزی :-**

خوای پەروەدگار لە قورئانی پیرۆزدا سوێندی بەزۆر شت خواردووە هەر شتێکیش سوێندی پێ بخورێت ئەوە نیشانەی گەورەیی ئەو شتەیە وەحکمەتی سوێند خواردنیش لێرەدا ئەوەیە کە تاوەکو بەڕێزی و گەورەیی سوێند پێ خوراوەکە لە دڵی گوێگردا بچەسپێنێت ژیانی پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) یەك پارچە نوور و ڕوناکی و ڕێز و سۆز و دڵسۆزی و وەفابووە وە بەڕێزترین مرۆڤێك بووە کە نمایشی بەندەیی تەواوی بۆ پەروەدگار ئەنجام دابێت هەر لەبەر ئەمەیە کە پەروەردگاری بوونەوەر لە قورئانی پیرۆزدا تەنها بە ژیانی پێغەمبەری سەروەر (ﷺ) سوێندی خواردووە وە سوێندی بە ژیانی هیچ پێغەمبەرێك یان مرۆڤێك لە قورئاندا نەخواردووە جگە لە پێغەمبەر محمد (ﷺ) وەك خوای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت:

﴿لَعَمْرُكَ إِنَّهُمْ لَفِي سَكْرَتِهِمْ يَعْمَهُونَ﴾[٢٩].

ئیبن و عەباس (رضي الله عنه) دەفەرموێت { ماخلق الله وما ذرأ وما برأ بنفساً اكرم عليه من محمد (ﷺ) وما سمعت الله أقسم بحياة أحد غيره ....}[٣٠] .

**٦-بانگکردنی بە** (النبي) **یان** (الرسول) (ﷺ) :-

یەکێکی تر لەولایەنە گرنگانەی کە تایبەت مەندی ئەم پێشەوا مەزنانە ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا لە هیچ جێگەیەکی دا بە ناوی (محمد) (ﷺ) بانگی نەکردووە ، بەڵکو یان بە (( ياأيها النبيّ )) یان بە (( ياأيها الرسول )) ، بەڵام پێغەمبەرانی تر بە ناوی خۆیانەوە بانگ کراون ، وەك دەفەرموێت :-

﴿ يَا آدَمُ اسْكُنْ .... ﴾[٣١].

﴿ يَا نُوحُ اهْبِطْ ...... ﴾[٣٢].

﴿ يَا مُوسَى إِنِّي اصْطَفَيْتُكَ.... ﴾[٣٣].

﴿ وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ * قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا ...... ﴾[٣٤].

﴿ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ.... ﴾[٣٥].

وە چەند ئایەتی تر ... بەڵام کاتێك دێتە سەر بانگکردنی پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) دەفەرموێت:-

---

(٢٩) {سورة الحجر:٧٢} .

(٣٠) انظر : (تفسيرالطبري) (٣٠/١٤) ، و(تفسير ابن كثير) (٥٧٢/٢) .

(٣١) {سورة البقرة:٣٥} .

(٣٢) {سورة هود:٤٨} .

(٣٣) {سورة الاعراف:١٤٤} .

(٣٤) {سورة الصافات:١٠٤-١٠٥} .

(٣٥) {سورة المائدة:١١٠} .

﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ..... ﴾(٣٦) .
﴿ يَـا أَيُّهَـا الرَّسُـولُ لا يَحْزُنْـك ..... ﴾(٣٧) .
﴿ يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ ..... ﴾(٣٨) .

وه ئەگـەر بـەووردی سـەرنجی ئـەو شوێنانەش بدەین کە باسی ناوی پیرۆزی پێغەمبەرمان (ﷺ) هاتبێت دەبینین بە دوایدا واتای پەیامداری و پێغەمبەرایەتی یەکسەر هاتووە ، وەك دەفەرموێت:
﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ .... ﴾(٣٩) .

یان دەفەرموێت:
﴿ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ ..... ﴾(٤٠) .

لێرەدا بە گرنگی دەزانم ئاماژە بەمەسەلەیکی گرنگ بدەم ، ئەویش بریتییە لەووتن یان نووسینی (صلوات) بە تەواوی هەرکاتێك ناوی پیرۆزی (محمد) (ﷺ) هێنرا یان نووسرا .. چونکە زانایان نووسینی (ص) یان (صلعم) یان (صل) یان (د.خ) ئەم جۆرە نووسینانەیان بەکار نەهێناوە – نووسراوە پیرۆز و بە پێزەکانیان باشترین گەواهی ئەم مەسەلەیەن .... زانایانی وەك ابن الحجر العسقلانی و ئیمامی النووی و چەندین زانای تری ئیسلام جەختیان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووەتەوە (ابن صلاح)ی شارەزووری دەفەرموێت { ینبغي ان یحافظ علی کتابه الصلاة والسلام علی الرسول الله (ﷺ) عند ذکره ، ولایسأم من تکریر ذلك عند تکرره فإن ذلك من أکبر الفوائد : ومن أغفل ذلك فقد حرم حظا عظیما .... } ، وەهەروەها ئیمامی سەخاوی لە کتێبی (فتح المعیث في شرح الفیه الحدیث)دا ، دەفەرموێت { وإجتنب ایها الکاتب (الرمز) اي الصلاة والسلام علی رسول الله (ﷺ) في خطك ، بأن تقتصر منها علی حرفین ونحو ذلك ، فتکون منقوصة کما یفعله الجهلة من بناء العجم غالبا وعوام الطلبة ، فیکتبون بدلا من (ﷺ) (ص)،(صم)(صلعم) فذلك لما فیه من نقص الاجر .... ! ، وئیمامی (سیوطي)ش لە کتێبی (تدریب الراوي)دا جەخت لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکاتەوە و لە کۆتایی باسەکەیدا لەم بارەوە دەفەرموێت (بل یکتبها بکاملها .... )(٤١) جا خوازیارین ئەم لایەنە گرنگە فەرامۆش نەکرێت کە جێگەی گرنگی پێدانی زانایانی پایەبەرزی ئیسلام بووە لە کۆن و نوێدا .

(٣٦) {سورة الانفال:٦٤} .
(٣٧) {سورة المائدة:٤١} .
(٣٨) {سورة المائدة:٦٧} .
(٣٩) {سورة آل عمران:١٤٤} .
(٤٠) {سورة الفتح:٢٩} .

(٤١) انظر : مجلة (الفتوى) عدد(١١١) ،ربیع الاول /١٤٢٣ هـ- ایار –حزیران /٢٠٠٢ م (ص/٢١) .

### ٧-قەدەغەکردنی ناوهێنانی بە تەنها :-

:خوای پەروەردگار فەرمانمان پێدەکات ئەوپەڕی ڕێز و ئەدەب بنوێنین لە کاتی هێنانی ناوی پیرۆزی ئەم پێشەوایەماندا ، دەبێت چۆن پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا تەنها بە (رسول الله) یان (نبی الله) بانگی کردووە ، وەك ئاماژەمان پێکرد لە خاڵی پێشوودا ، ئێمەش دەبێت هەمان هەڵوێست و هەمان شێواز بەکاربهێنین .

ئەم تایبەتمەندیەش بۆ پێغەمبەری خۆمانە(ﷺ) بەتەنها چونکە پێغەمبەرانی تر دروودی خوا لە هەموویان بێت ، گەلەکانیان بە ناوی خۆیانەوە بانگیان کردوون ، وەك لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە و خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قَالُوا يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ ..... ﴾[٤٢] ،یان﴿ قَالُوا يَا مُوسَى اجْعَلْ لَنَا إِلَهاً كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ ﴾[٤٣]، یان ﴿ إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ ..... ﴾[٤٤] .

بەڵام خوای پەروەردگار بۆ پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) دەفەرموێت:

(٤٢) {سورة الاعراف:١٣٤} .
(٤٣) {سورة الاعراف:١٣٨} .
(٤٤) {سورة المائدة:١١٢} .

﴿ لا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضاً قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنْكُمْ لِوَاذاً فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَنْ تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[٤٥] .

ئیبن و عەباس و موجاهد و سەعیدی کوڕی جوبەیر (رضي الله عنه) دەفەرمون {كانوا يقولون : يامحمد ، ياأبا القاسم ، فنهاهم الله عز وجل عن ذلك إعظاما لنبيه (ﷺ) وأمرهم أن يقولوا : يا نبي الله ، يا رسول الله }[٤٦] .

هەروەها زانایانی تەفسیر لەم بارەوە دەفەرموون { أمر الله تعالى أن يهاب نبيه (ﷺ) وأن يبجل وأن يعظم و أن يسود ..... }[٤٧] .

### ٨-خاوەنی ( جوامع الكلم )ە :-

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی کە پەروەردگار بە پێغەمبەری ئازیزمانی (ﷺ) بەخشیوە –بریتیە لەو ڕەوان بێژی و لێهاتووییە لە دەربڕینی واتاکان بە ڕستەیەکی زۆر کورتی تەواو پڕمانا ، کە ئەم جوانی دەستە واژانە لێك دراونەتەوە بە (مفاتيح الكلام) یان (جوامع الكلم).

(٤٥) {سورة النور:٦٣} .
(٤٦) انظر : (تفسير الطبري) (١٣٤/١٨) ، و (تفسير ابن الكثير) (٣١٨/٣) .
(٤٧) (تفسير الطبري) (١٣٤/١٨) ، و (تفسير ابن الكثير) (٣١٨/٣) .

لەفەرموودەیەكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (( فُضلت على الانبياء بست : أعطيت جوامع الكلم ....))[٤٨] ، هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت : (( أعطيت فواتح الكلم و جوامعه و خواتمه ))[٤٩] . (ابن رجب الحنبلي) دەفەرموێت : ئەم (جوامع الكلم)ە لە دوو ڕووەوەیە :- یەكەم / بریتییە لە قورئانە پیرۆزەكە لە ڕەوان بێژی و فەصاحەتیدا هیچ ووتە و پەرتووكێك لە ئاستیدانییە . دووەم / بریتییە لەو فەرموودانەی كە لە زاری پیرۆزی ئەوەوە بە ئێمە گەیشتوون و چەندین كتێبی فەرموودە و شەرح لەم بارەیەوە دانراون[٥٠] هەر بۆ نموونە فەرموودەی (( إنما الاعمال بالنيات وإنما لكل إمرئ مانوى .... ))ئیمامی شافعی (رحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت { هذا الحديث ثلث العلم : ويدخل في سبعين بابا من الفقه ..... }[٥١] . هەروەها چەندین فەرموودەی پیرۆزی تر كە زانایان لە خزمەتیاندا شەونخونیان كێشاوە و ڕاڤەیان كردووە وەك (فتح الباري) و (عمدة القاري) و (شرح صحيح مسلم) و (عارضة الاحوذي) و (عون المعبود) و (المفهم) و هەزارانی تری لەم جۆرە كە گەورەترین و بەكەڵك ترین گەوهەرن كە هەموو خوێندەوارێك گەر بیەوێت لە نهێنی و حیكمەتی فەرموودەكان تێبگات وە دەبێت لە خزمەتیاندا چۆك دابدات .

**٩-بوونی ترس وبیم لە دڵی دوژمنانیدا :-**

تایبەتمەندیەكی تر كە بەم پێشەوایەمان بەخشراوە (ﷺ) ئەوەیە كە خوای بە دەستەڵات ترس و بیمی خستوە دڵی دوژمنانی ئەم پێغەمبەرەوە لە ماوەی دووری یەك مانگە ڕێدا ! تەنانەت ئەگەر خۆشی بە تەنها بووبێت ! بەڵكو لە هەندێك فەرموودەدا ئەم ترسە لە دوورە ڕێی دوومانگەوەیە ! وەك دەفەرموێت (( نصرت بالرعب من مسيرة شهر ...)) [٥٢] ، لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت ((نصرت بالرعب من مسيرة شهرين يسير بين يدي .... ))[٥٣] .

(٤٨) اخرجه : مسلم(٥٢٣) .
(٤٩) اخرجه : الامام احمد في مسنده (٤٠٨/١) ، و (صحيح الجامع الصغير) (١٠٦٩) ، و (سلسلة الاحاديث الصحيحة) (١٤٨٣) .
(٥٠) انظر : (جامع العلوم والحكم) لابن رجب الحنبلي ، مكتبة السالة الحديثة (ص/٣) .
(٥١) انظر : (جامع العلوم والحكم) لابن رجب الحنبلي ، مكتبة السالة الحديثة (ص/٥) .
(٥٢) اخرجه : البخاري (فتح) (٣٣٥/١) ، ومسلم (٥٢١) .
(٥٣) اخرجه : البيهقي في (السنن الكبرى) (٢١٢/١) ، (صحيح الجامع الصغير) (٤٠٩٦) .

ئیمامی (ابن الحجر العسقلاني) دەفەرموێت { وهذه الخصوصة حاصلة له على الاطلاق حتى لو كان وحده بغير عسكر ..... ! }(٥٤) ، وەلە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت (( .... نصرت بالرعب شهراً أمامي و شهراً خلفي ....))(٥٥) .

**١٠-بەخشینی کلیلی خەزێنەی سەر هەموو زەوی :-**

بەخششێکی تر لە پەروەردگارەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەوەیە کە کلیلی خەزێنەی هەموو سەر زەوی لەبەر دەستیدا دانراوە پێی بەخشراوە وەلە چەندین فەرموودەدا ئەم ڕاستیە دووپات کراوەتەوە . لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (( ..... بينما أنا نائم إذ أوتيت خزائن الارض فوضع في يدي .... ))(٥٦) ، وەلە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت : (( .... وإني أعطيت مفاتيح خزائن الارض وإني والله ما أخاف عليكم أن تشركوا بعدي ولكن أخاف عليكم أن تنافسوا فيها ))(٥٧) .

**١١-لێخۆش بوونی خوایی بۆ هەمووگوناهەکانی :-**

پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) هەر لە ژیانـدا بوو- پەروەردگاری میهرەبان مژدەی پێدا کە لە گوناهی لەوەو پێش و لەوەو پاشی هەموو خۆش بووە ! . پەروەردگارمان دەفەرموێت:
﴿ إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُبِيناً * لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ ....﴾(٥٨).

زانایانی تەفسیر لەم بارەیەوە دەفەرموون { هذا من خصائص التي لا يشاركه فيها غيره ، و لم ينقل أنه تعالى أخبر أحداً من الانبياءِ بمثل ذلك ، بدليل قولهم يوم القامة : نفسي .... نفسي وهذا فيه تشريف عظيم لرسول الله (ﷺ) }(٥٩) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت : (( ولقد أعطاني ربي عزوجل ولافخر وغفر لي

(٥٤) انظر : (فتح الباري) (٥٢١/١) .
(٥٥) اخرجه : الطبراني في (المعجم الكبير) برقم (٦٦٧٤) ، (صحيح الجامع الصغير) للالباني (٤٠٩٧) .
(٥٦) اخرجه : البخاري (فتح) (م/٦) (٢٩٧٧) ، ومسلم (٥٢٣/٦) .
(٥٧) اخرجه : البخاري (فتح) (م/١١) (٦٥٩٠) ، ومسلم (٢٢٩٦) .
(٥٨) {سورة الفتح:١-٢} .
(٥٩) انظر : (بداية السول في تفضيل الرسول) (م) لعز بن عبدالسلام ، تحقيق : عبد الله بن صديق الغماري (د.ت) وتفسير ابن كثير (١٩٨/٤) .

ماتقدم من ذنبي وما تأخر وأنا أمشي حيـا صحيحاً .....))[٦٠] .

**١٢-مانــەوە و پاراســتنی قورئــانی پیرۆز :-**

هــەموو پێغەمبــەرێك لــە پێغەمبــەران دروودی خــوای گــەورەیان لێبێــت ، کــە خــوای گــەورە ناردوونی چــەند بەڵگــە و موعجیزەیەکی پێ بەخشیون کە بەڵگــەی ڕاست و دروستی گەیانـدنی پەیامەکـەیان بووە –بەڵام ئەم موعجیزانە (کاتی بوون) بە نەمانی ئەو سەردەمە موعجیزەکانیش کۆتاییـان هـاتووە ، بـەڵام ئـەم قورئانـە پـــیرۆزە کـــە بـــەنرخترین خـــەڵاتی پەروەردگارە بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وە بــۆ ئۆممەتەکــەی ،موعجیزەیــەکی پـارێزراوە لـە سـەردەمی دا بەزیندیـەوە هـەتا ڕۆژی دوایـی ، زانایـانی پایەبـەرزی ئیـسلام دەفـەرموون { لو اجتمع الاولون والآخرون على أن يزيدوا فيـه كلمـة أو ينقصوا منه لعجزوا عن ذلك ، ولايخفى ما وقع من التبديل في التوراة والانجيل..}[٦١] . لــە قورئــانی پــیرۆزدا ئــەم مەســەلەیە دووپات کراوەتەوە لە چەندین جێگــەدا ، ئێمە ئایەتی:

﴿ إِنَّـا نَحْـنُ نَزَّلْنَـا الـذِّكْرَ وَإِنَّـا لَـهُ لَحَافِظُونَ﴾[٦٢] .

بەســە کەبیکەینــە بەڵگــەی ئــەم مەسەلەیە ، لە کۆنەوە تـا ئێستا هـەوڵی زۆر دراوە لەلایـەن دوژمنـانی ئیـسلامەوە کە پیتێك زیاد بکرێت یـان لابـبرێ بـەڵام هــیچ هــەوڵێك ســەرکەوتنی بەدەســت نــەهێناوە ، وەســەرکەوتنیش بەدەســت نایەت ،چونکە بڕیارێکە و لەلایـەن خـوای خاوەنی هێز و دەستەڵاتەوە دراوە .

**١٣-شەوڕەوی (الاسراء والمعراج):**

دوایـن تایبەتمەنـدی لەبەشـی یەکـەم ئـەم تایبەتمەندیەیـە کـە بەتـەنها بـۆ پیغەمبـەری خۆمـان محمـد المـصطفى (ﷺ) بووە ، ئەویش شەوڕەوی پێکردنی لـە (المـسجد الحـرام) لـە مەککـەوە بـۆ (المسجد الاقصى) کە بـەیت المقدسـە لـە (ئیلیاء) ، وەلەوێشەوە بۆ ئاسمانـەکان و پاشان بۆ (سدرة المنتهـى) وە گەڕانـەوە تەشـریفی پـیرۆزی بـۆ (مەککـە) هـەر لەهــــــــەمان شـــــــــەودا.

بـاس وخواسـی (الاسـراء والمعـراج) لـە قورئان و سوننەتدا زۆر گرنگـی پـێدراوە ، وەلـەو شـەوە پـیرۆزەدا پێغەمبـەرمان (ﷺ) پێش نوێـژی هـەموو پێغەمبـەرانی کردووە .

(٦٠) اخرجه : الامام احمد في (المسند) (٣٩٣/٥) بسند حسن

(٦١) انظر : (غاية السول في خصائص الرسول) (ص/٧٠) .

(٦٢) {سورة الحجر:٩} .

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلاً مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾(٦٣).

وەلە سورەتی (النجم) ئایەتی (٣) هەتا ئایەتی ١٨) باسی (میعراج) کراوە ، وەلە قورئانی پیرۆزدا بە صەریحی (الاسراء) باسکراوە وە (معراج)یش بەفەرموودەی (المتواتر) وە لەقوئانیشدا ئاماژە (الاشارة) باسی هاتووە .ئەم تایبەتمەندیانە گەورەترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم پێغەمبەرە (ﷺ) سەرداری هەموو پێغەمبەرانە ، ئاینەکەشی دوایین ئاینە و لەدوای ئەو هیچ پێغەمبەر و هیچ ئاینێکی تر نایەت وەئاینی ڕاست و پەسەند کراویش لای پەروەدگار تەنها ئیسلامە وەك دەفەرموێت:

﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلامُ﴾(٦٤).

لێرەدا دێینە کۆتایی ئەڵقەی یەکەم خودای میهرەبان پشتیوان بێت –لە ئەڵقەی داهاتوودا– دێینە سەر بەشی دووەم کە (ماختص به لذاتة في الآخرة) یە .

---

(٦٣) {سورة الاسراء:١} .

(٦٤) {سورة آل عمران:١٦} .

# ڕێگا داهێنراوەکانی بانگەواز کردن
# الوسائل المبتدعة في الدعوة

م.عبد الكريم محمد

الحمد لله رب العالمين : -

قسەو باس زۆر کراوە لەسەر ئەوەی ئایا ڕێگاکانی بانگەواز (وسائل الدعوە) ڕاوەستاوە لەسەر ئەو هۆکارانەی ڕۆژگاری پێغمبەر (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی ، یان هۆکاری بانگەواز بەر فراوانەو هەر بانگەوازکارێك بۆی هەیە لێی زیاد بکات چۆن پێی باشە بۆ ڕۆژگار و شوێنی بانگەوازی تا بگاتە ئامانجی بانگەوازی کە چاك کردنی خەڵکە ؟

ئاشکرایە لای بانگەواز کاران کە دوو بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر هۆکاری بانگەواز :

بۆچوونی دووەم کە ڕاسترین بۆچوونە بەبەڵگەی شەرعی ئەوەیە کە هۆکاری ***بانگەواز ڕاوەستاوە لەسەر ئەو هۆکارانەی ڕۆژگاری سەلەفی صالح و زیاد کردن لێی کارێکی هەڵەیەو زیانی زۆرە بۆ بانگەواز***

بۆچوونی یەکەم ئەوەیە کە هەڵگرانی بانگەواز ی بۆدەکەن گوایە هۆکاری بانگەواز بەرفراوانەو بانگەواز کار بۆی هەیە بەپێی تێگەیشتنی خۆی چ ڕێگەیەك گونجاوە هەڵی بژێرێت بۆ بانگەوازی با جیاوازیش بێت لە ڕێگەی بانگەوازی پێغمبەریش (ﷺ)ئەم بۆچوونەش شی کراوەتەوە بە دوو لێکدانەوە و بۆ هەرلێکدانەوەیەکیش کۆمەڵی خۆی هەیە :

لێکدانەوەی یەکەم : مەبەستیان ئەوەیە هەموو ڕێگەیەك و هۆیەك بتگەیەنێت بە ئاماناج - پاك کردنی خەڵکی - ئەگونجێ بانگەواز کار بەکاری بهێنێ ئەگەر پێچەوانەی شەرعیش بێت و قەدەغە کراو بێت

ئەم قسەیەش بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە - کە بە بەرژەوەندی بانگەواز - ناسراوەو شەرعیش بە پووچەڵی دادەنێت لەبەر ئەوەی قسەیەکی بەتاڵە _ کرنەوەی ڕێگەی بەم شێوەیە لە بانگەوازدا سەر ئەکێشێت بۆ گۆڕینی بەڵگە شەرعیەکان و گۆڕینی هەموو سنورە شەرعیەکان ) ( المستصفی : للغزالی ، 139/1)\

بەڵگـــەیان بـــۆ دروســـتێتی ئـــەم مەبەســـتەیان تـــەنها ئـــەو بنـــصینە جوولەكەییەیە كەزاڵە بەسـەریاندا (الغایـة تـبرر الوسـیلة) ، واتـە : بـۆ گەشـتن بـە ئامانج هەموو هۆكارێك پەسند دەكرێت

***نموونەی هۆكارو ڕێگە ناشەرعیەكان :***

دروسـتێتی سـەما كـردن و گـۆرانی و زیـان گەیانـدن بەموسـوڵمان بەتایبـەتی لەكاتی ئەنجام دانی یاری ( الملاكمـة ) و( المـصارعة الحـرة) ، وە درۆكـردن بـەدەم موسـوڵمانەوەو تاشـینی ڕیـش و سمێـڵ درێژ كردن و پۆشاكی تەسك لەبـەركردن ( پـانتۆڵ) و بۆینبـاخ لـەمل كـردن و ڕێ پێوان و مارو دووپشك گـرتن و خـواردنی، و تێكەڵ كردنی ژن و پیاو ..ئەمانـەو زۆر شـتی تـریش كـە گوایـە بـۆ بەرژەوەنـدی بانگەواز كردنە لەڕێگای خوادا

***لێكدانەوەی دووەم*** : مەبەسـتیان لـەم قــسەیە ئەوەیــە كــە هــەموو ڕێگایــەك بتگەیەنێت بە ئامانج كەباشكردنی خەڵكە – ئەگونجێ بانگەوازكار بیگرێتـە بـەر لـە بانگەوازیدا بەمەرجێك شەریعەتی ئیسلام پوچەڵی نەكردبێتەوە .

ئـــەم لێكدانـــەوەش ناســـراوە ***بـــەو بەرژەوەندیـــەی كەبەڵگـــەی تایبـــەتی بێدەنگە لەسەركردن و نەكردنی.***

بـــۆ تێگەیـــشتنی ئـــەم بۆچـــوونەش پێویـــستە بـــزانین بێـــدەنگی بەڵگـــەی شەرعی لەسەری دوو جۆرە : –

1 – نـــەگونجانێتی لەگـــەڵ هەڵـــسو كەوتی شەرعیدا بۆیە بەڵگەیەكی تایبەتی لەسەر نەهاتوە كەلەگەڵ ئەومانایەدا یەك بگرێت بۆیە ناگونجێت بەڕێگـەی شـەرعی ناو ببرێت و وەریش ناگیرێـت لـە شـەرعدا چونكە وێنەی نیە

2 – گونجانێتی لەگەڵ هەڵسو كەوتی شەرعیدا بەشێوەیەك كەمانای ئەو وێنەی هەیــە لەشـــەرعدا بەشـێوەیەكی گـشتی بــەلاَم بــەبێ بەڵگەیــەكی دیـاری كـراو ، ئەمەش ناسراوە بە ( المصالح المرسـلة ) ( الاعتـــصام للـــشاطبی ، 611/2 – 612) بەدەستكاریەوە

جائەگەر ئـەم بەرژەوەندیـە بگونجێـت لەگـەڵ هەڵسوكەوتی شـەرعیدا پێویـستە سەیری بكەین : ئایا داواكاری كردنی بوە لـــەڕۆژگاری پێغمبـــەردا (ﷺ) یـــان داواكاری نەبوە ؟

هـەمو كارێـك داواكردنـی هـەبوو بێـت لـــەڕۆژگاری پێغمبـــەردا (ﷺ) ئەگـــەر كردنی بەرژەوەنـدی بووبێـت و نـەكرابێت تێدەگـەین كـە كردنـی بەرژەوەنـدی نیـە بۆیە نەكراوە . بەلاَم هـەركارێك داواكـاری كردنـــی بووبێـــت دوای مردنـــی پێغمبـــەر

(ﷺ) وەكردنی تاوان نەبێت ئـەگونجێت كردنی بەرژەوەندی تێدا بێت .

ئـەوە ڕوون كردنـەوەو چەسـپاندنی وتـەی ( شـیخ الاسـلام إبـن تیمیـة یـە – ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت – بـۆ جیـاوازی كــردن لـــەنێوان : البـــدع والمـــصالح المرسلة).

***پاشـان پرسـیارێك دەكرێـت : ئایـا شـــەریعەتی ئیـسلام بەرژەوەندیـەكی فەرامۆش كردوە كە بەرژەوەندی خەڵكی تێدا بێت ؟ .***

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە إبن تیمیـه _ رحمه الله _ فەرموویەتی :

وەلاَمـی تـەواو ئەوەیـە شـەریعەتی ئیـسلام هـیچ بەرژەوەندیـەك فـەرامۆش ناكـات بـەڵكو خـوای گـەورە دینـی تـەواو كـردوە بـۆ ئێمـەی موسـوڵمان و هـەموو ڕۆژیەكی تـەواوی پـێ بەخـشیوین ، هـیچ شـتێك نـەماوە لـە چاكە كـردن بـۆ نزیـك بوونەوەمان لە بەهەشت مەگـەر پێغمبـەر (ﷺ) بـۆی بـاس كــردوین – لەســەر ڕوناكیــەك ئێمــەی موســوڵمانی بــەجێ هێشتوە كەشـەوەكەی وەكـو ڕۆژ وایـە و هەركەسێك لەو ڕوناكیە لابدات تیا چوە .

بـەلاَم ئـەوەی ئـەقلّ بـە بەرژەوەنـدی بزانێـت و لەشـەرعدا بـاس نـەكرابێت دوو وەلاَمی هەیە : –

1 – ئەوەیە شەرع ڕوونی كردوەتەوە بەلاَم خەڵكی زانیاریان پێی نیە .

2 – ئەوەیـــە بەرژەوەنـــدی نیـــە بابەرژەوەنـــدیش بـــاس بكرێـــت ، لەبەرئـــەوەی بەرژەوەنـــدی ئەوەیـــە سوودەكەی دەست بكەوێت یـان سـوودی زیاتر بێت .

زۆر جـار خـەڵكی وا گومـان ئەبـەن كەكارێك سوودی هەیە بۆدین وژیـن بـەلاَم سوودەكەی كەمترەو زیانەكەی زۆرترە .

ئەمـــەش مانـــای ئەوەناگەیـــەنێت دژایـەتی ( المـصالح المرسـلة ) بكرێـت بەڵكو ( المصالح المرسلة ) هەقە ، بـەلاَم كردنی بەبەڵگە كاتێك دەبێت بـەگوێرەی ئـەو مەرجانـە بێـت كـەزانایان ڕوونیـان كردوەتەوە ، كەواتە ( المـصالح المرسـلة ) بـەگوێرەی بەڵگـەكانی شـەرعە . بـۆ نموونە :

1 – كۆكردنـەوەی قورئـان : بەڵگـە لەســەری وتــەی خــوای پــەروەردگار كەدەفەرموێت :

﴿إنّ علینا جَمعَه وقرآنه﴾[1].

كۆكردنـەوەو خوێنـدنی ئـەوە لەسـەر ئێمەیە .

ئەگـەر بوترێـت ئـەی بۆچـی پێغمبـەر (ﷺ) قورئانی كۆنەكردەوە ؟ لەوەلاَمـدا ئەوترێت لەبەر هۆیەك بوو ئـەویش بریتـی

---

[1] {سورة القيامة:17}.

بوو لەهاتنە خوارەوەی قورئان لەماوەی ژیانی پێغمبەردا (ﷺ) وەخوای گەورە هەندێك لەقورئانی نەسخ دەكردەوە بەئیرادەی خوا خۆی ، بەمردنی پێغمبەر (ﷺ) ئیتر قورئان نەسخ نابێتەوە ، دوای مردنی پێغمبەر (ﷺ) هاوەڵەكانی قورئانیان كۆكردەوە ، پێغمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت ( إنّ الله لایجمع أمتی أو قال: أمّة محمد علی ضلالة ...)[2] .

2 – نوسینەوەی زانیاری بەڵگە لەسەری فەرموودەی پێغمبەر (ﷺ) (( قیدوا العلم بالکتابە )) . صحیح الموافقات للشاطبي .

كەواتە شەریعەتی ئیسلام هیچ بەرژەوەندیەكی فەرامۆش نەكردوە بۆ بانگەواز كەبەهۆی بانگەوازەوە گومڕاكان ڕێگای هیدایەت وەرئەگرن .

بێگومان ئەو قورئان و سوننەتە كە خوا بە نیگا ناردوویەتی بۆ پێغمبەر (ﷺ) هەموو وەسیلەیەكی بانگەوازی تێدایە ، ئەگەر وانەبێت و قورئان و سوننەت بەس نەبێت كەواتە پەنابەخوا دینی پێغمبەر (ﷺ) ناتەواوەو پێویستی بەتەواو كردن هەیە .

پێویستە ئەوەبزانین كە هەموو كردەوەیەكی چاك خوای گەورە فەرمانی پێكردوە بەواجبی یان بەسوننەت ، وەهەموو كردەوییەكی خراپ قەدەغە كراوەو ڕێگەی پێنادرێت .

هەركردەوەیەك ئەگەر بەرژەوەندی و خراپەی گرتە خۆ دڵنیاین كە فەرمانی خوا هەمووی حیكمەتە ئەگەر بەرژەوەندیەكە زیاترو زاڵتربوو ئەوا شەرع ڕێگەی پێ ئەدات ، بەڵام ئەگەر خراپەكە زیاترو زاڵتر بوو ئەوا شەرع ڕێگەی پێ نادات .

بەهەمان شێوە هەركارێك خەڵكی وابزانێت نزیك بوونەوەی تێدایە بۆلای خواو لە هەمان كاتیشدا خوا ڕێگەی پێنەداوە، هەروەها پێغمبەرەكەی (ﷺ)، كەواتە كردنی ئەوكارە زیانی گەورەترە لە لەسوودەكەی . لەبەر ئەوە ئەگەر سوودی زیاتر بوایە لەشەڕی بێگومان لەشەرعدا فەرامۆش نەدەكرا . بەدڵنیاییەوە پێغمبەر (ﷺ) حەكیمەو هیچ بەرژەوەندیەكی دینی فەرامۆش نەكردوە كەخەڵكی بەهۆیەوە نزیك ببنەوە لەخوا ی گەورە .

بەهیچ شێوەیەك درووست نیە بوترێت لەو ڕێگا شەرعیانەدا كەخوای گەورە ناردوویەتی بۆ پێغمبەر (ﷺ) ئەوەی تێدانیە كە هۆ بێت بۆ پەشیمان بوونەوەی تاوانباران .

بەحەقیقەت زانراوە كەزۆركەس تەوبەی كردوە لەبێباوەڕی و دەرچوون

[2] اخرجه : الترمذي (2167).

لەشەرع و تاوانكردن كەلەژماردن نایەت و هـــەرخوا خـــۆی ژمارەیـــان دەزانێـــت ، جاكـەوابوو بۆچـی بانگـەوازكار پەنابباتـە بـــەر چـــەند هۆكارێـــك لەبانگەوازیـــدا كەشـەرعی ئیـسلام رێگـەی پێنـەداوە ، لەگـــەڵ ئـــەوەی كەلەشـــەرعدا هـــاتوە لـەهۆكارە شـەرعیەكان كەبـەس بێـت بـۆ بەدەســهێنانی مەبەســتە شـــەرعیەكان لەبانگەوازدا بـۆ دینـی خـوا كەبریتیـە لـە تەوبـــەكردنی یـــاخی بوانـــو ڕێنمـــونی گومڕایان .

بابانگەوازكاران ئـەوهۆكارە شـەرعیانە بگرنەبـەر كـە ئیـسلام ڕێگـەی پێـداوە بەبەڵگەی قورئـان و سـوننەت، عبـدالله ی كـــوڕی مـــسعود(رضي الله عنه) فەرموویـــەتی: ((أيهاالناس إنّكم سَتُحدِّثن ويُحدَّثُلكم فـإذا رأيـتم محَدِّثـة فعلـيكم بـالأمر الأول))[3] . واتە: (( ئەی خەڵكینـە ئێـوە شتی تـازە دائەهێنن و خەڵكیش داهێنراوی دەبێت ، هــەركاتێك داهێنراوێكتـان بیینـی واجبـە بگەڕێنەوە بۆلای دینی ئیسلام كەبریتیـە لەقورئان و سوننەت .

هەروەها فەرموویـەتی : (( إنّـا نقتـدی ولا نبتدی ، ونتّبـع ولانبتـدع ، ولـن نـضلّ ماتمـسكنا بـالأثر))[4] .واتــە: (( ئێمــەی هـــاوەڵان شـــوێن قورئـــان و ســـوننەت ئەكەوین و خۆمان شت داناهێنین لەدینـدا ، شوێن سوننەت ئەكەوین و بیدعەناكەین ، گومڕانـابین هەتاهەتایـە ئەگـەر شـوێن سوننەت بكەوین .

(حذيفـــة) – خـــوایلێڕازی بێـــت – فەرموویـــەتی : (( یـــا معـــشر القـــراء اسـتقيموا فقـد سـبقتم سـبقاً بعيـداً فـإن أخـذتم يمينـاً وشمـالاً فقد ضـللتم ضـلالاً بعيـداً ))[5] . واتـــە : (( ئەیـــشارەزایان لـەقورئان بـەردەوام بـن لەسـەر دینتـان پێـــشكەوتنی باشـــتان دەســـتكەوتوە ، ئەگەر بەڕاست و چەپدا بـڕۆن ئـەوەگومڕا بــــــوون گومڕاییــــــــەكی زۆرو دووركەوتوونەتەوە )) .

هـــەروەها فەرموویـــەتی : (( اتبعـــوا سبيلنا ، ولئن اتبعتمونا لقد سبقتم سـبقاً بعيـداً ولـئن خالفتمونـا لقـد ضـــللتم ضـــلالابعيداً )) . لـــەم وتانـــەدا كـــە ڕێنموییمـــان كـــراوە بـــۆ شـــوێنكەوتنی ڕێگایڕاســـت لـــەكاتی بـــلاو بوونـــەوەی بیدعـــەو دەركـــەوتنی داهێنـــراوی زۆردا وەكو قسەی عبدالله ی كوڕی مـسعود – خوایلێ ڕازی بێت – فعليكم بـالامر الأول ، وەوتەی حذيفـە (اتبعـوا سـبلنا) شـوێن ڕێگەكەی ئێمە بكەون .

گەڕانەوەی كارەكان بـۆلای سـوننەتی پێغمبـــــەر (صلى الله عليه وسلم) و أصـــــحاب (رضي الله عنهم)

[3] اخرجه : في سننه (65/1).
[4] اخرجه : اللالكائي (68/1).
[5] اخرجه : البخاري في الفتح (13).

ئەوەچارەسەرە بۆ پاكبوونی كارەكانمان لەهەموو داهێنراوەكان لەهەموو بوارێكدا. لەبەر ئەوەی قسەوكردارمان پێویستە بەراورد بكرێت لەگەڵ قسەوكرداری أصحابدا بەكۆی بڕیاریان ئەگەر تەبابوون ئەوە پەسەندە وەئەگەر دژواربوون ناپەسەندە .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی دەربارەی ڕێگای كۆمەڵی ڕزگار بوو (( ماأنا علیه وأصحابی )) . رواه الترمذی ( 2641) . حسن صحیح صححه الترمذی.

شیخ عبداللە ی كوڕی عبداللرحمن ناسراو بەنازناوی ( أبا بطین ) – رحمه الله – دەربارەی هەندێ داهێنراو (محدثات) فەرموویەتی : ئەگەر داهێنراوەكان خێربوایەو خوا خۆشی بویستایە أصحاب (رضي الله عنهم) پێش هەموو خەڵكی ئەنجامیان ئەدا . لەبەرئەوەی أصحاب (رضي الله عنهم) شارەزابوون بەخێرەكان و بەپەرۆش بوون بۆ جێبەجێكردنی .

هەركەسێك بیدعەیەك بهێنێتە ناودین بۆنزیك بونەوە لەخوا لەهەمان كاتیشدا خواو پێغمبەرەكەی (ﷺ) بەكاری چاكیان دانەنابێ ئەو كەسە زیادەیەكی هێناوەتە ناودینەوە كەخوارێگەی پێنەداوە . قال تعالی:

﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُمْ مِنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنْ بِهِ اللَّهُ﴾ (6)

واتە : ( ئایا بۆئەوانە هاوبەشێك هەیە كەئاینێكی بۆ كردونە قانوونێ كەخوا ڕێگەی ئەوەی پێنەداون ) . هەروەها ئەوكەسە أصحابی بە نەزان و كەمتەرخەم لەقەڵەم داوە لەگەڵ ئەوەشدا باش بزانین كە خێر لەشوێنكەوتنی ئەصحابدایە و شەڕلەداهێنراودایە . الدرر السنیه ( 5/7.) .

گرنگیەكی ترهەیە دەربارەی بەرژەوەندیەكان پێویستە باس بكرێت لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی كەباس لەبەرژەوەندی ئەكەن بەزۆری فەرامۆشیان كردوە ، ئەگەر فەرامۆشیان نەكردبایە بێگومان تووشی سەر لێشێواوی نەدەبوون ، ئەویش بریتیە لەوەی ئەڵێن كەفلاَن كار بەرژەوەندی تێدایە دەست نیشانكردنی كارێكی زۆر قورسە ، بەحەقیقەت ئەگونجێ كەسانێك وابزانن بەرژەوەندی تێدایە لەهەمانكاتیشدا هیچ بەرژەوەندی تێدا نیە .

قسەكردن دەربارەی بەرژەوەندی تایبەتە بەزانایانەوە كەدادپەروەریان تێدایەو شارەزای تەواویان هەیە

---

(6) {سورة الشوری:21}.

دەربـــارەی حوکمـــە شـــەرعیەکان و بەرژەوەنـــدی ژیـــانی دنیـــا . چارەســـەرکردنی کێـــشەی خـــەڵکی پێویـــستی بـــەئاگاداربوون هەیـــە بەبەرژەوەندیـــەکان و زۆر خۆپاراســـتن لـــەزاڵبوونی ئارەزوەکـــان . لەبەرئـــەوەی ئـارەزو زۆرجـار خراپـەکان ئەڕازێنێتـەوە بەشـــێوەیەك وانیـــشان ئـــەدرێت کـــە بەرژەوەندیە ، زۆر جاریش تووشی لـەخۆ بایی بوون ئەبێت کەزیانەکەی زۆرتـرە تـا سوودەکەی(7) .

شـــیخ عمـــر الفاســـی لەنامیلکـــەی (الوقـف) دا فەرموویـەتی کەسـێك کـاری لاسـایی کردنـەوەبێت و توانـای ئـەوەی نـەبێت سـەیری بەڵگـەکان بکـات چـۆن بانگـەواز بـۆ ئەوەئـەکات کەبەرژەوەنـدی لەفلاّن کاردا هەیە .

بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی قسەکردن لەســـەر بۆچـــوونی یەکـــەم کـــە دەڵـــێن هۆکـــاری بانگـــەواز بەرفراوانـــەو بەچـــی ڕێگەیـــەك بیـــەوێت بانگـــەواز بکـــات بـــۆی هەیە بانگەواز بکات .

***<u>بۆچـوونی دوەم :</u>*** هۆکـاری بانگـەواز ڕاوەســـتاوە لەســـەر ئەوهۆکارانـــەی ســـەردەمی پێغمبـــەر (صلى الله عليه وسلم) و أصـحاب (رضي الله عنهم) وەحەلاّڵنیە بۆهیچکەس لێـی زیـاد بکات . بەڵگە لەسەری دامەزراوە لەسـەر ئەم پێشەکیانە کە دێت :–

پـپـشەکی یەکـەم : – خـوای گـەورە دینـی ئیـسلامی تـەواو کـردوە لەگـەڵ تـــەواوی نیعمەتـــەکانی بەســـەر بەندەکانیـەوە ، خـوای بـالاّ دەسـت دەفەرموێت:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾(8) .

ئیمـامی مالـك – ڕەحمـەتی خـوای لێبێت – فەرموویەتی هەرکەسێك لەدیندا شـتێك زیـاد بکـات کـە سـەلەفی صـاڵح لەســـەری نـــەبووبن ئـــەوە بەحەقیقـــەت گومانی وایە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناپـاکی لەگەڵ دینی ئیسلامدا کردوە لەبەرئەوەی خوا فەرموویەتی:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾(9)(10) .

پێـــشەکی دووەم : – خوایگـــەورە واجبی کردوە گوێڕایەڵی کردنـی پێغمبـەر (صلى الله عليه وسلم) وە بەختـــەوەری بەنـــدەکانی تایبەت کـردوە بەگوێڕایـەڵی کردنیـەوە ، وە قەدەغەی کردوە سەرپێچی کردنـی . خوای بالاّدەست دەفەرموێت :

---

(7) انظر : مصادر التشريع الاسلامي (ص85).

(8) {سورة المائدة:3}.

(9) {سورة المائدة:3}.

(10) انظر : الاعتصام للشاطبي.

﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ........وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقًا﴾ (11).

وە خوای گەروە دەفەرموێت:

﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ .........﴾ (12).

پێشەکی سێهەم : – پێغمبەر (ﷺ) فەرمانی کردوە بەکردنی هەموو خێرێك وە ڕێگری کردوە لە هەموو خراپەیەك ، پاکەکانی حەلاڵ کردوەو پیسەکانی حەرام کردوە ، خوای گەورە لە نیشان کاری پێغمبەردا (ﷺ) فەرموویەتی :

﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ .......هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (13).

وەلە (أبي ذر)ەوە خوای لێ ڕازی بێت گێڕراوەتەوە دەفەرموێت : (لقد تركنا رسول الله (ﷺ) وما يحرك طائر جناحه في السماء إلاذكرنا منه علماً) . واتە : ( پێغمبەر (ﷺ) ئێمەی بەجێ هێشتوە لەسەر ڕوناکیەك هیچ شتێك نەماوەتەوە کەپێویست بکات ڕونی بکاتەوە مەگەر ڕوونی کردوەتەوە تەنانەت ئەگەر باڵندەیەك بەئاسماندا بڕوات و باڵەکانی بجوڵێنێت دەربارەی خێرو شەڕی ڕوونکراوەتەوە بۆمان . رواه أحمد وزاد : فقال النبي (ﷺ) : (ما بقي شيء يقرب إلى الجنة ويبعد عن النار إلاوقد بين لكم).

لەصحیحی ( مسلم) دا هاتوە کە ( عبد الله)ی کوڕی (عمر ) خوایان لێ ڕازی بێت گێڕاویەتیەوە کە پێغمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ( ما بعث الله نبياً إلاّكان حقاً عليه أن يدل أمته على خير مايعلمه لهم وينهاهم عن شر ما يعلمه لهم )(14).

واتە " خوای گەورە هەرپێغمبەرێکی ناردبێت پێویستی کردوە لەسەری ڕێنمویی گەلەکەی بکات بۆ ئەوخێرەی کە ئەیزانێت وە گەلەکەی قەدەغە بکات لەو خراپەکاریەی کە دەیزانێت ) .

کاتێك کەئەم بۆچونە حەقە چەسپی ئێمە بەدڵنیاییەوە دەڵێین پێغمبەر (ﷺ) ڕوونی کردوەتەوە بۆ نەتەوەی خۆی هەموو هۆکارە شەرعیەکانی بانگەواز کردن ، جابەقسە بێت یان بەکردەوە یان بەقسەو کردەوە ، چۆن پێغمبەر (ﷺ) ئادابی چونە سەر ئاودەستی ڕوون کردوەتەوە و هۆکارەکانی بانگەواز فەرامۆش بکات لەکاتێکدا کە ئیسلام بەبێهۆکاری بانگەوازەکەی ڕاوەستاو نابێت .

ئەوڕوونکردنەوەی پێغمبەر (ﷺ) بۆهۆکارەکانی بانگەواز کردن ئەوەهۆکاری شەرعیەو گومڕاو

(11) {سورة النساء:69}.

(12) {سورة الجن:23}.

(13) {سورة الاعراف:157}.

(14) اخرجه : مسلم.

سەرگەردانەکان بەو هۆکارە شەرعیانە ڕێنمویی دەکرێن بۆناو دینی ئیسلام .

هیچ ڕێگەیەك نیە بۆپێکهێنانی کۆمەڵگایەك وەکو کۆمەڵگای سەردەمی پێغمبەر (ﷺ) مەگەر بەو هۆکارە شەرعیانە نەبێت ، هەروەکو ئیمامی مالك — رحمه الله_ فەرموویەتی : ( لن یصلح آخر هذه الأمة إلاّ بما صلح بها أولها ) . واتە: ( کۆتا نەتەوە چاك نابێت مەگەر بەو هۆکارانە نەبێت کە یەکەم نەتەوەی پێ چاك بوە ) .

زێدەڕەوی و زیاد کردن لە هۆکارەکان زیادکردنە لەشەرعی ئیسلام و دەرچوونە لەڕێگای موسوڵمانان ، پێغمبەریش (ﷺ) فەرمویەتی : ( من أحدث فی أمرنا هذا ما لیس منه فهو رد ) . واتە : ( هەرکەسێك بیدعەیەك لەدیندا زیاد بکات کە لەدیندا وێنەو شێوەی نەبێت لێی وەرناگیرێت ) .

دووهۆکار لە هۆکارەکانی بانگەواز باس دەکەم کە سەلەفی صالح زۆر بەتوندو تیژی ڕێگریان لێ کردوە باسوودیشی هەبێت ، ڕێگریان کردوە لەبەرئەوەی لەسەردەمی پێغمبەردا (ﷺ) نەبوە بەڵکو دوای ئەو پەیدا بوە ، ئەم ناڕەزاییەش ئەوەدەگەیەنێت کە سەلەفی صالح لەسەر ئەو بۆچوونەن کە هۆکاری بانگەوازی ئیسلام ڕاوەستاوە لەسەر ئەوهۆکارانەی کە شەرع ڕێگەی پێداوەو لەسەردەمی پێغمبەردا (ﷺ) کاری پێکراوە .

هۆکاری یەکەم : حدیث القصاص — قسەی چیرۆك خوان — :

إبن الجوزی فەرموویەتی : ( القاص هو الذی یتبع القصة الماضیة بالحکایة عنها والشرع لها ، وذلك القصص ) .

واتە : ( ئەوکەسەیە کەدەگەڕێت بەشوێن چیرۆکی نەتەوەکانی ڕابوردوو و ئەیگێڕێتەوە و شیدەکاتەوە ) . ئەم کارە خۆی بۆخۆی خراپ نیە لەبەرئەوەی باسکردنی هەواڵ و نەتەوەی ڕابوردوو پەندو ئامۆژگاری تێدایە بۆکەسێك ئامۆژگاری وەربگرێت .

بەڵام سەلەفی صالح پێیان باش نەبوە قسەی چیرۆك خوانەکان لەبەر ئەم شەش شتە :

1 — سەلەفی صالح لەسەر شوێنکەوتنی سوننەت بوون جا هەرکارێکیان بدیایە کەلەسەردەمی پێغمبەردا (ﷺ) نەبووبێت ناڕەزاییان دەربڕیوە بەرامبەر بەبوونی . ( کتاب القصاص والمذکرین — بواسطة نقل السیوطی عنه فی — تحذیر الخواص — ) . زانای بەناوبانگ ( زین الدین العراقی — رحمه الله — ) لەکتێبی ( الباعث علی الخلاص من حوادث القصاص ) دوای

ئەوەی فەرموودەی ( عرباض ) ی کوڕی (سارية) ی باسکردوە کەفەرموودەیەکی بەناو بانگە فەرموویەتی لەوشتانەی دوای پێغمبەر (ﷺ) داهێنراوە بریتیە لەقسەی چیرۆك خوانەکان وەکو هەندێك لەأصحاب (رضي الله عنهم) دژایەتیان کردوە . وەلەبوخاری و موسلم دا هاتوە لەعائیشەوە – خوای لێ ڕازی بێت – دەفەرموێت : پێغمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ( من أحدث في أمرنا هذا ماليس منه فهو رد) . وە لە( عبدالله) یکوڕی ( عمرو) ەوە گێڕراوەتەوە دەفەرموێت پێغمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ( لايقص على الناس إلاّ أميرٌ أو مأمور أو مراء ) . صحيح سنن إبن ماجه ( 3.37) . واتە ( قسەکردن دەربارەی چیرۆك خوانی و هەواڵی ڕابوردوان و ئامۆژگاری کردنی خەڵك تەنها ئەم سێ کۆمەڵە پێ هەڵدەستێت : فەرمان ڕەوا یان فەرمان پێسپێرراو یان ڕیاباز ( درۆزن) ) .

ئیمامی أحمد و طبرانی لە ( سائب ) ی کوڕی ( يزيد)ەوە گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی : . إنه لم يكن يقص على عهد رسول الله ولا زمن أبي بكر ولازمن عمر ) . واتە: ( چیرۆك خوانی نەکراوە نە لەسەردەمی پێغمبەرو (ﷺ) نە لەسەردەمی ئەبو بەکرو عومەردا ) .

هەروەها ( عبدالله ) ی کوڕی ( مسعود) (رضي الله عنه) چیرۆکخوانی بە بیدعە باسکردوە . وە (عمر)ی کوڕی ( عبد العزيز ) (رضي الله عنه) چیرۆکخوانەکان و ئەوانەش کەدادەنیشن لەگەڵیان فەرمانی دەکرد بەندیان بکەن . وەهەروەها ( عمر)ی کوڕی ( العلاء اليماني ) پرسیاری کرد لە ( سفيان الثوري ) ئایا پێشوازی بکەم لە چیرۆکخوانان ؟ فەرمووی : نەخێر پشتیان لێبکەن .

جوان تێبگەن چۆن سەلەفلی صالح توندووتیژ بوون بەرامبەر چیرۆك خوانەکان و ئاگاداری خەڵکیان کردوە خۆتان بپارێزن لە چیرۆکخوانەکان و حوکمی بیدعەچیان داوە بەسەریاندا لەپاداشتی کاری داهێنراویاندا کە چیرۆکخوانیە لەگەڵ بوونی سوودی چیرۆکخوانیدا تاڕادەیەك کەئاگاداری تێدایە بۆ بێئاگاکان و خراپەکارانیش سەرزەنشت دەکرێن بەوچیرۆکخوانیە بەڵام لەبەر ئەوەی چیرۆکخوانی لەسوننەتی پێغمبەردا نیە (ﷺ) بۆیە زیانی زۆرترە لەقازانجی و هەرکەسێکیش هەستێت بەجێبەجێکردنی چیرۆکخوانی بەبیدعەچی ناو دەبرێت بەڵام ئاگاداری ئەوەیش بین کە ئامۆژگاری و بیرخستنەوە بەبەڵگەی قورئان و سوننەت ڕێگەیەکی شەرعیە .

هۆکــاری دووەم — کەناشــەرعیە— : الـسماع المجـرد —گـوێ بۆئـاوازگرتن— : واتە ئاواز دانان بۆهەندێك پارچـە شـیعرو کردنی بەگۆرانی بەمەبەستی چاك کردنـی دڵــی خــەڵکی و ڕێنمــونی گومڕایــان و ڕاکێشانی دوورکەوتوان لەذیکـر بـۆ خێـرو چاکە .

زانــای بــەناوبانگ ( ابــن تیمیــە) _ رحمەاللــە_ دەربــارەی ئــەم ســەماعە فەرموویەتی : یانتەنها وتنی شـیعرەکەیە یان وتنی شیعرەکەیە بەچەپڵە لێدانەوەو وێنــەی ئەمانــە : شــتێکی داهێنــراوە لەئیسلامدا دوای تێپەڕبوونی سێسەدەی پڕخێـر پەیـدابوە ، ئـەو سێسەدەی کـە پێغمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : ( خیر أمتی القرن الذي بعثت فیە ثم الـذین یلـونهم ثـم الـذین یلـونهم )[15]، واتــە: ( خێرترینــی خەڵك ئەوخەڵکەیـە کـەمن لەناویانـدابووم دوایی سەدەی دوەم و سێهەم ) .

ناســراوان و گــەورەزانایان بەشــداری ئەو سماعەیان نەکردوە . ئیمامی شـافعی _ رحمەاللــە_ فەرموویــەتی : کاتێــك بەغــــدادم بەجێهێــــشت لادەرەکـــان شــتێکیان داهێنــابوو ناویانلێنــابوو ( التغــبیر) خــەڵکیان پێدووردەخــستەوە لەقورئان . کاتێك پرسـیارکرا لـە ئیمـامی أحمــد — ڕەحمــەتیخوای لێبێــت — دەربارەی ( سمـاع) فـەرمووی : شـتێکی داهێنــراوەو پــێم ناخۆشــە ، پێیــانوت : خەڵکی دڵی پێی نەرم دەبێت ، فەرمووی : لەگـەڵیان دامەنیـشن، پێیـان وت : ئایـا پەیوەنــدی لەگــەڵیان دەبــچڕێنرێت ؟ فەرمووی : ناگاتە ئەو ئاستە .

کەواتە ئیمامی أحمـد — رحمـە اللـە— ڕوونـــی کـــردەوە کـــە بیدعەیـــەو موســـوڵمانانی پێـــشوو نـــەیانکردوە نەلــەحیجازو نەلەشــام و یەمــەنو مــصرو عێــراق و خراســـان ، ئەگــەر ســـوودی تیابوایـە بۆموسـوڵمانان سـەلەفلی صـالح دەیانکرد .

پاشـــان ئـــەم سماعـــە ئەگـــەر بەرژەوەندیـەکی تێـدا بوایـە بێگومـان خوایگەورە پێغمبەرەکـەی (ﷺ) ڕێگـە پێدەدا ، وەهەرشتێك کردنی بـەبیانووی ئــەوەی دڵنــەرمی تیــادا دێتــەدی بەڵگــە لەقورئان و سـوننەت نـەبێت لەسـەرکرنی ئــاوڕی لێنادرێتــەوە. (ســهل) یکـوڕی (عبدالله التستری ) فەرموویەتی : (هەموو خۆشیەك قورئان و سوننەت بەڵگە نەبێت لەسەری ئەوەبەتاڵە) . جوان بڕوانـە ئـەم قسانە ئەی موسوڵمانی ژیر ، تەماشـابکە بـۆت دەردەکـەوێت کـە چـۆن سـەلەفلی صالح ڕێگری هـەموو هۆکارێکیـان کـردوە کـە بەڵگـە نـەبێت لەسـەری لەسـوننەتدا بائاشکرای ئەوهۆکارەش بەسـوود بێـت و

[15] اخرجه : مسلم (2534).

دڵنەرم بکات لەبەرئەوەی دڵنیاین کە پێغمبەر (ﷺ) هەموو شتێکی بۆڕوونکردووینەتەوە ئەگەر هۆکاری سماع بەرژەوندی تێدا بوایە بۆخەڵکی خواو پێغمبەر (ﷺ) فەرامۆشیان نەدەکرد بەڵکو فەرمانیان دەکرد بەکردنی بەواجبی یان بەسوننەت.

هەرموسوڵمانێك بەچاوی گەورەییەوە تەماشای بەرنامەی پێغمبەر (ﷺ) بکات چاك بزانێت کەبەرنامەیەکی تەواوەو سماعیشی تێدا نیە ئەوموسوڵمانە ئەوقسە هەقە وەردەگرێت و ملکەچی دەبێت ، بەلاَم کەسێك دڵی بەبیدعە خۆش بێت و دڵی بەبیدعە ئاوبخواتەوە بێگومان بەدوا هەموو هۆکارێکی بیدعیدا دەگەڕێت تادینی پێتەواو بکات (والعياذ بالله) وإنّا لله وإنّا إليه راجعون .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ......فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾ (16)

وە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ ............فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً مُبِيناً﴾ (17).

وە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ...... وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيماً﴾ (18).

موسوڵمانی خۆشەویست : دوا هۆکاری داهێنراومان باس کرد لەکۆندا کە سەلەفی صالح ڕێچ گریان لێ کردوە ، دووهۆکاری داهێنراوی تازەش باس دەکەین کەچۆن شوێنکەوتوانی سەلەفلی صالح ناڕەزاییان دەربڕیوە بەرامبەریان لەبەرئەوەی بیدعەیەو دەرچوونە لەبەرنامەی سەلەفی صالح .

هۆکاری یەکەم : التمثيل — نواندن و شانۆگەری / کەنەفام و گومڕاکان کردوویانە بەهۆکاری بانگەواز بۆلای ئیسلام ، کۆمەڵێك لەزانایان دژایەتیان کردوەو بەحەرامیان داناوەو شانۆگەری هۆکارێکی ناشەرعیە . (شیخ حمود ) ی کوڕی ( عبد الله التويجري) — رحمه الله — فەرموویەتی : دانانی شانۆگەری بۆ بانگەواز کردن بۆ ئیسلام بەهیچ شێوەیەك لەسوننەتی پێغمبەر نی یە (ﷺ) وەسوننەتی (خلفاء الراشدين) نیە ، بەڵکو شانۆگەری یەکێکە لەکارە داهێنراوەکان .

پێغمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوین کە خۆمان لە داهێنراوەکان بپارێزین و دژایەتی بکەین و هەواڵی پێداوین کە هەموو داهێنراوێك لەدیندا شەڕوگومڕاییە .

---

(16) {سورة النور:51-52}.

(17) {سورة الاحزاب:36}.

(18) {سورة النساء:61-65}.

لەوبەڵگانـــە فـــەرموودەی پێغمبـــەر (ﷺ) کـــە دەفـــەرموێت : (( علـــیکم بسنتی وسنة الخلفاء الراشدین المهدیین تمسکوا بها وعضوا علیها بالنواجذ وإیاکم ومحدثات الأمور فإن کل محدثة بدعة وکل بدعـة ضـلالة ))[19] ، ئـەم فەرمودەیـە بنـچینەی سـەرەکیە بۆقەدەغـەکردنی شانۆگەری کە بکرێتـە هۆکاری بانگـەواز لـە ئیـسلامدا لەبەرئـەوەی لەسـوننەتی پێغمبەر نیە (ﷺ).

بەڵگەیەکی تر فەرموودەی ( جابر) ی کوڕی ( عبدالله) یە (رضي الله عنه) کەدەفەرموێت پێغمبەری خـوا (ﷺ) کاتێـك کـە وتـاری دەخوێندەوە دەیفـەرموو : (( أمـا بعـد : فإنّ خیر الحدیث کتـاب الله ، وخـیر الهـدی هدی محمد (ﷺ) وشـر الأمـور محـدثاتها وکـل بدعـة ضـلالة ))[20] . وقـد رواه النـسائی بإسـناد جیـد ولفـضه : (( إنّ أصدق الحدیث کتـاب الله وأحـسن الهـدی هدی محمد (ﷺ) وشـر الأمـور محـدثاتها وکل محدثة بدعة وکل بدعـة ضـلالة وکـل ضلالة فی النار )) .

ئـــەم فەرمووودانـــەش بەڵگـــەن بـــۆ قەدەغـەکردنی شـانۆگەری کـە بکرێتـە هۆکـارێکی بانگـەواز لـە ئیـسلامدا لەبـەر ئـــەوەی هۆکـــارێکی بانگـــەواز نـــەبوەو لەســـەدەی چـــواردەهەمی کۆچـــیدا داهێنراوە .

بەڵگەیـەکی تـر ئـەم فەرموودەیـەی پێغمبـەرە (ﷺ) کەدەفـەرموێت : ((مـن عمل عملاً لیس علیه أمرنا فهو رد))[21] .

کاتێـك کـە ئـەم بەڵگانـەمان زانـی بائەوەش بزانین کـە بـۆهیچ کەسـێك نیـە بڵێـت شـانۆگەری بـە فـەرمانی پێغمبـەر (ﷺ) کـراوەو خراوەتـە ڕیـزی هۆکـاری بانگەوازکردن ، هەرکەسێك بەربـەرەکانی بکات و دژایەتی بکات و بڵێت شـانۆگەری بەفەرمانی پێغمبەر (ﷺ) کراوە بـا ئـەم فەرمانەی پێغمبـەر (ﷺ) ئاشـکرا بکـات کـە گوایـە بەڵگەیـە لەسـەر دروسـتێتی شانۆگەری کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بەڵگەی وائاشکرا بکات .

هۆکـاری دووەم : پـەیمان وەرگرتنـی داهێنـــراو لەموســـوڵمانان بـــۆ گرووپـــە ئیسلامیەکان: ئەم پەیمان وەرگرتنـە کـە دایانهێناوە بۆهۆکاری بانگـەواز کۆمـەڵێك لـەزانایان دژایـەتیان کـردوەو نوسـراویان نووســـیوە بـــۆ پووچـــەڵکردنەوەی وەبەهۆکارێکی گومڕاکەریان باس کردوە.

لەوزانایانە ( بکر بن عبدالله أبوزیـد) _ خوادامـــەزراوی بکـــات لەســـەر هـــەق _ دەفـــەرموێت : هۆکـــاری داهێنـــراو خـــوا پەرســـتی پـــێ ناکرێـــت ، لەوهۆکارانـــە

(19) اخرجه : الامام أحمد.

20 اخرجه : مسلم وأحمد وابن ماجة والدارمي.

21 اخرجه : مسلم وأحمد.

کەبانگـــەوازی ئیســـشلامی خەوشـــدار دەکـــات و ئـــاژاوە درووســـتدەکات و نەتــەوەی ئیسلام پارچەپارچــە دەکـات ئەوپەیمانــە داهێنراوەیــە کــە وەرگــیراوە لەسەرچاوەی بۆچوونی سۆفیگەریتیەوە و درێژبوونەوەی بۆ گرووپە ئیسلامیەکان . بابـاش بـزانین کـە پـەیمان وەرگــرتن لەخــەڵکی بــەناوی ئیسلامەوە تــەنها پەیمانوەرگرتنـــە لەخـــەڵك بۆپێـــشەوای ئیـــسلام کـــە کەســـانی شـــارەزالەدین ئەوپەیمانە پەسنددەکەن لەناونەتـەوەی ئیـــسلامدا جـــا ئەوپـــەیمان وەرگرتنـــە بەڕێگەیـەك ئـەنجام بـدرێت کـەخوا پێـی خۆشە وەکو پـەیمان وەرگرتنـی ( خلفـاء الراشدین) (﵃) یان بەڕێگەی زەوتکردن بەزۆر .

بـــەگوێرەی ئـــەم پەیمانـــە پێـــشەوای موسوڵمانان کاری موسـوڵمانان دەگرێتـە ئەسـتۆی خـۆی و ئـەرکی پێـشەوایەتی جێبەجێـــــدەکات : بـــــەتوانای + دەســـتەڵاتداری + بـــوونی هێـــز + قەدەغـــەکردنی کـــاری ناشـــیاو + چەسـپاندنی یاسـای ئیـسلام ، وەکـو چەســپاندنی ســنورە شــەرعیەکان ، دابەشـــکردنی مـــاڵ بەســـەر خـــاوەن هەقەکانـــدا ، دانـــانی نوێنـــەری خـــۆی لەهـــەموو شـــارەکاندا ، تێکۆشـــان دژی دوژمنی ئیـسلام ، ڕێکخستنی چـوون بـۆ حـەج و بـەجێهێنانی ئـەرکی جەژنـەکانی ڕەمـــەزان و قوربـــان و هـــەینی و پێـــنج فـــــەرزەی نوێـــــژی بەکۆمـــــەڵ و کارەشـەرعیەکانی تـر کەلەربەرژەوەنـدی هەموو خەڵکدایە .

ئـەم پەیمانـە ناسـراوە لـە ڕابـردووی ئیسلامداو بێجگە لەم پەیمانە پەیمانی تر پیـادە نـەکراوەو بـوونی نـەبوە ، بـەڵام بەدوورکەوتنـــەوەی خـــەڵکی لەســـوننەت چـەندەها نەگبـەتی و ناهـەمواری ڕووی کـــردە نەتـــەوەی ئیـــسلام بـــەهۆی شوێنکەوتنی ئارەزوەکانەوە .

چەندەها ناونیشانی جیاواز لەڕواڵەتـدا بۆیـەك مەبەسـت کـە پـەیمان وەرگرتنـی داهێنراوە لەدینی ئیسلامدا وەکو (البیعة الرضـــائیة) وەئـــەوترێت (البیعـــة الإستثنائیة) وەئـەوترێت (عهد المشایخ) و(الطریـق) و ( میثـاق الطریـق) ئەمانـە هـــەمووی داهێنـــراوە لـــە دینـــداو هـــیچ بەڵگەیـــەکی لەســـەر نیـــە لـــەقورئان و سـوننەتی پێغمبـەردا (ﷺ) وە أصحاب (﵃) نەیان کروە .

زانایـــــانی ســـــوننە دژایـــــەتیان کردوەوەبـــــەکارێکیان دانـــــاوە کـــــە سەرچاوەی لەشەرعدا نیە .

دوای ئـــەم پەیمانـــە داهێنراوانـــە گەشـــــەیکردوە هەریـــــەکێکیان لای گروپێکی تایبەت کەپەیمانی ئەم گروپانە

لەگـەڵ یەکتریـدا جیـاوازەو هـیچ کامیـان دان بەپـــەیمانی ئـــەوی تریانـــدا نـــانێن . لاشەی نەتەوەی ئیسلام پارچەپارچە کرا لەپـــەیمانی گۆشـــەگیری یـــەوە بۆپـــەیمانی حیزبــی بـــە ئاشـــکرا . گـــەنج ســـەری لێشێواوەو نازانێت بۆلای کـام خـاوەن پەیمان هەنگاو بنێت و پـەیمان بـەکامیان بدات کەهەمویان دژواری یەکن لەبۆچوون و کردەوەدا .

بەم شێوەیە شارەزا بوون کە هۆکاری بانگـــەواز ڕاوەســـتاوە لەســـەر هۆکـــارە شەرعیەکانی سـەردەمی پێغمبـەر (ﷺ) زانای بەناوبانگ (إبن تيمية) — رحمـه الله — بـــەجوانی و ڕێکـــو پێکـــی بەبەڵگـــەی شـــەرعی و عـــەقڵی ســـەلماندوویەتی کـــە هۆکـاری بانگـەواز ( توقیفیـة) لـەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئاراستەی کراوە :

کۆمـــەڵێك کـــەپێك هـــاتوون لەســـەر ئەنجامدانی چـەندکارێکی ناشـەرعیوەکو : ( کوشتن ، ڕێگـە گـرتن ، دزی ، ئـارەق خواردنەوە ، ... ) کەسێکیش کەناسراوە بەچـــاکەکارو شـــوێنکەوتەی ســـوننەت بیـــەوێت ئەوکۆمەڵـــە قەدەغـــە بکـــات لـــەکردنی ئـــەوکارە خراپانـــە ناتوانێـــت دوریانبخاتەوە بەوەنەبێت کەشیعریان بۆ بخوێنێتـــەوە لەگـــەڵ لێـــدانی دەفـــدا بـەئاوازەوە کاتێـك کـە ئـەم کـارەی کـرد چەندکەسێکیان پەشیمان بوەوەو ئەوەی نوێژی نەئەکرد دەستی کـرد بەنوێـژکردن ، هەروەها دزەکانیش پەشیمان بونـەوەو بڕیاری جێبەجێکردنی فـەرزەکانیان داو خۆیان لەقەدەغەکراوەکان بپارێزن .

ئایا ئەم جۆرەکارە درووسـتە بـۆ ئـەم کەسەناسـراوە بەشـوێنکەوتەی سـوننەت کە کردنـی ئـەمکارەی بەرژەوەنـدی تێـدا بـــوو ؟ لەگـــەڵ ئەوەشـــدا توانـــای نیـــە بانگەوازیان بکات تـەنها بـەم شـێوەنەبێت ؟ لەوەڵامدا فەرمووی :

الحمـد لله رب العـالمين : سەرچـاوەی وەڵام بۆئـەم کارانـەو وێنـەیان : بـابزانین کەکاتێك خوای گـەورە پێغمبـەری (ﷺ) ناردوە بەهیدایەت بۆ خـەڵك و بـەدینێکی هـەق تادینەکـەی بەسـەر هەمودینـەکانی تردا ئاشکرا بێت و خوایگەورە دینەکەی تــەواوکردوەو بۆخــۆی و بۆنەتەوەکــەی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا﴾ (22).

وەخـــوای گـــەورە مـــژدەی داوە بـــەژیانێکی پـــڕ بەختـــەوەری بـــۆ ئەوکەســـانەی کـــە گوێڕایـــەڵی پێغمبـــەر(ﷺ) دەکـــەن وەژیـــانێکی نـــاخۆش بۆئەوکەسـانەی کەسەرپێـچی دەکـەن بەرامبـەر فەرمانـەکانی ، خـوای بالآدەست دەفـەرموێت : (ومـن يطـع الله

(22) {سورة المائدة:3}.

والرسول .............). وەخوای گەورە فەرمانی کردوە بەبەندەکانی خۆی لەهەرشتێکدا کێشەتان بوو چارەسەری کێشەکەتان لای بەرنامەی پێغمبەرە (ﷺ) ، خوای بالأدەست دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ ..........................﴾(23)

وەخوایگەورە هەواڵی پێداوین کە پێغمبەر (ﷺ) بانگەواز دەکات بۆلای دینی خواو بۆ شوێنکەوتنی ڕێگای ڕاست ، وەك دەفەرموێت :

﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي .............﴾(24).

وە هەواڵی پێداوین کەفەرمان ئەکات بەچاکە و قەدەغە دەکات لە خراپە ئەوەی پاك بێت حەلاڵی کردوەو ئەوەی پیس بێت حەرامی کردوە ، وەك خوای بالأدەست دەفەرموێت :

﴿يَأْمُرُهُمْ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنْكَرِ ......................﴾(25).

وەخوای گەورە فەرمانی کردوە بە پێغمبەر (ﷺ) بەهەموو چاکەیەك و قەدەغەی کردوە لەهەموو خراپەیەك .

بەڵگە زۆرە لەقورئان و سوننەت بۆشارەزابوون بۆوەلأم دانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە .

پاشان فەرمویەتی ئەومامۆستایە مەبەستی بوە ئەو خەڵکەی کۆبون لەسەرگوناهە گەورەکان پەشیمان بنەوە بەلأم نەیتوانیوە کێشەیان چارەسەربکات بەم ڕێگە ناشەرعیە نەبێت ، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر نەزانینی ئەومامۆستایە بەرامبەر بەڕێگاکانی شەرع کە ئەتوانرێت بە ڕوونکردنەوەی تاوانباران پەشیمان ببنەوە ( تەوبە) بکەن .

پێغمبەری خوا (ﷺ) وأصحاب (رضي الله عنهم) کەسانێکیان بانگەواز کردوە بۆ ئیسلام کەتاوانیان زۆرگەورەتر بوە وەکو بێباوەڕی و هاوبەش بۆخوا پەیداکردن ، بەلأم بەڕێگە شەرعیەکان .

مەبەستی ( ابن تیمیة) — رحمه الله _ ئەوەیە کە هۆکاری ناشەرعی ناکرێتە ڕێگایەك بۆ بانگەواز کردن باخاوەن هۆکارە ناشەرعیەکە مەبەستی باش بێت. ئەمەش بۆ پابەند بوونی موسوڵمان بەبنچینەی پتەو لای سەلەفی صالح کەبریتیە لە: ***بەتەنهاو بەهەق زاتی الله ئەپەرستین و بەوشێوەش ئەیپەرستین کەڕێگەی پێداوین لەسەر زوبانی***

(23) {سورة النساء:59}.
(24) {سورة يوسف:108}.
(25) {سورة الاعراف:157}

***پێغەمبەر*** (ﷺ). مجموع الفتاوى ( 62/11. – 631) .

ئەم وەڵامەی زانای بەناوبانگ ( أبن تيميه ) –رحمه الله_ لەڕابردوودا وەڵامی زانای بەناوبانگ ( عبدالعزيز بن عبدالله بن باز) – رحمه الله _ لەم چەرخەدا کەفەرموویەتی : ئاشکرایە ئەوهۆکارانەی کە پێغمبەر (ﷺ) بەکاری هێناوە سەرەتا لە (مكة) و پاشان لە (مدينة) هەربەوهۆکارانە خەڵکی چاك ئەبێت ، وەکو ئیمامی (مالك) – رحمه الله _ فەرموویەتی : ***( کۆتایی ئەم نەتەوەی ئیسلامە بەوهۆکارانە چاك ئەبێت کەسەرەتای نەتەوەی پێ چاك بوە، نەتەوەی ئیسلام لەسەرەتادا بەقورئان و سوننەت چاك بوون و کۆتایی نەتەوەی ئیسلامیش تەنها بەقورئان و سوننەت چاك ئەبن)*** .

هەرکەسێك بیەوێت کۆمەڵگایەك چارەسەربکات یان کۆمەڵگاکانی تر لەدنیادا بەهۆکارە ناشەرعیەکان ئەوکەسە بەهەڵەدا چوەو پێچەوانەی هەقی وتوە. مجموع فتاوى الشيخ عبد العزيز بن باز ( 249/1) .

بۆچەسپاندنی ئەوڕاستیە کە هۆکاری بانگەواز (توقيفية) زانای سەردەم (الشيخ بكر بن عبدالله أبو زيد) فەرموویەتی : بانگەواز پێك هاتوە لەهۆکارو مەبەست ، حەقیقەتی بانگەواز _ مەبەست _ (توقيفية) بواری لێدوانی تێدا نیە ، حەقیقەتی بانگەواز چەسپاوەو ناگۆڕێت بەگۆڕانی ڕۆژگار و شوێن و حاڵی خەڵکی .

بنچینەی سەرەکی هۆکاری بانگەوازیش بەهەمان شێوەیەو دەبێت بەگوێرەی سەردەم و بەرنامەی پێغمبەر بێت (ﷺ) . پێغمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : (من أحدث فى أمرنا هذا ماليس منه فهو رد) وفى لفظ (من عمل عملاً ليس عليه أمرنا فهو رد)[26].

ئەوەی باسمان کرد چەند نمونەیەك بوو لەبیرو ڕای زانایان ی شوێنکەوتەی سەلەفی صالح بەبەڵگەوە دەربارەی هۆکارەکانی بانگەوازی ئیسلامی بەهیوای ئەوەی چارەسەر بێت بۆ دڵە نەخۆشەکان بەهۆی بۆچوونە داهێنراوو هۆکارە داهێنراوەکانەوە .

**بەپیادەکردنی هۆکارە شەرعیەکان پێویستیمان بەهۆکارە داهێنراوە تازە ناشەرعیەکان نیە **

هۆکارە شەرعیەکان کە پێغمبەری خوا (ﷺ) پیادەی کردوەو ڕێنمویی نەتەوەکەی کردوە بریتیە لە :

1 – وتاردان : وتاری هەینی ، جەژنی ڕەمەزان و قوربان گەورەترین هۆکاری

[26] انظر : حكم الانتماء الى الفرق (ص157).

بەسوودن بۆ بانگەواز کردن ، لەبەرئەوەی وتار بێژ هەموو باسێکی پێویست بۆنەتەوەی ڕوون دەکاتەوە لەپەرستندا ، کڕین و فرۆشتن ، خوڕەوشتی جوان و پڕخێر .

2 – خڕدانیشتن بۆ فێربوونی زانیاری (الحلق العلمية) کە پێغمبەری خوا (ﷺ) پیادەی ئەکرد و بەهەمان شێوەش أصحاب و تابعین خەڵکیان فێری دین دەکرد و زانیاریان بڵاو دەکردەوەو نزیکخستنەوەی زانیاریەکان بۆ هەرکەسێ کە بیەوێت .

3 – وەلاّم دانەوەی پرسیارەکان و فەتوادان بەگوێرەی بەڵگەی شەرعی تا خەڵکی حوکمی شەرعی جێبەجێ بکەن بۆبەدەست هێنانی بەختەوەری دین و دنیایان .

4 – بەجەنگاندن لەڕێی خوادا بڵاو بوونەوەی ئاینی ئیسلام لەهەموو شوێنێك لەسەر زەوی مسۆگەردەبێت .

هۆکاری شەرعی بۆ بانگەواز کردن زۆرە کە پێویستی بانگەوازکاران جێبەجێ دەکات لە هەموو شوێن و کاتێکدا. زانای بەناوبانگ (بکر بن عبدالله أبو زيد) خوا یارمەتی بدات بۆ کاری خێر دەفەرموێت :

لەبەزەیی خوای گەورە بەرامبەر بەندەکانی هەموو بەرژەوەندیەکانی بۆ دابین کردوون تا وڵاتیان ئاسودەبێت ، کاتێك کە تێکۆشان لەڕێگەی خوادا ڕێگەی پێدراوە و بەرامبەر دوژمنان تەنها بۆ بەرژەوەندی خەڵکە و مەبەستیش ڕەزامەندی خوایە .

لەهۆکارەکانی تر : –

5 – فەرمان کردن بەچاکەو قەدەغە کردن لە خراپە .

6 – ئامۆژگاری بەهێمنی و ژەندەها هۆکاری شەرعی تر .

7 – گۆڤار .

وە جەنگین لەڕێگەی خوادا بەگیان و ماڵ و بەزوبان و بەهێز ، بەرگریش بەهەمان شێوە دەبێت .

گۆڕینی خراپە بەدەست ئەمەش تایبەتە بەدەستەلاّتداران و خاوەن ماڵەوە، هەروەها گۆڕینی خراپە بەزوبان و وێنەی زوبانیش بەقەڵەم ، وە گۆڕین بەدڵ کە پێت ناخۆش بێت لەدڵەوە .

ئامۆژگاری بۆ پێشەوایان و هەموو خەڵکی بەچاکی ، ئامۆژگاری کردن بە قسەو نوسین و نامەیەك و بیرهێنانەوەی ڕۆژگاری ڕابوردو کە خراپەکاران بەهۆی بەردەوام بوونیان لەسەرخراپە چۆن خوای گەورە سزای بۆ ناردوون[27] .

بەهۆی ئەم هۆکارە شەرعیانەوە چەندەها بێباوەڕ باوەڕی هێناوەو

---

[27] انظر : حكم الانتماء الى الفرق (ص157-158).

چـەندەها خراپـەكار تەوبـەی كـردوەو چـەندەها گـومڕا هیدایـەتی وەرگرتـوە و چەندەها سەرلێ شێواو ڕێنمویی كراوە .

بەدڵنیاییەوە هۆكاری داهێنـراوە بۆتـە هـۆی لاواز بـوونی موسـوڵمانان لەبەرئەوەی پـەروەردە كـردن بـەهۆكاری داهێنراو تەنها لادەر دەبێت و باوەڕ لاواز دەبێـت ، چـەندەها پۆخڵـەوات و داهێنراوی تیاكۆدەبێتەوە .

كەسـانێك هۆكـاری داهێنـراو پیـادە دەكـەن كـەدورن لەبەرنامـەی سـەلەفی صـالحەوە ، لەبەرئـەوەی هـەركاتێك خـەڵكی دووركەوتنـەوە لـە سـوننەت و باوەڕیـان لاواز بـو پـەلاماری هۆكـارە داهێنراوەكـان دەدەن بـۆ بانگـەواز كردن[28].

هەركاتێكیش دڵەكان پەیوەست بوون بەداهێنراوەكانـەوە بێگومـان كاریگـەری داهێنراوەكان دەبێتە پەردەیـەك لـەنێوان ئـەوان و سـوننەتدا و دڵخـۆش نابێـت بەسوننەت وەك چۆن دڵخۆشە بـە بیدعـە تـاوای لێدێت سوننەتی بـەلاوە سـووك دەبێت ( والعیاذ باللە).

(حسّان بن عطیة) _ ڕەحمەتی خـوای لێبێـت _ فەرموویـەتی : ( هـیچ گـەلێك نیـە بیدعەیـەك لەدینەكەیانـدا زیادبكـەن مەگـەر خـوای گـەورە سـوننەتێك هـەڵ ئەكێـشێت لـە دڵیانـدا بەرامبـەر بـەو بیدعەیـە ، پاشـان تـاڕۆژی قیامـەت ئـەو سـوننەتە ناگەڕێتـەوە بـۆ لایـان ) رواە الدارمی بسند صحیح .

زانـای بـەناوبانگ (إبـن تیمیـة) _ ڕەحمەتی خوای لێبێت _ فەرموویـەتی : بەنـدە ئەگـەر هەنـدێك پێویـستی خـۆی لـەكارە ناشـەرعیەكان وەرگـرت ئـارەزوی بۆ كارە شەرعیەكان و سوودلێوەرگرتنی كەم دەبێتەوە بەپێچەوانەی كەسێك كـە هـەموو هـەوڵی بـۆ كـارە شـەرعیەكانەو خۆشویستنی هەیە بۆ كـارە شـەرعیەكان و سـوودی تـەواوی لێوەرگرێـت و دینەكـەی پـێ تـەواو دەكـات ، بۆیـە ئەبینین هەركەسێك زۆر گـوێ بگرێت لـە هۆنراوەكـان بـەهیوای چـاككردنی دڵـی، گـوێگرتنی لـە قورئـان كـەم دەبێتـەوە تـاوای لێ دێـت (والعیـاذ بـاللە) ڕقـی لـە گوێگرتنی قورئان دەبێتەوە .

هـەروەها كەسـێك زۆر سـەردانی نـەزرگاكان بكـات : خۆشەویـستی حـەج لەدڵیـدا نامێنێـت وەك و كەسـانێك كـە پـەیڕەوی سـوننەت بكـات ئـەوەی بـەردەوامبێت لـە وەرگرتنـی (الحكمـة والآداب) لەفارس و ڕۆم لەدڵیـدا حیكمـەت و ئـادابی ئیسلام ئـەو شـوێنەی نابێـت ، هەركەسێك خوبداتە چیرۆكی مەكیەكان و لەدڵیـدا جێگـەی چـیرۆك و چـیانی

---

[28] انظر : إغاثة اللهفان (200/1).

پێغەمبەران نامێنێتەوەو ئەم بایەخەی پێنادات . لەبەر ئەم کاریگەریەی هۆکارە داهێنراوەکان شەریعەتی ئیسلام بەتوندی دژی هەموو کەسێك وەستاوە کە بیدعەیەك لە دیندا زیاد بکات لەبەر زۆری خراپەکاری بیدعەچیەکان کەدەبێتە هۆی ناتەواوی دانە پاڵ ئیسلام ، هەروەها فەرموویەتی : هەرکاتێك دڵەکان بەبیدعە ئاودران ئەودڵانە جێگەی سوننەتی تیادا نامێنێت ، ئەودڵانە وەکو کەسێك وایە کەخواردنی حەرام و پیسی دەرخوارد بدرێت[29] .

کاتێك کە ئەوترێت هۆکاری بانگەواز (توقیفیة) مانای ئەوەناگەیەنێت کە سوود لە ئامێرە تازەکان ووەرنەگرین لە هەموبوارێکدا : بۆیە دەڵێین : هیچ زیانی نیە سوودوەرگرتن لەئامێرەتازەکان لەڕۆژگاری پێشکەوتودا ئەگەر شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێبدات بۆ گواستنەوەی هۆکارە شەرعیەکان ، بەحەقیقەت ئەم ئامێرە تازانە تەنها ئامێری گواستنەوەیە ئەگەر خودی ئامێرەکە قەدەغەکراو نەبێت لەشەرعدا هیچ زیانی نیە سوودلێ وەرگرتنی بۆ گواستنەوە ، (مكبِّر) ، ( میکروفون) ئامێری گواستنەوەی دەنگە ، دەنگیش لەهۆکارە شەرعیەکانە بۆ بانگەواز کردن بۆناو ئیسلام .

کاتێك کەپێغەمبەر (ﷺ) دەنگی لاواز بوو (أبوبكر) (رضي الله عنه) ( اللەأکبر) ەکەی بەدەنگی خۆی ئەگەیاندە موسوڵمانان ، بەردەوام سەلەفی صالح لەکاتی پێویستیدا کەسانێکیان دیاری دەکرد بۆگواستنەوەی (الله أكبر) لەکاتی لاوازی دەنگی ئیمامدا.

بەهەمان شێوە شریت خۆی بۆخۆی هۆکاری بانگەواز نیە کاتێك کەهیچی لەسەر تۆمار نەکرابێت بەڵکو هۆیەکە بۆ گواستنەوەی قسەکان کە تۆماردەکرێت تیایدا ، کەواتە قسەکردنەکە هۆکاری بانگەوازی شەرعیە نەك شریتەکە . هەروەها فاکس دەوری نێرراوەکان دەبینێت کەچۆن نوسراوەکانیان دەگەیاندە شوێنی مەبەست وەکو نوێنەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کەنامەی پێدا دەناردن بۆ کاربەدەستەکان لەشوێنە دورەکان . فاکس ئەگەر بۆکاری خێرو خزمەتگوزاری بەکاربێت چاکەو ئەگەر بۆکاری خراپ بەکار بهێنرێت خراپە .

زانای بەناوبانگ (بكر بن عبد الله) — خوا یارمەتی داری بێت — فەرموویەتی : هۆکاری بانگەواز لە ڕۆژگاری ئێستاماندا و لەداهاتوودا پێویستە ئەو ئەوهۆکارانە

[29] انظر : إقتضاء الصراط المستقيم (1/483-484)، (2/597-598).

بێت کە پێغمبەری خوا (ﷺ) پێ نێرراوەو مەبەستی شەرعی گەیاندوە ، جا هۆکاری ڕۆژگاری ئێستامان هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ ڕابوردوودا تەنها لەچەند ڕوویەکەوە نەبێت کە ئەویش پەیوەندی بە بنچینە سەرەکیە(توقیفیة) کانەوە هەیە .

1 – دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنانیان بە شێوەی شەرعی کە بۆ خێر بڵاوکردنەوە بێت بەهەموو بەشەکانیانەوە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هۆکارە شەرعیەکانە و هۆکارێکە هەرلەسەرەتای ئیسلامەوە بوە چونکە بانگەواز پشت بە قسەکردن دەبەستێت ، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش هەر قسەکردنە بۆ خەڵك تەنها شێوەی گەیاندنەکە زیادەیەکی تێدایە کەبریتیە لە خوێندنەوەو بیستن و بینین .

2 – دەزگاکانی فێرکردن قوتابخانە یاساییەکان بەبەرنامەو ڕێگەو قۆناغەکانیەوە هیچی لەهۆکارەکانی پێشو جیاواز نیە ، هەرلەسەرەتای ئیسلامەوە بانگەواز کردن بایەخی بەفێرکردن داوە وە فەرموودەکەی (جبریل) – علیه السلام – ئاشکرایە لای زۆرینەی موسوڵمانان کە باس لەفێرکردنی ئیسلام و ئیمان و ئیحسانەو نمونەیەکی ئاشکرایە لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامدا .

هۆکاری فێرکردنی ئەمڕۆو ڕابردوو هەریەکە تەنها جۆرە گۆڕانکاریەك لەبەرنامەو گەیاندن و بڵاو کردنەوەدا هەیە ، ئەوگۆڕانکاریەش ئەگەر بێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام نەبێت زیانی نیە ، بەڵام ئەگەر زیانی گەیاند وەرناگیرێت.

بەمشێوەیە ئاشکرا بوو کە بوونی ئامێرە تازەکان نابێتەکۆسپ لە ڕێگەی ئەوبۆچوونە هەقەدا کە بریتیە لە ( هۆکاری بانگەواز توقیفیە) بەمەرجێك حوکمی شەرعی بزانین دەربارەی ئامێرەکان ، ئەگەر شەرع پەسندی کرد وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلام ، ئەگەر شەرعیش پەسندی نەکرد وەرناگیرێت و بەکار ناهێنرێت بۆ بانگەواز کردن . وبالله التوفیق.

=====================

www.ba8.org
www.salafikurd.com
www.r-rast.com
1428 - 2007

# ڕاست کردنەوەی ڕێگای خوار

## خراپترین درۆ

مەلا جاسم

دوای ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) کۆچی دوایی کرد وهاوەڵەکانی بەرەو شوێنەکانی خۆیان گەڕانەوە بە کون و کەلەبەری وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە و خەڵکی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوویان کرد لەوان، بۆ ئەوەی ڕێگای پێغەمبەر (ﷺ) ون نەبێ و گوێ ڕایەڵییان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دووپات بکەنەوە، ئەوانەشی کە گەیشتن بە هاوەڵان بە مەبەستێك کە خەڵکی تر ڕوویان تێ دەکرد بۆ وەگرتنی ئەو شتانەی کە لە هاوەڵانەوە وەریان گرتووە، کە ئەمانە لەناو خەڵکدا بوون بە پێشەواو خاوەن ڕاو بۆچوونەکانی تر پشت گوێ خران، لەسەر دەروونی زۆر کەس گران بوو، چوونکە دەیانزانی خەڵکی گوێیان لێ ناگرن و تەنها ڕوویان کردووە لەو کەسانەی کە فەرموودە لە هاوەڵانەوە دەگێڕنەوە، بۆیە ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەست بکەن بە درۆکردن بەدەم هاوەڵانەوەو خۆیان بەو کەسانە دەربڕن کە لەوانەوە شت وەردەگرن، ئەم کارە درێوە بەردەوام بوو هەتا زانایانی ئیسلام بەگەرمی بە گژیدا هەڵچوون. بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر ئەم کارەیان قەڵاچۆ کرد و درۆزنیان ڕووڕەش کرد لەبەر چاووی موسوڵمانان هەتا هەتایە، ئەویش بەوەی کە کەوتنە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی یەك بە یەکی ئەو کەسانەی کە فەرموودەیان دەگێڕایەوە، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك ناسراو بێت بەوەی یەك فەرموودەی گێڕاوەتەوە ژیان نامە و شوێنی لە دایك بوون و مامۆستاکانی و هەروەها ڕێژەی لە خوا ترسان و ڕاست گۆیی ئەو لە ناو خەڵکدا و ... هتد، دەنوسرایەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر مرۆڤێکی ناسراوبێت بە درۆ هەر کە وترا لەو بیستراوە ئیتر تێبگەن کە درۆی کردووە. ئەم کارە بوو بەزانستێکی تایبەت و لەناو زانایان بە عیلمی ((الرجال)) یان عیلمی ((الجرح والتعدیل)) ناو زەد کرا، کە زانستێکی تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی باری ئەو

کەسانەی کە فەرموودە دەگێڕنەوە، لە ئەنجامی ئەم کارانەدا چەندین کتێبی گەورە دانرا لەوانە کتێبی ((الكمال)) کە دانراوی ((الحافظ المزي))ە و لەسی و شەش بەرگی گەورە پێك هاتووە تەنها باسی ژیانی ئەو جۆرە کەسانە دەکات، ئەوەش یەکێکە لە دەیان دانراوەی گەورەی تر کە زانایان شەونخونییان بە دیارەوە کرد بۆ پاراستنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە درۆ و دەلەسەی خراپەکاران، ئەوە بوو پاش کۆ کردنەوەی فەرموودەکان هیچ مەودا نەما بۆ درۆزنان چیتر درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) بکەن، تەنها ئەوە ما کەزانایان بکەونە ناو فەرموودە کۆکراوەکان و هەرچی کەسانی خراپ و نەزان ڕیوایەتیان کردبێ دەری بێنن و خەڵکی موسوڵمانیان لێ ئاگادار بکرێت.

کەوابوو کۆششی زانایانی ئیسلام هیچ مەودایان بۆ هەڵبەستنی فەرموودە نەهێشتەوە و چیدی کەس توانای ئەوەی نییە تەنها ووشەیەك هەڵبەستێ و یەکسەر زانایان و قوتابیانی فەرموودەناس لێیان ڕاست دەبنەوە و پێیان دەڵێن: ئەمەت لە کوێ بوو؟!.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تازە بە تازە فێڵ و تەڵەکەی شەیتان خەریکە لەسەدەی پانزەیەمی کۆچیدا سەر هەڵدەدا و جۆرێکی تر لە درۆ کردن بەدەم پێغەمبەر (ﷺ)ەوە پەیدا دەبێ، کە بە ئاشکرا لەسەر مینبەرەکان و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەناو زانکۆکان کار بەو جۆرە فێڵە دەکرێ بۆ فریودانی خەڵکی بۆلای قسەو قسەلۆکی خەڵکی نەزان و وا لە نەخوێندەوار تێدەگەینرێ کە ئەمەش جۆرێکی تازەی فەرموودەی پێغەمبەرە (ﷺ).

لەوانەیە هەر کەس لەئێمە دەیان جار ئەم جۆرە درۆیەی بیستبێ و هەر بە خەیاڵیدا نەهاتبێ کە ئەمە درۆ کردنە بەدەم پێغەمبەرەوە (ﷺ)، وە کە ئەم حاڵەتە نائاساییە بوو بە دیاردە پێویستە ئێمەی موسوڵمان هەموو کەسێك لەو ڕێگە خوار و خێچە ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی نە تووشی درۆکردن بین و نەتوشی باوەڕکردن بە درۆی خەڵکی تر بین، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ((إِنَّ كَذِباً عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ، مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ {مُتَعَمِداً} فَلْيَتَبَوأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)).

واتە درۆکردن بەدەم منەوە وەکو درۆکردن بەدەم کەسی ترەوە نییە، هەرکەس بەئەنقەست درۆم بە دەممەوە بکات با جێگای خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دیاری بکات وە دەفەرموێت: ((مَنْ قَالَ عَلَيَّ مَالَمْ أَقُلْ فَلْيَتَبَوأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)).

واتە: هەر کەسێك شتێکم بەدەمەوە بلێت کە من نەم وتبێت با جێگەی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا دیاری بکات.

ئەو جۆرە درۆیەی کە ئێستا پەیدابووە ئەوەیە کە دەبینین لە کاتی هاتنە پێشەوەی حوکمی شتێك دەڵێن: (ئەگەر پێغمبەر (ﷺ) ئێستا زیندوو بوایە وای دەکرد ! ! !).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بێژەری ئەم قسەیە حوکمەکە لە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە دەگێڕێتەوە و هیچ حوکمی ئەوی تێدانییە، بۆیە ئاشکرا دەبێت کە ئەم جۆرە درۆیە تەنها درۆکردن نییە بەدەم ئەو زاتە پیرۆزەوە، بگرە جۆرێکە لە قسە کردن لە پەنهانی (غەیب) چوونکە بێژەر چووزانێت ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) زیندووبوایە وای دەکرد ؟ ! !.

ڕۆژێکیان لە جێگایەك دانیشتوین باسی حوکمی بەکارهێنانی مۆسیقا هاتە پێشەوە، ئیتر لەبەر ڕوونی و بێگەردیی فەرموودەکان لەسەر ئەوەی کە مۆسیقا حەرامە و هیچ مەودای سەرسەختی کردن نەما، موسوڵمانێکی بەو جۆرە هاتە گوفتار و وتی: ((ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) زیندوو بوایە و لەم کاتەدا ئەم جۆرە مۆسیقایەی بدیایە بێگومان فەرمانی بە لێدانی دەکرد ! ! !)).

گرنگ ئەوەیە بۆ خەڵکی دەوروبەرم ڕوون کردەوە کە ئەم درۆیە و قسە کردنە لە پەنهانی، هەر چەند ئەوەی کە بە دەم پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموودەی هەڵبەست و کۆڵی نەدا و هەر بە فەرموودەی صەحیحی لە قەڵەم دەدا و بە سەنەدێکی عالی[1] گەیاندییە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کەسانێکی حەق ویست دەرکەوت کە ئەوە جورئەتێکی گەورەیە کە بەو شێوەیە لە خواترسان نەمێنێت و هەوڵ و کۆششی هەموو زانایان بە جۆرێکی تر لە تەڵەکانی شەیتان بە فیڕۆ بدرێت.

بۆیە بانگەوازی من بۆ هەر موسوڵمانێك کە ئەم ووشانە دەخوێنێتەوە ئەوەیە کە بەپێی توانای خۆی ئاگاداری دەور و بەری لەم درۆیە بکاتەوە بۆ ئەوەی چیتر موسوڵمانانی سادە و ساویلکە بەم جۆرە درۆیانە نەخەڵەتێن و ئەم ڕێگا خوارەش نەبێتە هۆی ئەوەی هیچ کەسێك لە ڕێگای ڕاست لا بدات.

---

[1] سەنەدی عال: ئەو فەرموودەیەیە کە لە نێوان پێغمبەر (ﷺ) و ئگێرەوەکەی خەلکی زۆر نەبێت.

# زاناترین ئافرەتی دونیا

## أعلم نساء الدنيا

م. محمد عبد الرحمن

**بسم الله الرحمن الرحيم**

لە ژمارەی ڕابردوودا (٣) لە ژێر ناونیشانی: ((ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی))دا باسی ئەوەمان کرد کە چەندێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) گرنگی دابوو بە فێرکردنی ئافرەتان لە (زانستی شەرعی)دا، وە ئەوەیشمان باس کرد کە ئافرەتانی صەحابە چەند ڕێگەیەکی شەرعی‌یان گرتبووە بەر بۆ ئەم مەبەستە زۆر گرنگ و پیرۆزە، بۆیە چەندین ئافرەت لەناو صەحابەدا هەڵکەوتبوون و جێگا و شوێنی خۆیان دیاری کردبوو لە بواری فێربوون و فێرکردن و گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بە تایبەت خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کە ماڵی هەر یەکێکیان خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەك بوو بۆ فێربوون و فێرکردن و گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی سوننەتەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە ناو خەڵکدا بەگشتی و لە ناو ئافرەتاندا بە تایبەتی، جا ئەو کەسەی پرسیاری شەرعی هەبوایە وەڵامی پرسیارەکەی لەلای خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) دەست دەکەوت، وە ئەگەر فتوای بویستایە ڕوی لە ئەوان دەکرد، وە ئەگەر گومانیشیان بۆ دروست ببوایە لە هەر بوارێکدا بۆ دڵنیا بون دەگەڕانەوە لای ئەوان.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿و أذكُرنَ ما يتلى في بيوتكُن من آيات اللهِ و الحكمة﴾[1].

واتە: ئەی خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بە بیری خۆتان بخەنەوە ئەوەی لە ماڵەکانتانا دەخوێندرێتەوە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ).

خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) پلەوپایە و ڕێزێکی زۆر زۆریان هەبوو لە دڵی هاوەڵان و شوێنکەوتواندا، بۆیە مردن و نەمانی هەر یەکێك لە دایکی ئیماندارانیان بە کەلینێکی زۆر گەورە و کارەساتێکی زۆر دڵتەزێن دەزانی.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموو

---

(1) سورة الأحزاب: {٣٤}.

ئافرەتـــان زانـــاتر و شـــارەزاتربوون لـــە قورئان و سـونەتدا بـەڵكو لـە زۆرێك لـە پیـاوانی صـەحابەیش زانـاتربوون، وەك لەو فەرموودانەدا بۆمان دەردەكەوێت كە هــاوەڵان بــۆ وەڵامــی پرســیارێك یــان فەتوایــەك یــان دڵنیــابوون لــە حــوكمی كردەوەیەك دەگەڕانەوە لای ئەوان.

بەڵام زاناتر ئافرەتی دونیا كێیە؟

زانایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت یەك دەنگن لەسەر ئەوەی كە زاناترین ئــافرەتی دونیــا عائیــشەی دایكــی ئیماندارانە(خوا لێی ڕازی بێت).

***گەورەیی و پلە بەرزی و چاكێتی عائیشە:***

پــێش ئــەوەی ئــەم ڕاســتیە بــسەلمێنین و ڕوونــی بكەینــەوە بــۆ خوێنەرانی بەڕێز پێم خۆشە ئاماژە بۆ هەندێك لەو فەرموودانە بكەم كە بەڵگەن لەســەر زۆر چــاكێتی و گــەورەیی و پلەوپایــە بــەرزی عائیــشەی دایكــی ئیمانداران(خوا لێی ڕازی بێت).

١- عائیشە خۆشەویسترین مرۆڤ بوو لە دڵی پێغەمبەردا(ﷺ):

عــن عمــرو بــن العــاص(رضي الله عنه) قــال: ((قلـت: يـا رسـول الله أيُ النـاس أحـبُ أليك؟ قـال: عائشة، قلـت: مـن الرجـال؟ قال أبوها...))الحديث[٢]

واتـــە: ئـــەی پێغەمبـــەری خـــوا خۆشەویسترین كـەس كێیـە لـەلای تـۆ؟ فــەرموی: عائیــشە، ووتم لــە پیــاوان؟ فەرموی: باوكی. واتە ئەبو بەكر(رضي الله عنه).

٢- عائیشە خێزانی پێغەمبەرە(ﷺ) لە بەهەشتیشدا:

عـن عائـشة(رضي الله عنها) أن جبريـل جاء بصورتها في خرقة حرير خـضراء إلى الـنبي(ﷺ) فقـال: ((إن هـذه زوجتـك في الدنيا و الآخرة))[٣]

واتە: جبریل وێنەی عائیشەی هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە ناو پارچە پەڕۆیـەكی حـــەریری ســـەوزدا و ووتـــی بـــە پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئافرەتە خێزانی تۆیە لە دونیا و دواڕۆژدا لە بەهەشت.

٣- چاكێتی عائیشە بەسـەر هـەموو ئافرەتانـــەوە وەك چـــاكێتی (تریتـــی مەرەگـەی گۆشـت) وایـە بەسـەر هـەموو خواردنەكانەوە:

قال رسـول الله(ﷺ): ((فـضل عائـشة علـى النـساء كفـضل الثريـد علـى سـائر الطعام))[٤] .

[٢] صحيح البخاري رقم: (٤٣٥٨) و صحيح مـسلم رقـم: (٢٣٨٤) و صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٨٨٥).
[٣] صحيح سنن الترمذي رقم: ٣٨٨٠).
[٤] صحيح البخاري رقم: (٣٧٦٩) و صحيح مـسلم رقـم: (٢٤٤٦) و و صحيح سنن الترمذي رقم: ٣٨٨٧).

٤- جبريل (عليه السلام) به تايبەتی سەلامی لە عائشە كردووە:

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: قال لي رسول الله(ﷺ): ((إن جبريل يقرأ عليكِ السلام)) قالت: قلت: و عليه السلام و رحمة الله و بركاته.(٥)

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی عائشە جبريل سەلامت لێ دەكات، منيش ووتم: سەلام و ڕەحمەت و بەرەكاتی خوای لەسەر بێت.

٥- هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر بيانويستايە ديارييەك ببەن بۆ پێغەمبەر(ﷺ) چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەيان دەكرد كە پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی عائيشە بوايە ئەنجا بۆيان دەهێنا.

عن عائشة(رضي الله عنها) قالت: ((كان الناس يتحرون بهداياهم يوم عائشة...))(٦)

واتە: خەڵك بە دوای ڕۆژەكەی عائيشەدا دەگەڕان بۆ ئەوەی دياريەكانيان لەو ڕۆژەدا بهێنن بۆ پێغەمبەر(ﷺ).

ئەمەيش تەنها لەبەر گەورەيی و پلە بەرزی عائيشە بوو لە دڵی پێغەمبەردا(ﷺ).

(٥) صحيح البخاري رقم: (٣٧٦٨) و صحيح مسلم رقم: (٢٤٤٧) و صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٨٨٢).

(٦) صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٨٧٩).

***فراوانێتی زانستی عائيشە*** (﵂):

ئاماژەمان بۆ ئەوە كرد كە زانايانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت يەك دەنگن لە سەر ئەوەی كە عائيشەی دايكی ئيمانداران زاناترين ئافرەتە لە دونيا.(٧)

يەكێك لە زانا پايەبەرز و گەورەكانی (تابعی) كە ئيمامی (الزهری)ە دەفەرموێت: (لو جُمِعَ علمُ الناس كلهم، و أمهات المؤمنين، لكانت عائشة أوسعهم علماً).(٨)

واتە: ئەگەر زانستی هەمو خەڵكی كۆبكەيتەوە لەگەڵ زانستی هەموو خێزانەكانی پێغەمبەر(ﷺ)، پاشان بەراوردی بكەيت لەگەڵ زانستی عائيشەدا، ئەوا زانستی عائيشە لە زانستی هەموويان فراوانترە.

وە (عطاء) كە يەكێكە لە قوتابىيە بە ناوبانگەكانی (عبدالله ی كوڕی عباس) دەفەرموێت: ((كانت عائشة أفقه الناس و أعلمهم))(٩).

واتە: عائيشە زاناترين و تێگەيشتوترينی هەموو خەڵك بوو.

وە (أبو موسى الأشعرى) كە يەكێكە لە زانايانی صەحابە دەفەرموێت: ((ما أشكل علينا أصحاب رسول الله(ﷺ)

(٧) بروانة: ((سير أعلام النبلاء)) للذهبي (٢، ١٣٥).

(٨) سير أعلام النبلاء: (٢، ١٩٩).

(٩) سير أعلام النبلاء: (٢، ٢٠٠).

حـديث قـط، فـسألنا عائـشة، إلا وجـدنا عندها منه علماً))[١٠].

واتــە: ئێمــەی هــاوەڵانی پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) هــەر فەرموودەیــەك لــەلامان ڕوون نەبوایە، وە پرسیارمان لە عائیـشە بکردایە، ئیلا لەلای عائیـشە زانستێکمان دەســـت دەکـــەوت ســـەبارەت بـــەو فەرموودەیە.

وە (عــروەی کــوڕی الــزبیر) کــە خوشکەزای عائیشەیە دەفەرموێت: ((لقد صحبتُ عائشة فما رأيت احداً قـط كـان أعلم بآية نزلت، ولا بفريضة، و لا بسنة، و لا بشعر و لا أروى له ،و لا بيوم مـن أيـام العـرب، ولا بنـسب و لا بكـذا ولا كـذا، ولا بقضاء، ولا طب منها...))[١١]

واتە: بەڕاستی من هاوەڵێتیعائیـشەم کردووە، وە قەت نەمبینیوە هیچ کەسێك لــە عائیــشە زاناتربێــت ســەبارەت بــە: دابەزینی ئایـەتێك، فـەرزێك، سـوننەتێك، شـیعرێك لەگـەڵ گێڕانەوەیـدا، وە یـان سەبارەت بـە مێـژوی عـەرەب و ڕەگـەزی باوباپیران و یەکلاکردنەوەی کێشەکان و زانستی پزیشکیدا...

***ئــەو زانــستانەی کــە عائیــشە هەڵکەتوبو تیایاندا:***

عائیــشە دایکــی ئیمانــداران(ع) لــە مـاڵێکی ئـاین پـەروەر و دینـداردا چـاوی هەڵهێنا و لە دایك بوو، وەك خۆی بۆمـان دەگێڕێتــەوە و دەفــەرموێت: ((لم أعقـل أبوي إلا و هما يدينان الدين))[١٢]

واتــە:بــاوك ودایکــم هەســت پــێ نەکردووە ئیلا ئەوان دیندار بوون.

ئەنجا بوو بە خێزانێك لـە خێزانـەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کـە مـاڵی هـەر یـەکێکیان قوتابخانەیــەك بــوو بــۆ فێربــوون و فێرکردنی قورئان و سوننەت وەك خـوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَاذْكُرْنَ مَا يُتْلَى فِي بُيُوتِكُنَّ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ وَالْحِكْمَةِ﴾[١٣].

ئەمـەیش وایکـرد عائیـشە ببێـت بـە زانــاترین ئــافرەتی دونیــا لــە هــەموو بوارەکاندا شارەزا و زاناتر بێت لە هەموو ئافرەتانی دونیا[١٤] .

## ١-شـارەزایی عائیـشە سـەبارەت بـە قورئـان:

عائیشەی دایکـی ئیمانـداران(رضي الله عنها) هـەر لـە منداڵییـەوە لـە مەککـەدا کاتێك گـوێ بیـستی ئایەتـەکانی قورئـان دەبـوو لەبـەری دەکـرد و شـوێن و کـاتی

---

[١٠] صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٨٨٣).
[١١] سير أعلام النبلاء: (٢، ١٨٣)، و أنظر: (٢/ ١٩٧).
[١٢] صحيح البخاري رقم: (٣٩٠٥).
[١٣] سورة الأحزاب: (٣٤).
[١٤] بروانە کتێبی: ((دور المرأة في خدمة الحيدث في القـرون الثلاثة الأولى)) ص: (٤٦-٦٧).

دابەزینی ئایەتەکەیشی جوان ڕەوان و لەبەر دەکرد.

عن عائشة(رضي الله عنها ) قالت: ((لقد نزل بمكة على محمد(ﷺ) – و أني لجارية ألعب–: {بل الساعة موعدهم و الساعة أدهى و أمر}[١٥]، و ما نزلت البقرة و النساء إلا و أنا عنده))[١٦].

واتە : لە مەککەدا ئەم ئایەتە:

﴿بَلِ السَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَالسَّاعَةُ أَدْهَى وَأَمَرُّ﴾[17]

دابەزییە سەر پێغەمبەر(ﷺ) –لە کاتێکدا کە من کیژۆلەیەك بووم یاریم دەکرد– بەڵام هەردوو سورەتی (البقرة و النساء) دانەبەزی ئیلا من لە لای بووم.

ئەنجا پاش پێگەیشتنی گواسترایەوە بۆ ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیە ئامادەی دابەزینی زۆرێك لە قورئان بوو، چونکە تەنها لە ژێر جێگەی خەوتنی ئەودا نەبێت (وەحی) دانەبەزیوە بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) [١٨] جگە لە هەموو خێزانەکانی تری پێغەمبەر(ﷺ).

بۆیە دەبینین عائیشە(رضي الله عنها) لە فەرموودەیەکدا باسی سەرەتای دابەزینی (وەحی)مان بۆ دەکات کە

[١٥] سورة القمر: {٤٦}.

[١٦] صحيح البخاري رقم: (٤٨٧٦).

[17] {سورة القمر:٤٦}.

[١٧] جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((يا أم سلمة: لا تؤذيني في عائشة، فإنه ما أنزل علي الوحي، و أنا في لحاف امرأة منكن، غيرها)) صحيح سنن الترمذي رقم: (٣٨٧٩).

یەکەم جار (وەحی) لە شێوازی خەوبینیندا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دابەزییە خوارەوە، ئەنجا لە ئەشکەوتی (حراء)دا جبریل(علیه السلام)پێنج ئایەتی سەرەتای سورەتی (العلق)ی بۆ هێنایە خوارەوە لە مانگی ڕەمەزاندا:

[بسم الله الرحمن الرحيم: اقْرأْ بِاسمِ ربك الذي خلق [١] خلق الْأنسانَ من علق [٢] اقْرأْ وربك الْأكرم [٣] الذي علم بِالْقلم [٤] علم الْأنسانَ ما لم يعلم [٥]][١٩].

## ٢-شارەزایی عائیشە سەبارەت بە فەرموودە ( حديث ):

زانستی عائیشە(رضي الله عنها )بە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە فراوان و زۆرە بۆیە لەلای زانایانی فەرموودەناس (علماء الحديث) بە یەکێك لە (كبار المحدثين و حُفاظ السنة) ناسراوە، وە لە پلەی چوارەمدا دێت لە نێوان ئەو صەحابیانەی کە فەرموودەیەکی زۆریان گێڕاوەتەوە بەم شێوازەی خوارەوە[٢٠]:

١- أبو هريرة: (٥٣٧٤) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

٢- عبدالله بن عمر: (٢٦٣٠) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

٣- أنس بن مالك: (٢٢٨٦) فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

[١٨] صحيح البخاري رقم: (٣).

[١٩] بروانة: دور المرأة في خدمة الحديث ص: (٥٨-٥٩).

٤- عائـــشه: (٢٢١٠) فـــەرموودەی گێڕاوەتەوە.

بۆیـه فراوانێتـی زانـستی عائیـشه بـه فــەرموودەکانی پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) وایکردووە کە زۆرێك لە صەحابە لە کاتی گوماندا یان لە کـاتی تێنەگەیـشتنیان لـه فەرموودەیەك دەگەڕانـەوە بـۆلای دایکـه عائیــشه بــۆ تێگەیــشتن و دەرکــەوتنی واتای زانستی فەرموودەکە.

قال أبـو موسـى الأشـعري(رضـي الله عنها): ((ما أشكل علينـا أصـحاب رسـول الله(ﷺ) حـديثٌ قـط، فـسألنا عائـشة، إلا وجدنا عندها منه علماً)).

واتــە:ئێمــەی هــاوەڵانی پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) هــەر فەرموودەیــەك لــەلامان ڕوون نەبوایە، وە پرسیارمان لە عائیـشه بکردایە، ئیلا لەلای عائیـشه زانستێکمان دەســـت دەکـــەوت ســـەبارەت بـــەو فەرموودەیە.

وە (أبو هريرة) (رضي الله عنها) کە لـه هەموو صەحابیەکان زیـاتر فـەموودەی لەبەر بوو، عادەتی وا بـوو لای ژورەکـەی عائیشه دادەنیشت لـه کـاتی گێڕانـەوەی فەرموودەدا بۆ خەڵك بۆ ئـەوەی عائیـشه بیبیستێت، ئەنجا دەیفەرموو بە عائیشه: ((يا صـاحبة الحجرة أتنكرين ممـا أقـول شيئاً؟))[٢١].

واتــە: ئــەی عائیــشه هــیچ لــەو فەرموودانــەی مــن ئینکــار دەکــەیت؟ ئەمەیش بەمەبەست تەئکید کردن لەسەر گێڕانەوەی فەرموودەکە بوو وەك خۆی.

وە جارێکیـــان (عبـــدالله)ی کـــوڕی (عمر)فەرموودەیەکی پێگەیشت لە (أبـو هريرة)ەوە کە باسی گـەورەیی پاداشـتی نوێژیجــەنازە و شــوێنکەوتنی جــەنازە دەکــات کــەوا دوو (قــیراط) پاداشــتی دەست دەکـەوێت هـەر کەسێك بیکـات، بــەڵام (عبــدالله) ئــەم فەرموودەیــەی نەبیستبوو لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بۆیە بۆ تأکیدکردن کەسێکی نارد بـۆلای عائیـشه بۆ ئـەوەی پرسـیاری لێ بکـات سـەبارەت بــەم فەرموودەیــەی (أبــو هریــرة)، عائیــشەیش فــەرمووی: ((صــدق أبــو هريرة))[٢٢].

وە (معاويـة)ی کـوڕی (أبـو سـفيان)( رضي الله عنهمـا) چـەندەها جـار خـەڵکی دەنارد یان نامەی دەنـاردبۆ عائیـشه بـه مەبەســت پرســیارکردن ســەبارەت بــه هەنــدێك حــوکمی شــەرعی یــان بــۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)[٢٣].

## ٣-شـارەزایی عـائیـشه سـەبـارەت بـه شەریعەت ( فقه ):

[٢٠] صحيح مسلم رقم: (٢٤٩٣).

[٢١] صحيح البخاري رقم: (١٣٢٣) و (١٣٢٤) و صـحيح مسلم رقم: (٩٤٥).

[٢٢] مسند الإمام أحمد رقم: (٢٤٩٧٨)، ((دور المـرأة)) ص: (٥٢).

عائیشه(رضي الله عنها) یەکێکه له زانا گەورە وپایە بەرزەکانی (فقـه) لـه نێـوان صەحابەدا، تا ئەو ئاستەی کـه وتـراوە: ((إن ربـع الأحكـام الـشرعية منقـول عنها))[٢٤]

واتـــه: چـــواریەکی ئەحکامـــه شـــەرعی‌یەکان لـــه عائیـــشەوە گواستراوەتەوە.

وە ئیمـامی(عطـاء) کـه یەکێکـه لـه گەورە قوتابی‌یەکانی (عبدالله بن عباس) دەفەرموێت: ((كانت عائشة أفقه الناس و أعلمهم).

واتـــه: عائیـــشە زانـــاترین تێگەیشتووترینی هەموو خەڵك بوو.

وە لە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) له سـەردەمی هـەردوو خەلیفـە (أبـو بکـر و عمر) ڕاستەوخۆ فتوای دەدا بۆ خەڵك[٢٥]

**٤-شـارەزایی عـائیـشه سـەبارەت بـه زانــستی پزیــشکی و شــیعر و مێــژوی عەرەب و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی:**

لـــه پێـــشەوە باسمـــان کـــرد کـــه چۆن(عروه بن الـزبیر) –کـه خوشـکەزای عائیـشەیە– باسـی فراوانێتـی زانـستی عائیـشەی بۆمـان کـرد لـه هـەموو ئـەم بوارانـەدا کـه لـه هـەموو خـەڵك زانـاتر و شارەزاتر بووە[٢٦]

***سـوربوونی عائیـشه لەسـەر تێگەیشتنی واتای فەرموودەکان(حرصها على فهم الأحاديث):***

هەرچەندە عائیشە (رضي الله عنـها) ئەو هەموو زانستە شەرعی‌یانەی لەلابوو، وە یـەکێك بـوو لـه زانـا بەناوبانگـەکانی نێوان صەحابە لە بواری فەرمودە ناسـی و فقه و فەتوادا، بـەڵام زۆر سـوریش بـوو لەسەر تێگەیشتنی فەرموودەیـەك ئەگـەر واتاکەی لەلا ڕوون نەبوایە.

عن أبن أبـي مليكـة قـال: ((إن عائـشة كانت لا تسمع شيئاً، لا تعرفـه إلا راجعـت فيه حتى تعرفه))[٢٧].

واتە: بەڕاسـتی عائیـشه هـەر شـتێکی ببیـستایەوە لێـی تێنەگەیـشتایه ئـیلا دەگـەڕا بـه دوایـدا هـەتا تێدەگەیـشت و دەیزانی.

قال الإمام الحـافظ أبـن حجـر في شـرح هذا الحديث: (و في الحـديث: مـا كـان عنـد عائـشة مـن الحـرص علـى تفهـم معـاني الحديث)[٢٨]

***قوتابی‌یەکانی عائیشه:***

---

[٢٣] فتح الباري: (١٧/٧).
[٢٤] سير أعلام النبلاء: (١٤٥/٢).

[٢٥] بروانة: ((دور المرأة في خدمة الحديث)) ص: (٥٣-٥٥).
[٢٦] صحيح البخاري رقم: (١٠٣).
[٢٧] فتح الباري: (٢٦٠/١).

یەکێك لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەر ئەم ئوممەتەی ئیسلامدا ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) عائیشەی لە تەمەنی(٩) نۆ ساڵیدا هێنا و بووبە خێزانی، وە کاتێکیش وەفاتی کرد تەمەنی(١٨) هەژدە ساڵ بوو، وە دوای هەموو خێزانەکانی پێغەمبەر(ﷺ)وەفاتی کردووە، وە عائیشە هەموو تەمەنی کە نزیك (٧٠) حەفتا ساڵ بوو لە پێناو گێڕانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و فتوادانداندا بەسەر برد.

بۆیە خەڵکێکی زۆرزۆر سودیان لە زانستی عائیشە بینیوە، جا ڕوویان لە عائیشە دەکرد وەك قوتابخانەیەك بۆ فێربوونی زانستە شەرعییەکان، وە زۆر ئاسان بوو بۆ گەورە و پچوکی پیاوان و ئافرەتانی صەحابە و شوێنکەوتوان (التابعون) کەوا چمکێك لە زانستی فراوانی عائیشە بەدەست بخەن.

وە ئەوانەی سودیان لە عائیشە بینیوە و فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە ئەمانەن:

⊥لە هاوەڵان: أبوبکر، عمر، عبدالله بن عمر، أبو هريرة،أبو موسى الأشعری، عبدالله بن عباس... هتد.

⊥لە شوێنکەوتوان: مسروق، الأسود بن يزيد، سعيد بن المسيب، الشعبي، مجاهد، عطاء، عکرمة، نافع، علقمة، ابن أبي مليكة، عمرة بنت عبدالرحمن...هتد.

⊥لە کەس و خزمانی: عروة بن الزبير، إبن أُختها أسماء، القاسم بن محمد بن أبي بكر إبن أخيها، عائشة بنت طلحة بنت أُختها... هتد[٢٩].

***لە قوتابییە هەڵکەوتووەکانی عائیشە:***

**١) عروة بن الزبير بن العوام (ت/٩٤ھ):**

ئەم قوتابییە خوشکەزای عائیشەیە و زۆر پەیوەست بووە بە عائیشەوە و بەردەوام لەگەڵیدا بووە، بۆیە خۆی بە تەنها (١٠٥٠) فەرموودەی لە عائیشەوە گێڕاوەتەوە لە کۆی هەموو ئەو فەرموودانەی کە دەیگێڕێتەوە کە (١٩٩٩)فەرموودەن، واتە نزیك نیوەی فەرموودەکانی لە عائیشەوە (عروە) دەیگێڕێتەوە[٣٠].

ئیمامی (الزهری) دەفەرموێت: ((كان عروة بحراً لا ينزف و يكدرهُ الدلاء))[٣١]

واتە: (عروة) دەریایەکە لە زانست سەتڵەکان ناتوانن کۆتایی پێبێنن و نایشتوانن لێڵی بکەن.

**٢) عمرة بنت عبدالرحمن:**

قال أبن حبان: (كانت من أعلم الناس بحديث عائشة) و قال أبن سعد: (كانت

[٢٨] بروانة: دور المرأة في خدماة الحديث ص: (٥٥-٥٦).
[٢٩] دور المرأة ص: (٦٤).
[٣٠] سير أعلام النبلاء: (٤٢٨/٤).

عالمة)، و كتب عمر بن عبد العزيز إلى أبي بكر بن حزم أن يكتب له أحاديث عمرة، و قال الزهري: (فأتيتها فوجدتها بحراً لا ينزف)[٣٢]

***∃عائيشەی کچی طە لحە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵك:***

ئیمامی (البخاری) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی ((الأدب المفرد)) ژمارە: (١١١٨) دەفەرموێت: (باب الكتابة إلى النساء و جوابهن)، پاشان فەرموودەکەی عائیشەی کچی طەلحە دەهێنێت لەم بارەوە، کە تیایدا هاتووە: ((خەڵکی لە شارەکانی ترەوە پرسیاری شەرعیان لە نامەدا دەنارد بۆ عائیشەی دایکی ئیمانداران و ئەویش بە عائیشەی کچی طەلحەی دەفەرموو: وەڵامیان بدەرەوە... ))[٣٣]

ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن عائیشە قوتابییەکانی ڕادەهێنا لەسەر فتوادان و ووەڵامدانەوەی پرسیاری خەڵك دوای پێگەیشتن و بەدەست خستنی زانستێکی زۆر لە زانستە پیرۆزەکانی قورئان و سوننە و بە تێگەیشتنی زانایانی سەلەف وە لە پێش هەموویانەوە زانایانی صەحابە وەك دایکە عائیشە کە زاناترین ئافرەتی دونیایە.

لە کۆتاییدا، داوا لە هەموو ئافرەت و خوشکێکی شوێن کەوتەی قورئان و سووننەت دەکەین کەوا عائیشەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن بە سەرمەشق و پێشەوای خۆیان لە هەموو بوارێکدا و بە تایبەت لە بواری زانستی شەرعیدا.

و السلام عليكم و رحمة الله و بركاته...

---

[٣١] دور المرأة ص: (٦٥)، و سير أعلام النبلاء: (٤/٥٠٧-٥٠٨) و طبقات ابن سعد: (٨/٤٨٤).

[٣٢] سلسلة الأحاديث الصحيحة: (١/٣٤٦).

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

ئامادەکردنی: مامۆستا خليل أحمد

بسم الله الحمن الرحيم

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی بابەتی فیقھ و حەدیس و ئەو شتانەی پەیوەندییان بەشەرعەوە ھەیە، لە ئامێز دەگرێت ، بە ویستی خوای گەورە لە ھەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بە نرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بەسوودی زانایانی متمانە پێکراو وسەرچاوەی زانستیی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران، ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:

**پ1/ ھەندێك لە خەڵکی پشت دەبەستن بە کتێبە فکری و ڕۆشنبیریەکانەوە و ھەندێکی لێ دەخوێننەوە، پاشان خۆیان بە زاناو بانگەوازکار لەقەڵەم ئەدەن، لەکاتێکدا لە زانستی شەرعیدا لاوازن و ھیچ لە کتێبە شەرعییەکانیان نەخوێندووە، کەوابوو ڕێنمایی بەڕێزتان چییە بۆ ئەم جۆرە کەسانە ؟**

وەڵام/ زانستی شەرعی بریتییە لەوەی خوای گەورە و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویانە، نەك فلاَن و فیسار ووتیان، پاشان ووتەی زانایان دێت کە فەرموودەی خوا و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم ) بۆ خەڵکی ڕوون دەکەنەوە، زانایان خوای گەورە لەناو بەندەکانیدا لەدوای پێغەمبەران کردوونی بە جێنشین، وەك دەفەرموویێت:﴿ شَهِدَ اللّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ ﴾ (ال عمران:18)

زانستی ڕاستەقینە بریتییە لە زانست بە خواو بە دینی خوا، ، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء ﴾ (فاطر:28)

ئەمانەش بریتین لە پێغەمبەران و شوێنکەوتووانیان، چاو ڕۆشن و خاوەن ئیمان و شوێنکەوتەی قەرئان و سوننەت، زانایانی موسوڵمان جێمشینی پێغەمبەرانن و تەنھا ئەوانن خوای گەورە بە خەڵك دەناسێنن و ئاینەکەی ڕۆشن دەکەنەوە، قوتابی عیلم نابێتە زانا و خاوەن زانیتی شەرعی مەگەر بەتێفکران و فێربوونی قورئان و حەدیس و وەرگرتنی زانستی شەرعی لە زانایانی ئەھلی سوننەت، کەوابوو ڕێگەی فێربوونی زانستی شەرعی بەوە دەبێت قوتابی عیلم:/ دەست بکات بە چاکەکاری و تێفکران و بیرکردنەوە و سوود وەرگرتن، وە ەبێت وەك کوسێکی سوود مەند موتاڵەعە بکات و بخوێنێتەوە، ئەبێت لە ھەموو کاتێکدا داخوازی عیلم بێت، بەردەوام ئەوەی لای ئاڵۆزە بیری لێ بکاتەوە ، لێی وورد ببێتەوە و لە کتێبە پشت پێبەستراوەکانی تەفسیر وەك تەفسیری(ابن كثير) و(البغوی)، جگە لەمانەش تەفسیری پشت پێبەستراوەی تر، وەبایەخ بدات بە کتێبەکانی حەدیس، وە زانستی شەرعی لەزانایان ئەھلی سوننەت و جەماعەت وەرگرێت ئەوانەی چاو ساغ و چاو ڕۆشنن، نەك زانایانی کەلام و بیدعەت، وە نەك لە نەزان و نەفامەکان، ئەو زانستەی لە قورئان و سوننەتدا نەبێت پێی ناوترێت زانست، بەڵکو بە نەفامی ناو دەبرێت، با لە دونیادا سود بەخشیش بێت، بەڵکو مەبەست ئەو زانستەیە لو ڕۆژی دواییدا سوودبەخش بێت، وە مرۆڤ لە نەزانی و نەفامی دەرکاو بەھۆیەوە لە

ئاینەكەی شارەزاو چاو ڕۆشن ببێت، وە ئەوەی خوای گەورە لەسەری واجب كردووەو ئەوەشی كە حەرامی كردووە بزانێت، ئا ئەمەیە زانستی شەرعی(وەڵامی (ابن باز))

**پ2/ هەندێك گەنج لەم سەردەمەدا كەمتەرخەمی و بایەخ و گوێنەدانیان بەفێر نەبوونی بیروباوەڕ لێ دەبینرێت، وە خۆیان بەشتانێكی لاوەكییەوە خەریكردوە، كەوابوو ئامۆژگاری بەڕێزتان چییە بۆ ئەو جۆرە كەسانە ؟**

وەڵام/ ئامۆژگاری گەنجان و جگە ئەوانیش لە موسوڵمانان دەكەم لە پێش هەموو شتێك بایەخ و گرنگی بە بیروباوەڕ بدەن چونكە بیروباوەڕ ئەو بنەمایەیە كە وەرگرتن و ڕەتكردنەوەی هەموو كردەوەكانی لەسەر بنیات دەنرێت گەر هاتوو بیرو باوەڕ ڕاستەقینەو دروست بوو، گونجاو بوو بەوەی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت هێناویانە، بەتایبەت كۆتای پێغەمبەران محمد (صلی الله علیه وسلم) هەموو كردەوەكان قەبووڵ دەكرێن گەر هات ە تەنها بە دڵسۆزی و بەپێی شەرعی خوا بێت، بەڵام گەر هات و بیرو باوەڕی مرۆڤی پوچەڵ یان گومڕا كە بنیات نرابێت لەسەر داب و نەریتی باب و باپیران یان شەخس پەرستی، ئەوە قەبوڵ ناكرێت و ڕەتدەكرێتەوە هەرچەندە دڵسۆز بێ ومەبەستی تەنها خوا بێت، چونكە خوای گەورە تەنها كردەوەیەك وەردەگرێت بەدڵسۆزی بۆ خوا كرا بێ و پوخت بێت (لەسەر سوننەت بێت)، هەركەس ئەیەوێت ڕزگار بێ و موسڵمانێكی ڕاستەقینە و كردەوەكانی قەبوڵ بێ، پێویستە بایەخ بە بیرو باوەڕی ڕاستەقینەو دژەكان و نەساز و كەمكەرەوەكانی بدات بۆ ئەوەی كردەوەكانی لەسەر بنیات بنێت ئەمەش تەنها بەفێربوونی ئەو بیروباوەڕە دەبێت لای زانایانی چاوڕۆشن و خاوەن زانستی كامڵ دەبێت ئەو زانایانەی ئەم بیروباوەڕەیان لە سەلەفی ئەم ئوممەتەوە وەرگرتووە خوای گەورە بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت: ﴿فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾ (محمد:19)

ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێ سەرباسێكی داناوە بەناوی ( العلم قبل القول و العمل ) لێرە ئەم ئایەت پیرۆزەی هێناوە (فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) (محمد:19)

ئەبینیت خوای گەورە یەكەمجار فەرمان بە زانستی شەرعی دەكات پێش وتەو كردەوە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَالْعَصْرِ (1) إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (2) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ (3)﴾

خوای گەورە سەلامەت بوونی لەو زیانە بەستوەتەوە بە چوار مەسەلەوە:

یەكەم: ئیمان ، واتە: بیر و باوەڕی ڕاستەقینە.

دووەم: كردەوەی چاك و وتەی چاك، كردەوە و وتەی چاكی (عطف) كردووە بەسەر ئیماندا ئەمەش لە جۆری (عطف الخاص علی العام ) چونكە كردەوە لە ئیمانە كەوابوو (عطف) كردنی بۆ بایەخ دانە بە كردەوە.

سێیەم: (وتواصوا بالحق) واتە: بانگەواز دەكەن بۆ خوا و فەرمان بە چاكە دەكەن و قەدەغەی خراپە دەكەن دوای ئەوەی كە بایەخیان بە خۆیاندا و ڕێگای ڕاستیان ناسی، بانگی خەڵكیشیان كرد بۆ ئەو

مەبەستە چونكو موسڵمان فەرمانی پێكراوە بانگەوازی خەڵك بكات بۆلای خوای گەورە و فەرمان بە چاكە و نەهی لە خراپە بكات.

چوارەم: (وتواصوا الصبر) ، واتە: ئارامگرتن لەسەر ئەو ماندووبوون و نارەحەتیانەی لەو رێگایەدا توشیان دەبێت، موسڵمان خۆشبەخت و كامەران نابێت تا ئەو چوار مەسەلەیە لە خۆیدا جێ بە جێ نەكات، بەلاّم گرنگی دان بە رۆشنبیری گشتی و بابەتی رۆژنامەگەری و وتەی خەڵك و ئەوەی لە جیهاندا روودەدات ئەمانە دوای جێ بە جێ كردنی عەقیدە دەین نۆرێتێ بەمەبەستی ناسینەوەی خێر لەشەر و وریا بوون لەوەی روودەدات لە خراپە و پروپاگەندە بەلاّم ئەمە دوای ئەوە دەبێت كە خۆی بە ئیمان بە خوای گەورە و ئیمان بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و خۆ رازاندنەوە بە زانستی شەرعی، بەلاّم ئەگەر بچێتە ناو بوارەكانی رۆشنبیری و كاری رۆژنامەگەری و سیاسەتەوە بەبێ زانستی شەرعی بە ئایین و عەقیدەكەی ئەم جۆرە كەسانە هیچ سودێك نابینن بەڵكو خەریك دەبن بە شتێكی بێ كەڵكەوە و ناتوانێت راستی و باتڵ لەیەك جیا بكاتەوە ، زۆر لەوانەی نەفامن بەم عەقیدەیە و بایەخیان بەم شتە لاوەكییانە داوە گومرابوون و خەڵكیشیان گومرا و سەرلێشێواو كردووە بە هۆی ئەوەی چاو رۆشنی و زانستی شەرعییان نییە تا بتوانن چاك و خراپ لێك جیا بكەنەوە و چۆن چارەسەری كێشەكان دەكرێت، بۆیە كەلێن و ناتەواوی و نەزانین لای زۆربەی خەڵك دروست دەبێت چونكە بەبێ ئەوەی شارەزاییان هەبێت بە عەقیدەكەیان وچاورۆشن بن دەستییان وەرداوەتە بوارەكانی رۆشنبیری و بوارەكانی سیاسەت، بۆیە دوا ئەنجام راستی بە باتڵ و نارەوا دەزانن و باتڵیش بە هەق و راستی (وەلاّمی شێخ صالح بن فوزان الفوزان).

**پ3/ هەندێك لە جوتیاران دەچنە لای كەسانێك بۆ ئەوەی نوشتەیان بۆ بنوسن لەكاغەزێكدا بۆ پاراستنی زەراعەتەكانیان بە راونان و دەرپەراندنی ئەو باڵندانەی بەزۆری لەسەر زەراعەتەكانیان دەنیشنەوە و زیانی پێ دەگەیەنن، حوكمی ئەم جۆرە كردەوەیە چییە؟**

وەلاّم: ئەم جۆرە كردەوە و كاغەز و نوسینە لە شەرعدا حەلاڵ نییە. چونكە ئەم كاغەزە ناتوانێت باڵندە و پەلەوەر لە زەراعەتەكان دور بخاتەوە نە لە واقیعدا دەتوانێت شتی وا بكات وە نەلە شەرعدا شتی وا هەیە ، هەر هۆكارێك بەهەستیارەكان یان بە شەرع زانراو نەبوو ئەوا بەكارهێنانی حەرامەو درووست نییە ئەو كردەوەیە ئەنجام بدەن، ئەتوانن بەرەنگاری ئەو جۆرە باڵندەیە بكەن كە زیان بە كشتوكاڵەكەیان دەگەیەنێت بەهۆی چەندین دەستەواژەی زانراو بۆ ئەم مەبەستە كە خەڵكی خۆیان دەیزانن نەك ئەم شتە كە هیچ جۆرە كارتێكردنێكی بە هەست و بە شەرع زانراو نییە.(وەلاّمی شێخ محمد بن صالح العثیمین :فتاوی العقیدە316).

===================

www.ba8.org
www.r-rast.com
www.salafikurd.com

1428 - 2007

# ژیاننامەی ئیمامی

# شافعی

## ڕەحمەتی خوای لێ بێت

ئامادەکردنی

مامۆستا خلیل أحمد

=========================================

لە بڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت

**www.ba8.org**

هەموو سایتێک دەتوانێ و ئازادە ئەم بابەتە بڵاوبکاتەوە بەبێ دەستکاری کردنی

1428 - 2007

سوپاس وستایش بۆخوا، درودوسلاو بۆسەرگیانی پێغەمبەر(ﷺ) وەبۆسەر گیانی کەس وکارو هاوەڵانی وشوێن کەوتوانی. بەڕاستی ناودارانی ئیسلام ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لەخزمەتکردن وهۆشیارکردنەوە وچاکسازی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، هەمووژیانیخۆیان تەرخان کردبوو بۆخزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاشناکردنی کۆمەڵانی خەڵك لەم ئاینە پیرۆزە،تەنهابە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ،دورلەهەوڵد ان بۆ دەسخستنی پلەوپایەی ژیانی دونیاو تێرکردنی بەرژەوەندی کەسی، جا خوێندن و زانینی ژیاننامەو ئەزمونی پرشنگداری هەریەك لەناودارانی ئیسلام گەلێك سود بەخش و بایەخدارە. بەتایبەت بۆئەوەی ببێتە دەرسێکی زیندو و واقیعی بۆئەمڕۆی ئێمەی شوێن کەوتوو ، هەروەهاژیاننامەی ناودارانی ئیسلام پاڵنەرێکی گرنگ و کاریگەرە، بۆچاولێکردن وخۆڕازاندنەوە بەوخووڕەوشتە بەرزانەی ئەوان هەڵیانگرتبوو ،لەبەرهەمووئەمانە دەچینە ناو گوڵزاری ژیاننامەی کەسایەتیەکی مەزن لە ناودارانی ئیسلام کە بریتیە لە ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوایلیٚ بیٚ.

## ناوو نەسەبی شافعی

شافعی ناوی :محەممەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عەبباسی کوڕی عوسمانی کوڕی شافع ی کوڕی (السائب)ی کوڕی عوبەیدی کوڕی عەبد یەزیدی کوڕی هاشم ی کوڕی (المطلب)ی کوڕی (عەبد مەنناف)ی باپیرە گەورەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)[1]، واتە پێشەوا شافعی بە نۆ پشت دەگاتە وە سەر (عەبدمەنناف) لێرەوە خزمایەتی نێوان شافعیو پێغەمبەری خوا(ﷺ) وقورەیشێتی شافعیمان بۆ دەر دەکەویٚ.

## شوێن وساڵی لە دایك بوونی

ئیمامی شافعی لە ساڵی (١٥٠ )یکۆچی بەرامبەر(٧٦٧ )یزاینی لەشاری غەززە لە فەلەستین لە دایك بووە، هەرلەو سەفەرەیدا دوای لەدایکبوونی شافعی بەماوەیەکی کەم مردوەو ونەگەڕاوەتەوە ، بۆیە شافعی بەهەژاری و بیٚ باوکی لای دایکی ژیاوەو گەورەبووە لەتەمەنی دووساڵیدا –دایکی _ژیروکارزان وتێگەیشتوویی –_ کۆرپە ساواکەی بردووەتەوە

[1] بڕوانە (تاریخ الاسلام )ی ئیمامی الذهبی ب ١٤ ل ٣٠٤ ،سیر اعلام النبلاء ب ١٠ ل ٥ الجرح والتعدیل ب ٧ ل ٢٠١ تهذیب الکمال ب ٦ ل ٢٠٩ البدایة والنهایة ب ٥ ل ٦٩١ هەروەها چەندین سەرچاوەی باوەڕ پێکراویتر.

بۆ شاری مەككە _شاری دێرینی باووباپیرانی شافعی[2]، شافعی هەر لەتەمەنی منداڵیدا پێش (باڵغ ) بوونی قورئانی پیرۆزی لە بەرکردووە، لەدوای دابەزین ونیشتەجێبوون لەمککە ،شافعی ئەوەی هەڵبژارد کەبچێتە دەرەوەی مەككە بۆناو هۆزە كانی تر لەدەرەوەی شاری مەككە ،لەمیانەی ئە م دەرچونەی لای هۆزی (هوزەیل) دابەزی ، ئەوهۆزەی کەوا ناوبانگی بەزمان پاراوێتی وڕەوانبیژی و ئەدەبزانی دەرکردبوو ،بۆیە (١٧ ) ساڵی تەواو لەناو ئەم هۆزەدا مایەو. لەئەنجامدا بووبە ئەدیب وزانایەکی گەورەو لێهاتوو لە بارەی زمان وڕەگەز ناسیدا

# ژیان وخوێندن و پێگەیشتنی

غەززە شوێنی لەدایك بوونی ئیمامی شافعی یە ، بەلاَم جێگای باب و باپیرانی شافعی نەبووە بەڵکو ئیدریسی باوکی بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك ڕۆیشتبوو بو ئیمامی شافعی بۆخۆی دەڵیَ (لەمەككە دەرچووم بۆناوهۆزەکانی تر لەدەرەوەی مەککە ،لای هۆزی(هذیل) دابەزیم ومامەوە لەگەڵیان دا ژیام بەمەبەستیفێربوونی زمان وئاخاوتنیان ، لەوکاتەدا (هذیل) لەهەموو هۆزەکانی عەرەب زمانپاراوو ڕەوانبێژتر بوون) لەمیانەیژیانبەسەربردن ومانەوەی لە (هذیل) دادەبەزی بۆشاریمەككە بەمەبەستی دەستخستنی زانستی شەرعی لای زانایان ،پاشان دەگەڕایەوە ناو (هذیل) بەم شێوەیە بەردەوام بوولەگەڕان بەدوای زانستی شەرعی و وەرگرتنیدا، لەم کاتەی کەواشافعی سەرقاڵی گەڕان بوو بەدوای زانستیشەرعیدا چاوی کەوت بەشێخ وموفتی حەرەمیمەككە (موسلیمی کوڕی خالیدی زەنجی )[3]، شایانیباسە شافعیسودێکی گەورەی لەوپێشەوایە وەرگرت بەردەوام بوو تاوای لێهات مۆڵەتیدا کەفتوابدات .پاشان ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوایلیَبیَ داوای لەمامۆستاكەی ( موسلیم )کرد کەنامەیەکی بۆبنوسێت بۆمالیکی کوڕی ئەنەس پێشەواو فەرمودەناسی مەدینەی شاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵیَ :ئەویش بۆی نوسی، ئیمامی شافعی بەڕێکەوت بۆ مەدینە تاگەیشتە لای ئیمامی مالیك ،ئەوەشمان لەیاد نەچیَ ئیمامی شافعی پێشوەخت کتێبی (موطا)ی دانراوی ئیمامی مالیکی لەبەرکردبوو کەتەمەنی (١٣

[2] تاریخ التشریح الاسلامی ل١٨٤.

[3] بڕوانە تاریخ التشریع الاسلامی ل ١٨٤.

)سالآن بوو بۆیە لەسەر داوای ئیمامی مالیك (موطا)ی خوێندەوە بەسەر ئیمامی مالیکدا بۆیە خوێندنەوەی ئیمامی شافعی لای ئیمامی مالیك زۆر سەرسوڕهێنەربوو.

ئیمامی شافعی لەسەرەتای دەستپێکردنی زانستی شەرعیدا فیقهی موسلیمی کوڕی خالیدو حەدیسی دووکەسایەتی مەزنی حیجازی بەدەستهێنا کەبریتی بوون لەسوفیانی کوڕی (عیینە )ی فەرمودەناسی مەککەو مالیکی کوڕی ئەنەسی فەرمودەناسی مەدینە ، لێرەدا بۆمان دەرکەوت ئەم دوو کەسایتیە بەمامۆستا گەورەکانی ئیمامی شافعی دادەنرێن.

بەلاّم وە نەبێ ئیمامی شافعی تەنها سوودی لەم دوو کەسایەتییە وەرگرتبێ وبەس، نا بەڵکو فقە وحەدیسی لە زۆر کەسانی ترەوە وەرگرتووە وەك(داوودی کوڕی عەبدولرحمان و عەبدولعەزیزی کوڕی ئەبو سەلەمەی ماجیشۆن و ئیبراهیمی کوڕی سەعدو محەممەدی کوڕی ئەلحەسەنی فەقیە و ئیسماعیلی کوڕی عُلیە و....کەسانێکی زۆری تر جگە لەمانە[٤]، بەلاّم پەیوەندی ئیمامی شافعی بە ئیمامی مالیکەوە پەیوەندیەکی پتەوو بەهێز بوو بۆیە مەقامی ئیمامی مالیك لەدڵی ئیمامی شافعیدا لە پێشەوەبوو.هەروەها کتیبێ(الموطا)ی مالیك لای شافعی پلە وپایە یە کیبەرزی هەبوو تەنانەت لەپاش قورئانی پیرۆز بەڕاسترین کتێبی حیسابدەکرد، بۆیە دەیگوت (لەگۆی زەویدا هیچ کتێبێك نیە لە (الموطأ) ڕاستی زیاترتێدا هەبێ)[٥]، واتە : صەحیح بێ، بۆیە هاوەڵێتی شافعی بۆ مالیك درێژەی خایاند تا ئەوکاتەی ئیمامی مالیك ڕەحمەتی خوای لێ بێ وەفاتی کرد لەساڵی(١٧٩)ی کۆچی ، ئەوکاتە تەمەنی شافعی (٢٩) ساڵبوو ، نزیکەی (٩) ساڵ لای مالیك مایەوە تابەیەکێ لەهاوەڵەکانی مالیك دادەنرا بەڵام دوای وەفاتی مالیك ، شافعی ناچار لەوێ نەمایەوەو ڕۆشت بو یەمەن ، شافعی خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆر نەبووە ، بۆیە دەگەڕا بەدوای کارێکدا پێی بژێت ، بۆ ئەم مەبەستە (مصعب)ی کوڕی عەبدوڵای (القرشی) قازی یەمەن یارمەتیدا بۆ ئەوەی لەیەمەن کارێکی بخاتە ژێردەست ، ئەنجامیش ئەوەبوو کارێکی پێسپارد وماوەیەکیش بەردەوام بوو لەسەری . ئەوەشمان لەیاد نەچێ شافعی لەیەمەنیش سودیلە( لیث)ی کوڕ سەعدی شەرعزانی میسر وئەوزاعی شەرعزانی شام وەرگرت. لەساڵی (١٨٤ )ی کۆچی ، ئەوکاتەی

---

4 بڕوانە تاریخ الاسلام ب ١٤ ل ٣٠٥.

5 بڕوانە اداب الشافعی ومناقبە ل ١٩٦ – ١٩٧.

(هارون)ئەلڕەشید خەلیفەی موسڵمانان بوو، شافعی تووشی مەینەت و تاقیکردنەوەیەکی قورس وگران کرا تۆمەتکرا بەوەی گوایە ڕەخنەی لەدەسەڵاتی عەبباسی‌یەکان گرتوەو شیعەگەرێتی دەکات[6].

بەم بۆنەیەوە ڕەوانەی بەغدادکرا بۆلای ئەلڕەشید،بەلاّم لەبەرئەوەی‌ئەم تۆمەتە لەڕاستیەوە دوور بوو شافعی ڕزگاری بوو نەك هەرئەوەش بەڵك و لەمیانەی ئەم ناردنە ی بۆبەغداد چاوی کەوت بەمحە ممەدی کوڕی ئەلحەسەنی شەیبانی ودوای ڕزگار بوونی لەومەینەتە .زانیارییەکی باشی لەو کەسایە تی‌یە وەرگرت وکتێبەکانی نوسییەوە، هەروەها چاوی‌کەوت بەوکتێبانە کەلە عێراقدا هەبوون و لەبابەتی فیقهەوە نوسراوبوون ،شافعی بەم هەوڵەی توانی زانیاریەکانی هەردوو قوتابخانە بەناو بانگە کەی ولاّتانی ئیسلام قوتابخانەی حەدیس لەحیجازو قوتابخانەی (را ی و قیاس) لە عێراقدا کۆ بکاتەوە . دوای ئەوەی شافعی لەومەینە تە قورسە ڕزگاری بوو زانیاریە کی گەورەی بەدەست هێنا ئەنجا گەڕایەوە بۆحیجاز ، تاماوەیەك لەشاری مەککە سوودی وەردەگرت ودەیگەیاند چو نکە مەککەجێگای بەیە کگەیشتنی زانایان بوولە هەموو هەرێمەکانەوە ، ئیمامی شافعیش تێکەلاّوی دەکردن ولێی دەردەگرتن ولێیان وەردەگرت مونازەرەشی لەگەڵ دەکردن بەم شیوە یە بەردەوام تا ئەوەی بۆ دروست بوو، جاری دووەم سەرداتەوە لە عێراق لە ساڵی (١٩٥)ی کۆچی ،بۆیە بەرێکەوت بۆ عێراق ،ئەم جارەیان جیاواز بوو لەویتر یان ئەمجارە کۆمەڵێ لەزانایانی عێراق سوودیان لێ‌وەرگرت، وەکو ئیمامی ئەحمەدوعەبدولڕحمانی کوڕی مەهدی، ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەیهی ئەڵێ (پێش هاتنی شافعی ئێمە ناسخ ومەنسوخ مان نەدەزانی شایانی باسە ئیمامی‌ئەحمەد زۆر پەیوەست بوو بە شافعی یەوە وبەنۆێکەرەوەی سەدەی دووەمی حساب دەکرد دەیفەرموو(یروی فی الحدیث ان الله یبعث راس کل سنة من یصحح لهذه الامة دینها فنزرنا فی المئة الاولی‌فازا هو عمر بن عبدالعزیز ونزرنا فی‌المئة الثانیة فنراة الشافعی)[7]. ئەم جارە محەممەدی کوڕی ئەلحەسەن وەفاتی کردبوو هەروەها (هارون) یش وەفاتی‌کردبوو ،شافعی ئەم جارەیان دووساڵ مایەوە پاشان جارێکی ترگەڕایەوە بۆحیجاز بەلاّم دەنگ

---

[6] تاريخ التشريع الاسلامى ل ١٨٤ – ١٨٥ .

[7] انظر : صفة الصفوة(٢/٢٥٠).

وباسی لەهەموو بەغدادا بڵاو بووبوەوە، زۆربەی زانایانیش شوێن بیرو ڕاکانی کەوتبوون . هەروەها بۆجاری سێیەم گەڕایەوە بۆعێراق چەند مانگێك مایەوە ئەنجا لەساڵی(١٩٩)ی کۆچی سەفەریکرد بۆمیسروله (فسطاط) بەمیوانی لای عەبدوڵڵای کوڕیعەبولحەکەم دابەزی.

لەوێ لەمزگەوتی (عەمری کوڕی عاص) دەستیکرد بە وتنەوەی وانەکانی فیقە وحەدیس بەیانیان دەستی دەکرد بە وتنەوەی قور ئان دوای ئەوەش حەدیس و پاشان موناقەشەو سەرنجدانی حوکمە فیقهیەکان هەروەها گرنگی ئەدا بەوتنەوەی زمانی عەرەبی کەدەستێکی بالای هەبوو تیایدا بەڵکو سەرچاوە بوو بۆ زمانی عەرەبی وەکو ٠٠ ئەبوعوبەیدەی ئەلقاسمی کوڕی سەلام ئەڵێ /شافعی یەکێ بوو لەوانەی زمانی لێ وەردەگیرا٠ هەروەها ئیبنو هیشام خاوەنی مەغازی ئەڵی٠ شافعی یەکێ بوو لەوانەی زمانی لێ وەردەگیرا ، لە میسر تواناکانی شافعی دەرکەوت و هەموو کتێبە تازەکانی بە قوتابیەیە میسریەکان خوێندەوە ئەمەش پێی دەگوترێ مەزهەبی میسر یان مەزهەبی تازەی شافعی رەحمەتی خوای لێ بێ.

## مشتێك لە خەرواری سیفاتەکانی شافعی

**خۆبەکەم** زانین وتەسلیم بوونی بۆ حەق، ڕەبیعی کوڕی سولەیمان دەڵێ (گوێم لە شافعی بوو گوتی : پێم خۆشە خەڵکی ئەم زانستەی من — واتە کتێبەکانی— فێربن و بیزانن بۆ ئەوەی هیچ لەوانە نیسبەت نەدرێت بۆ لای من و بەناوی منەوە نەبێ، هەروەها ڕەبیع دەڵێ ٠٠ لە شافعیم بیست دەیگوت: موناقەشەی هیچ کەسێکم نەکردووە بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەریدا بەڵکو تەنها بەمەبەستی دەرخستنی ئەو حەقەی پێمە[8] لەکاتێکدا شافعی وەکو هیچ کەسێکی تر نەبووە لەمونازەرە کردندا کەزۆر بەهێز بووە لەو بوارەدا وەکو محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولحەکەم ئەڵێ : هیج کەسێکم نەبینیوە شافعی مونازەرەی لەگەڵ بکات ئیللا بەزەیم بەو کەسەدا هاتوەتەوە[9]، هەروەها ئەڵێ ٠ گەربببینیت ئەوکاتەی

---

[8] سیر اعلام النبلاء ب ١٠ ل ٢٩.

[9] تأریخ الاسلام ب ١٤ ل ٣١٧.

شافعی مونازەرە دەکات وادەزانی شێرێکەوپەلاماری خواردن دەدات ئەوبوو خەڵکی فێری بەڵگەو بەڵگە خوازی کرد[10]

## عیبادەت وشەونوێژی شافعی

ڕەبیعەی کوڕی سولەیمان ئەڵێ : شافعی شەوگاری کردبوو بە سێ بەشەوە سێیەکی یەکەمی دەینوسی ، بەشی دووەمی نوێژی دەکرد ،بەشیسێیەمی دەخەوت . ئیمامی (الذهبی) ئەڵێ :هەرسێ کردارەکەی لە گەڵ مەبەستدا عیبادەت و پەرستشە بۆخوا .

## سەخاوەتی شافعی

ئەبوو (ثور) ئەڵێ کەم جار شافعی شتی لای خۆی ئەهێشتەوە لەبەرچاوتێری عەمری کوڕی سەوواد ئەڵێ :شافعی سەخیترین مرۆڤە بۆدینارودرهەم وخۆراك بەخشین ، شافعی پێی ووتم : لەژیانمدا سێجار ئیفلاسم کردووە ،تەنانەت کەم و زۆری ماڵی خۆمم فرۆشتووە تەنانەت خشڵی خێزان و کچەکەشم وەهەرگیز ڕەهنم نەکردووە، ڕەبیع ئەڵێ :لایشافعی ووتم ژنم هێناوە ئەویش پرسیاری لێکردم گوتی چەندت کردوە بەمارەیی منیش گوتم (٣٠)دینار، شەش دینارم پێشەکی داوە کەئەمەی بیست (٢٤) دیناری پێشکەش کردم بۆتەواو کردنی ئەو مەبلەغە . ڕەبیع ئەڵێ :کابرایەك نامەیەکی دا بەشافعی تیایدا نوسرا بوو ، من کابرایەکی سەوزە فرۆشم تەنها یەك درهەمم هەیە ژنیشم مارە کردووە جایارمەتیم بدە ئەویش لەوەڵامدا گوتی ڕەبیع (٣٠) دینارم پێبدە و داوای گەردن ئازادی لێبکە بۆم. منیش گوتم ئەم کابرایە تەنها (١٠) درهەمی بەسە گوتی (ویحك) ئەوەی بدەرێ .

## شایەتی وستایشی زانایان لەسەر ئیمامی شافعی

حارسی کوڕی سورەیج ئەڵێ : گوێم لە یەحیای کوڕی (القطان) بوو دەیگوت (من بەتایبەت پاڕانەوە لای خوا بۆ شافعیدەکەم)، ئەبووبەکری خەللاد ئەڵێ:من لەپاش نوێژەکانم پاڕانەوە لای خوا بۆشافعی دەکەم، مەیمونی ئەڵێ: گوێم لێبوو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەیگوت شەش کەس هەن لەسەحەردا دۆعایان بۆدەکەم یەك لەوانە شافعییە.

(ابو ثور) ئەڵێعەبدولڕحمانی کوڕی مەهدی پێی گوتم هیچ نوێژێك ناکەم ئیللا لە نوێژەکەمدا لەخوا دەپاڕێمەوە بۆشافعی .

---

[10] تأريخ الاسلام ب١٤ ل٣١٧.

فەزڵی کوڕی زیاد : گوێم لێ بوو ئەحمەد دە یگود(هیچ کەس نیـیە پێنـوس ومەرەکـەبی بەدەستەوە گرتبێ ئیللا شافعی مننەتی لەگەردنی ئەو کەسەدا هەیە.

## بیروباوەڕی شافعی

ڕەبیع ئەڵێ گوێم لێ بو شافعی دەیگوت: باوەڕ بریتیە لە ووتەو کردەوە، زیاد دەکاو کەم دەبێ. شێخی ئیسلام عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی یوسف ی هەکاری لە کتێبی (عقیدە الشافعي) دا ئەڵی (یونسی کوڕی عەبدولئەعلا ئەڵێ: شافعی پرسیاری لێ کرا دەربارەی سیفاتی خوا و ئەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی، بیستم لیێ گوتی خوای گەورە چە ندین ناو و سیفاتی هەیە لە قورئاندا هاتووە،هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) هەواڵی ئەوەی ئوممەتەکەی ڕاگەیاندووە کەوابوو کەسێ بەڵگەی پێگەیشتبێ بۆی نیە ڕەت یکاتەوە قورئان باسی ناووسیفەتەکانی کردووە.هەروەها لەپێغەمبەریشەوە (ﷺ) سەلمێنراوە ،کەسێدوای سەلماندنی بەڵگە موخالەفەی بکات ئەوا بێ باوەڕ دەبێ بەڵام پێش سەلماندنی ئەوە بیانوی هەیە چونکە نازانێ و زانیاری پێنیە ، چونکەزانیاری دەربارەی ناوسیفەتەکان تەنها بەژیری پەیپێنابرێ، بەبیر کردنەوەو تیاڕامان بەدەست نایەت ئێمە هیچ کەس تەکفیر ناکەین کەزانیاری لەوبابەتە نەبێت، مەگەرکەسێ بەڵگەیپێبگات، ئێمەئەم سیفەتانە دەسەلمێنین ونەفی لەیەکچون لەخوادەکەین وەکوخوای گەورە سەلماندن ونەفیکردووە وەك دەفەرمووێت : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾[11] .

دەربارەی قورئانی پیرۆز (البويطي) ئەڵێ گوێم لێ بوو شافعی دەیگوت :خوای گەورە بەووشەی(کن )دروستکراوەکانیبەدیهێناوە ئەگەربێت و(کن) دروستکراوبێت واتە دروستکراوێك بەدروستکراوێکیتر بەدی هاتوە واتە قورئان کەلامی خوایەوە ومەخلوق نیە[12] بینینی خوا بۆئیمانداران لەبەهەشتدا، شافعی خوای لێ ڕازی بێت لە تەفسیری ئایەتی.

﴿كَلَّا إِنَّهُمْ عَن رَّبِّهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّمَحْجُوبُونَ﴾[13] .

---

[11] {سورة الشورى:١١}.

[12] انظر : حلية الاولياء (١١١/٩).

[13] {سورة المطففين:١٥}.

ئەڵێ ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەموسڵمانان (دۆستەکانی خوا)لەڕۆژی قیامەتدا (واتە لەبەهەشتدا خوا دەبینن.

هاوەڵان وچوار خەلیفەکە باشترین خەڵك لەدوای پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم ئەبوبەکرە پاشان عومەر پاشان عوسمان پاشان عەلی خوا لەهەمویان رازی بێت ،خوای گەورە مەدحی هاوەڵەکانی پێغەمبەری (ﷺ) لە قورئاندا کردووە،هەروەها پێغەمبەریش (ﷺ) فەزڵی بێ وێنەیی‌وگەورەیی ئەوانی بۆ باس کردووین[١٤]

## شافعی و ئەهلی کەلام

موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی ترمذیی ئەڵێ (ابوثور) وحوسێنی کوڕی عەلی کەڕابیسی گوتیان : گوێمان لێ بوو شافعی دەیگوت حوکمی من بەرامبەر بە ئەهلی کەلام ئەوەیە بە(سەعەف)ی دارخورما لێبدرێن وبەسواری ووشتربەناو خەڵکدا بۆپەند بسوڕێنرێنەوە و پێیان بگوترێ ئەمە تۆڵەی وازهێنانتانە لەقورئان وسونەت)[١٥]، ڕەبیع ئەڵێ‌شافعی گوتی:

گەربێتو ئینسان بگاتەوە بەخوا بە هەر تاوانێکەوە بێ تەنها شیرك نەبێ ئاسانترە لەوەی بگاتەوەلای‌خواوهەندێ بیدعەی ئەنجام دابێ[١٦].

## شافعی و کارکردن بەحەدیس

عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی ئەحمەد ئەڵێ :گوێم لەباوکم بوودەیگوت شافعی ووتوویەتی :ئێوە لەحەدیسەدا لەئێمە شارەزاترن ئەگەر حەدیسی صەحیح شارەزا بوون هەواڵم پێبدەن تابەدوایدا بڕۆم لەکوفەبێ یان لەبەسرەبێ‌یان لەشام[١٧].

(حەرمەلە) دەڵێ :شافعی ووتویەتی :ئەوەی کەمن ووتومە و پێچەوانەی حەدیسی صەحیحی پێغەمبەرە، ئەوەحەدیس لەپێشترە وتەقلیدی من مەکەن[١٨].

ڕەبیع ئەڵێ گوێم لێ بووشافعی دەیگووت :ئەگەرلەکتێبەکەمدا شتێکتان بینی خیلافی سوننەتی پیغەمبەربوو ئێوەکاربەسوننەتەکە بکەن و ئەوەی‌من ووتومە وازی‌لێبێنن[١٩].

---

[14] مناقب الشافعی (٤٣٣/١).

[15] سیراعلام النبلاء (٣٩/١٠).

[16] سیر اعلام النبلاء (١٦/١٠) تاریخ الاسلام (٣٣١/١٤).

[17] سیراعلام النبلاء (٣٣/١٠).

[18] سیر اعلام النبلا ء (٣٣/١٠).

ڕەبیع ئەڵیٚ پیاویٚك گووتی ئەی (ئەبوو عبداللـه ) كاربـە حـەدیس دەكـەی گـویٚم لیٚبـوو گووتی:هەركاتیٚك حەدیسیٚكی صەحیحم لەپیٚغەمبـەرەوە ڕیوایـەت كردوكـارم پیٚنـەكرد ئـەوا ئیٚوە شایەت بن من عەقلم نەماوە . ئەلحومەیدی ئەڵیٚڕۆژیٚكیان شافعی حەدیسیٚكی ڕیوایـەت كـرد،منـیش گـوتم :ئایـا كاریپیٚدەكـەی ؟ئـەویش گـوتی(ئایامنـت لەكلیٚـسادا بینیـوە بیٚمـە دەرەوە یان پشتویٚنی گاورت بەپشتمەوە بینیوە ؟گویٚم لەحەدیسی پیٚغەمبـەربیٚوكاری پـیٚ نەكەم !،(ابوثـور) ئـەڵیٚ شـافعی ئـەڵیٚ : هەرمەسـەلەیەك حەدیـسی صـەحیحی لای زانایـانی حەدیس لەسەر هاتبیٚ بەپیٚچەوانەی ئەوەی من ووتومە ئـەوا مـن لیٚـی پەشـیمانم لەژیانمـدابیٚ یان پاش مردنم )[٢٠]، هـەروەها ئـەڵیٚ(كاتیٚـك كەسـیٚك لەئـەهلی حـەدیس ئـەبینم وەكـو وابـیٚ كەسـیٚك لـەهاوەلآنی پیٚغەمبـەر ببیـنم خواپاداشـتی خیٚریـان بداتـەوە بنـچینەكەیان بۆمـان پاراستوە بۆیە فەزڵیان بەسەرمانەوەهەیە )[٢١]، شافعی وحەدیسی ئاحادشافعی ئەڵیٚ(لـەبواری حەدیسدا حەدیسی تەنها پیاویٚك یان تەنها ژنیٚك وەردەگرم بەلآم لە شایەتیدا بەتەنها یەكیٚك لەوانە وەرنـاگرم لەحەدیـسدا (حـدثني فـلان عـن فـلان) وەردەگـرم بـەلآم لەشـایەتیدا تـەنها (سمعـت ) یـان (اشـهدنی ) وەردەگـرم بازنــەی وەرگرتنــی حەدیــسی ئاحــاد لای شــافعی فـراوانترە– وەكـو بـە راوردیٚـك لەگـەلٚ پیٚـشەوایانی تـردا – ئیبنولعـەرەبی ئـەڵی (ئەگـەر حەدیسی ئاحاد دژ بە بناغەیەك لەبناغەكانی شەرع بوەستیٚت ئەبوو حەنیفە بەڕەوای نابینیٚ ئەوحەدیسە كاری پیٚبكریٚت بەلآم شافعی بەڕەوای دەبینیٚ)[٢٢].

## بنچینەكانی مەزهەبی شافعی

ئەساسی مەزهەبی شافعی ڕەحمەتی خوای لیٚبـیٚ لـەكتیٚبی (الرسـالة) دا نوسـراوەتەوە ، شافعی (ظاهر)ی قورئان بەبەڵگە دادەنیٚ تـاوەكو بەڵگەیـەك ڕاسـتبیٚتەوە و ئـەوە بگەیـەنیٚت كە(ظاهر) ی ئایەتەكەی مەبەسـت نییـە– بەڵگـەی قورئـانی و پـیرۆز وسـوننەتی صـەحیحی پیٚغەمبەر– ، شافعی دیفاعیٚكی بەردەوام و نـەبڕاوەی كـردووە لەسـەر كـاركردن بەحەدیـسی ئاحـاد بەمـەرجیٚك ڕیوایـەتكاری حەدیـسەكەمتمانە پـیٚ كـراو و (ظـابط) بیٚوحەدیـسەكەش

[19] سیراعلام النبلاء (٣٤/١٠).

[20] اعلام الموقعین (٣٦٣/٢).

[21] اعلام الموقعین (٣٦٣/٢).

[22] انظر : مناهج الاجتهاد (ص١٦٣).

(متصل) بی تادەگاتە پیٚغەمبەر بەبیٚ ئەومەرجانەی ئیمامی مالیك و ئـەهلی عیٚـراق داياننـاوە بۆ وەرگرتنی حەدیس .

ئەم دیفاعەش بووە هۆ كاریٚك بۆ خۆشەویست كردنی شافعی‌لای ئەهلی حەدیس تەنانەت زانایانی بەغدا پیٚیان دەگوت (ناصر السنة) شافعی چۆن دەیڕوانیـە قورئـان بەوشـیٚوەیەش دەیڕوانیە حەدیسی صەحیح، وای دەبینی كەهەردوك واجبە كاریـان پـیٚ بكـریٚ ئـەنجا دوای قورئان وسوننەت كاری بەئیجماع دەكرد واتاكەشی لای شافعی ئەوەیە

(ئەوكەسەی كاربە ئیجماع دەكـات زانیـاری بـەبوونی جیـاوازی لەوبابەتـەدا نـەبیٚ) ئـەنجا شافعی ئەگەر لەبابەتیٚكدا (دەقی) قورئان وسوننەتی دەستنەكەوتایە كـاری بـەقیاس دەكـرد بەمەرجیٚك ئەصلیٚكی هەبوایە لەقورئان و سـوننەتدا، شـافعی ئیستحـسان و ئیستیـصلاّح) ی رەتكردوەتەوەو كاری پیٚ نەكردوە[٢٣] .

## شافعی وشیعرو ڕەوانبیٚژی

(ئیبن وهیشام) ئەلیٚ زۆر لەگەلٚ شافعی پیٚكەوە دادەنیشتین بەهیچ شیٚوەیەك هەلّەیـەكم لەزمانی عەرەبیدا لـیٚ نـەبینیوە[٢٤]، ئەحمـەدی كـوڕی ئـەبو سـورەیجی ڕازی ئـەلیٚ (كەسـیٚكم نەبینیوە قسەزانتر و زمانپاراوتر بیٚ لە شافعی)[٢٥]،

زوبەیری كوڕی بەككار ئەلیٚ(شیعر)ی هذیل و بەسەرهاتی ئەو هۆزەم لـە (مـصعب)ی كـوڕی عەبدولّاوە وەرگرتووە ئەویش لەشافعی یەوە وەریگرتبوو)، شایانی باسـە شـافعی لـەبواری شیعردا خاوەنی دیوانیٚكی شیعری یە بەناوی (دیـوان الامـام الـشافعی) كۆكردنـەوەی (محمـد عفیـف الـزعبی) هـەروەها ئـیبن وغـانم ی حـافیزی حـەدیس ئـەلیٚ (شـیعرەكانی شـافعیم كۆكردوەتەوە لە دیوانیٚكدا. بەلاّم تائیٚستا كۆكراوەی یەكەم لەبەردەستی خۆماندایە.

[23] انظر : تأريخ التشريع الاسلامي(ص١٨٦).

[24] انظر : سير أعلام النبلاء (١٠/٤٩).

[25] انظر : سير أعلام النبلاء (١٠/٤٩).

## هەندیّ لە شيعرە بەنرخەكانی شافعی

## ليّبوردەيی وڕەوشت جوانی

إذا سبني ندل تزايدت رفعة وماالعيب إلا أن اكون مسببه
ولولم تكن نفسي علي عزيز لمكنتها من كل نذل تحاربه
ولوأنني أسعى لنفعي وجدتني كثيرالتواني للذي أنا طالبه
ولكني أسعى لأنفع صاحبي وعارعلى الشبعان إن جاع صاحبه
يخاطبني السفيه بكل قبح فأكره أن أكون له مجيبا
يزيد سفاهة فأزيد حلما كعود زاده الاحراق طيبا
اذا نطق السفيه فلا تجبه فخير من إجابته السكوت
فان كلمته فرجت عنه وإن خليته كمدا يموت[٢٦]
يا من يعانق دنيا لابقاء لها يمسي ويصبح في دنياه سفارا
هلا تركت لذي الدنيا معانقة حتى تعانق في الفردوس ابكارا
إن كنت تبغي جنات الخلد تسكنها فينبغي لك ان لاتامن النارا

## دەربارە ی باشترين زانست

كل العلوم سوى القران مشغلة إلا الحديث وعلم الفقه في الدين
العلم ماكان فيه قال حدثنا وما سوى ذاك وسواس الشياطين[٢٧]

هەروەها چەندين پارچە شيعری تەڕ وناسكی تر، بەحەقيقەت شافعی خاوەن توانايەكی شيعری زۆر بەهيّز بووە، بەلاّم خۆی بەئەنقەست شيعری نەوتووە بەلّكو خۆی بەشرعزانی و زانستە شەرعيەكانەوە خەريك دەكرد، وەكو ئەلّیّ :

ولولا الشعر بالعلماء يزري لكنت اليوم اشعر من لبيد[٢٨] .

---

26 انظر : ديوان الامام الشافعي (ص٢٢).

27 انظر : ديوان الشافعي (ص٨٨).

28 انظر : ديوان الشافعي (ص٣٩).

## وتەكانی شافعی

یونسی سەدەفی ئەڵێ:شافعی پێی ووتم: لیس إلیالسلامة من الناس سبیل فانظر الذي فیه صلَاحك فالزمه[29].

شافعی دەڵێ : ضیاع العالم أن یكون بلا إخوان وضیاع الجاهل قلة عقله واضـیع منهمـا من واخی من لاعقل له[30].

هەروەها دەڵێ : آلات الریاسة خمس : صدق اللهجة ،وكتمان السر والوفاء بالعهـد، وابتـداء النصیحة ، واداء الامانة[31]،

یونسی كوڕی عه بدولئەعلا دەڵێ: گویم لێبوو شافعی دەیگوت:ئەی یونس :الانقباض عن الناس مكسبة للعداوة والانبساط الیهم مجلبة لقرناء السوء فكـن بـین المنقـبض والمنبـسط[32]، هەروەها دەڵێ :(علیكم باصحاب الحدیث فانهم اكثر جوابا من غیرهم)[33].

ئەگەر بمانەوێ یەك بەیەكی ووتەكانی شافعی لێرەدا تۆمار بكەین ئەوا بێگومـان نـاتوانین چونكه قسەكانی هەمو پڕ له حیكمەت وئامۆژگـاری وزانـستن ، بۆیـە قایـل دەبـین بەمانـەی كەباسكران ومشتێك نمونەی خەروارێكە.

## نەخۆشی و مردنی شافعی رەحمەتی خوای لیٚ بیٚ

شافعی له میسر له درێژەی ئـەو چوارسـاڵەی لـە میـسردا مایـەوە توشـی نەخۆشـیبوو ، لەماڵدا دەمایەوە و لەسەرجێگا دەكەوت قوتابییەكی بەناوبانگی بـەناوی (المزنـی) ڕۆژێكیـان ڕۆشت بۆلای و چوە ژورەوە و پێی گوت ئەمرۆ چۆنی شافعیش گوتـی:

أصبحت من الدنیا راحلا وللاخواني مفارقا

و لكأس المنیة شاربا وعلى الله جل ذكره واردا

ولا والله ما أدري روحي تصیر الى الجنة فأهنئها او الى النار فاعزیها

---

29 انظر : سیر اعلام النبلاء (١٠/٤٢).

30 انظر : سیر اعلام النبلاء (١٠/٤٢).

31 انظر : سیر اعلام النبلاء (١٠/٤٨).

32 انظر : سیر اعلام النبلاء (١٠/٨٩).

33 انظر : توالي التأسیس (ص١١٠).

ثم بكى وأنشا :

ولما قسا قلبي وضاقت مذاهبي جعلت الرجا مني لعفوك سلما

تعاظمت ذنبي فلما قرنته بعفوك ربي كان عفوك اعظما

ومازالت ذاعفو عن الذنبي لم تزل تجود وتعفو منه وتكرما[٣٤].

شافعی لە شەوی جومعەی رۆژی کۆتایی مانگی رەجەبی ساڵی (٢٠٤) ی کۆچی بەرامبەر (١٩ ی) کانوونی دووە می ساڵی (٨٢٠) ی زاینی کۆچی دوایی کردووە رەحمەتی خوای لیٚ بیٚ ،مردنی شافعی لەوەرزی زستانابووە ولە رۆژی جومعە نیٚژراوەو (٥٤ ) ساڵ تەمەنی کردووە تەرمەکەی بەسەرشان بەریٚخراوە لە(فسطاط) ەوە تاوەکو گۆرستانی ( بنو زهرة) بەگۆرستانی (ابن عبد الحكم) بەناوبانگە، ئابەم شیٚوەیە ئەستیٚرەی پرشنگداری شافعی لەم دونیایەدا ئاوابوو بەلاٚم چەندین روناکی و دانایی سودبەخشی کەم ویٚنەی بۆ بەجیٚ هیٚشتوین، رەحمەتی خوای لیٚ بیٚ و خوا پاداشتی خیٚری بداتەوە .

خویٚنەری بەریٚزم ئەمە کورتەیەك بوو لەژیاننامەی مامۆستای شەرعزان و یەکیٚك لەناودارانی ئیسلام (شافعی) بۆ هەموو لایەکمان دەرکەوت کە شافعی چ جۆرە بیرۆباوەرو خوورەوشت و زانستیٚکی هەبووە هەروەها هەلوٚیستی شافعیمان بۆ رون بووەوە دەربارەی کارکردن بە حەدیس.

وە هەڵگرانی حەدیس لای شافعی چ ریٚزو حورمەتیٚکیان هەبوو لەگەڵ چەندین راوبۆچونی دروستی تر کە لەم کورتەیەدا تۆمار کراوە .

==================================

## سەرچاوەکان


١ –سير اعلام النبلاء /الذهبي

٢ –تاريخ الاسلام /الذهبي

٣–توالي التاسيس /ابن حجر

٤–البداية والنهاية/ابن كثير

٥–تهذيب الكمال/المزي

٦– الجرح والتعديل/لابن ابي حاتم

٧–مناهج الاجتهاد/محمد سلام

٨–ديوان الشافعي

٩– تاريخ التشريع الاسلامي/الخضري.

١٠–مجمل اعتقاد ائمة السلف/ د. عبدالكريم التركي


[34] صفوة الصفة (١٤٦/٢).